دیداری نێودەوڵەتی

نێودەوڵەتی

# دیداری نێودەوڵەتی

# عادیلەخان

## سیمبولی پێشەنگیی ژنی کورد

مۆنۆمێنتی
هەڵەبجە
11/4/2019

دیداری نێودەوڵەتی

# عادیلە خانم

## سیمبولی پێشەنگیی ژنی کورد

هەواڵنامەی کتێب

سەنتەری هاوبەشیی لوڕ

بەچاودێری بەڕێز (لاهور شێخ جەنگی)

دیداری نێودەوڵەتی عادیلە خانم

ڕێکدەخات

مۆنۆمێنتی

هەڵەبجە

11/4/2019

هەواڵنامەی کتێب

دیداری نێودەوڵەتی عادیلە خانم

هەواڵنامەی کتێب

سەرپەرشتیاری گشتی دیداری نێودەوڵەتی عادیلە خانم:

سیروان جەلال

ڕێکخستن و پێداچوونەوەی: یاسین عومەر

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

# پێڕست

سیمبوڵی پێشەنگی ژنی کورد.......................................................................7
سەردەمی فەرمانڕەوایی عادیلە خانم؛ لەکێشمەکێشی سیاسیی
ئینگلیزو شێخ مەحموودی حەفیدا.......................................................................8
پێگەی ژنی کورد لەسەرچاوە مێژووییەکاندا
(عادیلە خانم بە نموونە).......................................................................20
تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەڕۆڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی (عادیلە خان)دا «١٨٥٩-١٩٢٤»
توێژینەوەیەکی زانستیی و شیکارییە.......................................................................28
عادیلە خانم وەکو دایک.......................................................................40
ئەحمەد موختاربەگی جاف.......................................................................46
عیزەت بەگی جاف.......................................................................47
ڕەچەڵەکی عادیلەخانم و هەڵوێستی تورکەکان لەبەرامبەرهاوسەرگیری
لەگەڵ عوسمان پاشای جافدا.......................................................................48
لە بارەی خانمەوە.......................................................................66
دەقئاوێزان لەشیعری کوردیدا
شیعرەکانی «ئەحمەد موختاربەگی جاف و تاهیربەگی جاف» بە نموونە.......................................................................70
بەهای ژن لەشیعرەکانی تاهیربەگی جاف-دا.......................................................................82
ڕۆڵی واتا لە بەرجەستەکردنی بیردا
«ئەحمەد موختارجاف بە نموونە».......................................................................88
ئەزموونداریتی لە بەکۆدکردنی شیعردا.......................................................................98
چەند سەرگوزشتەیەکی خانمی وەسمان پاشای جاف.......................................................................112

هەواڵنامەی کتێب

# سیمبولی پێشەنگیی ژنی کورد



سیروان جەلال*

کورد وەک میللەتێکی بێ دەوڵەت و کوردستانیش وەک زەمینێکی داگیرو دابەشکراو، بە درێژایی مێژووی خۆی لە هەوڵ و کۆشش و خەبات و تێکۆشاندا بووە، هەموو ڕێگا شیاوەکانی بەرخودان و بەرگریکردن و خەباتی پیادە کردووە، لە پێناوی بەدیهێنانی مافەڕەواکانی خۆی، لە هەر قۆناغە و بە جۆرێک ئەرکە لەمێژینەییەکانی خۆی بەجێهێناوە، لەم دیرۆکە دورودرێژەشدا، چەندین ڕووداو و کارەسات و شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕابەر و سەرکردە و کەسایەتی هەڵکەوتوو هەن لە بوارە جیاجیاکاندا، شایستەی هەڵوێستە لەسەرکردنن، بە ئامانجی ئەوەی، خوێندنەوەی زانستی و بابەتیانە بۆ دۆخەکە و قۆناغەکە و ڕووداوەکان و سەرکردە و پێشەنگ و ڕابەر و تێکۆشەرەکانی بکرێت، چ بۆ ئەوەی بە نەوەکانی تازەمانیان بناسێنین و چ بە مەبەستی ئەوەی سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرین، هەوڵبدەین هەڵەکانیان دووبارە نەکەینەوە و کردار و ڕەفتارە باشەکانیان درێژە پێ بدەین، بە خوێندنەوەیەکی نوێوە لەو ڕابردووە پڕ هەوراز و نشێوە بنوارین و ئیلهامبەخشی ئێستا و ئایندەمان بێت...

عادیلەخانم وەک ژنێکی هەڵکەوتوو لە سەردەمێکی دواکەوتوودا، فەرماندار و خانەدان و خاوەن بڕیار و قسەڕۆشتوو و گوێلێگیراو و خاوەننفوز و بڕیاردەربووە لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا، دەکرێت وەک ژنێکی فەرمانڕەوا و خانەدانی کورد تەماشابکرێت، دەشکرێت عادیلە خانم وەک سیمبولی پێشەنگیی ژنی کورد لێی بڕوانین، هەروەهاش دەشێت وەک هەر سەرکردە و بڕیاربەدەست و پێشڕەوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوکمڕانێک، بخرێتە ژێر وردبینی لێتوێژینەوە و قسەلەسەرکردن، ڕەخنەی لێبگیرێت و دەستنیشانی هەڵە و کەموکوڕیەکانی بکرێت بە مەبەستی کەڵک لێوەرگرتنیان بۆ ئێستا و ئایندەشمان، هەروەک دەشبێت لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری و ڕچەشکێنی عادیلەخانم، وەک ژنێکی نموونەیی لە ڕابردووی میللەتەکەماندا تێی ڕابمێنین.

لەم سۆنگەیەشەوە ئێمە لە (سەنتەری هاوبەشیی لوڕ)، بیرمان لەوە کردەوە، ئەم دیدارە نێودەوڵەتییە ڕێکبخەین بۆ عادیلەخانم، خێزانی عوسمان پاشای جاف و دایکی و هەردوو شاعیری مەزن: تاهیربەگی جاف و ئەحمەد موختاربەگی جاف، کە دوو ئەستێرەی درەوشاوەن لە ئاسمانی زمان و ئەدەب و شیعری کوردییدا، هاوکات لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر جوگرافیای هەڵەبجە و شارەزوور و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەودەمانە و بارودۆخی باشووری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستەکردنێکی وردتر لەسەر قەڵەم و شیعر و بەرهەمەکانی کەڵە شاعیران تاهیر بەگی جاف و ئەحمەد موختاربەگی جاف بکەین، دەرفەت بڕەخسێنین بۆ پسپۆڕانی بواری مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی کە بە توێژینەوە زانستی و ئەکادیمیەکانیان، بابەتیانە خوێندنەوە بۆ قۆناغەکە و جێگە و پێگەی عادیلەخانم و خانەوادەکەی بکەن...

ئومێدەوارین لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەماندا سەرکەوتوو بووبین، لانیکەم توانیبێتمان خزمەتێک بە مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی بکەین. ئەڵبەتە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە و ڕێکخستنی ئەم یدارە ڕوومان لە چەند لایەک کرد، بێوەڵام ماینەوە، تا سەرنجام، بەوپەڕی ڕێز و سوپاسەوە بەڕێزکاک لاهووری شێخ جەنگی، ئەرکی تەواوی تێچووی دیدارەکەی لە ئەستۆ گرت، کە جێی خۆیەتی بە ناوی سەنتەری هاوبەشیی لوڕ و لیژنەی باڵای (دیداری نێودەوڵەتی عادیلەخانم)ەوە سوپاسی بکەین و هیوای پشتیوانیی و هاوکاریی زیاتری لێ دەخوازین، نمونەیان زۆربێت. هیوادارین ئێوەش بە گەورەیی خۆتان لە کەموکووڕییەکانمان بمانبوورن.

* سەرپەرشتیاری گشتی دیداری نێودەوڵەتی عادیلەخانم

# سەردەمی فەرمانڕەوایی عادیلە خانم؛ لە کێشمەکێشی سیاسیی ئینگلیز و شێخ مەحموودی حەفیددا



د. حەسەن کەریم جاف

هەواڵنامەی کتێب

١٩٤٣ لە قەزای کەلار لە دایک بووە
بەکالۆریۆسی مێژوو، زانکۆی بەغداد، ١٩٦٦
ماجستێری مێژوو، زانکۆی تاران، ١٩٧٠
دکتۆرا لە ژیاری ئیسلامیی، زانکۆی تاران، ١٩٧٤
وانەبێژ و مامۆستا و سەرۆکی بەش بووە لە زانکۆکانی بەغداد و سەلاحەدین
سەرپەرشتی و گفتوگۆی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای کردووە
هەر چوار زمانی: کوردی، عەرەبی، فارسیی و ئینگلیزیی دەزانێت
ئەندامی یەکێتیی مێژوونووسانی عەرەب-ە و ڕاوێژکاری زانستیی چەندین دەزگا و گۆڤاری ئەدەبیی و زانستیی بووە
نووسەر و وەرگێڕی چەندین بەرهەمی مێژوویی و ئەدەبییە

نرخی ناسینی عادیلەخانم و رۆڵی کۆمەلایەتی و کارگێڕیی و سیاسی ئەو لەوەدایە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و هەتا دوا رۆژی ئەو سەدەیەدا؛ ژنان تەنانەت لەئەورووپاش مافی دیاریکراویان بە خۆیانەوە نەدیبوو، لەکاتێکدا ئەو لەسەری سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدا بوو.

فەیلەسووفی فەرەنسی جان جاك رۆسۆ-کە بیروباوەڕی وردی رێگەی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی خۆش کرد- لەکاتێکی درەنگی وەك ناوەندی سەدەی هەژدەدا دەیگوت: «ئەرکی ئافرەتان لەهەموو چەرخ و رۆژگارێکدا بریتییە لەهەوڵ و تەقەللا بۆئەوەی بە دڵی پیاوبن، خزمەتی بکەن و شایەنی خۆشەویستیی و رێزی بن، ئافرەت بۆ ئەوە درووست بووە پابەندی پیاو بێت. بۆیە نابێت گوێ بداتە هەڵەکانی مێردەکەی و سکاڵایان لەدەست بکات.» بە لای رۆسۆوە هیچ پێویست نییە کچ زوو بخرێتە بەرخوێندن.

تەنانەت شۆڕشی مەزنی فەرەنسەیش کە لەمێژووی جیهان و بە تایبەتی لەمێژووی ئەورووپادا کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری، مافێکی ئەوتۆی بۆ ژنان دیاری نەکرد. ناپلیۆنیش کە بە داکۆکیکەری مافی ژنان دادەنرێت؛ لەیادداشتەکانیدا کە لە«سانت هیلانە» نووسیونی بەم جۆرە دەربارەی ژن دەدوێ: «بۆیە ژنم بە پیاو بەخشی تا بە بەری بێنێت، هەروەکو چۆن داری بەردار موڵکی باخەوانە، ژنیش موڵکی پیاوە».

ئۆگەست کۆنت «Comte»؛ فەیلەسووفی فەرەنسی، «١٧٩٨-١٨٥٧»؛ دەیوت: «نایەکسانیی ئافرەت لەکۆمەڵدا کارێکی رەوایە، چونکە سرووشت لەشی ئەوی لاواز درووست کردووە.»

لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەوڵاتە رۆژئاواییەکان و بە تایبەتیش لەئەڵمانیا، تیۆریی «سێ کافەکە» باوی بوو کە لەپیتی هەر سێ وشەی ئەڵمانی: «Kriche»، «Kuche» و «kinder»ەوە وەرگیرابوو کە بە مانای: کڵێسە، موبەق و منداڵ دەهاتن... لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەو باوەڕەدا بوون خوا تەنیا ئافرەتی بۆ سێ کار درووست کردووە: نوێژ و رۆژوو، چێشتلێنان و پەروەردەکردنی منداڵ.

هیتلەر؛ لەساڵانی سی سەدەی بیستدا ویستی گیان بکاتەوە بە بەری ئەم تیۆرییەدا، ساڵی ١٩٣٣ کاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست؛ کەوتە سەندنەوەی زۆربەی ئەو مافانەی تا ئەو دەمە ئافرەتانی ئەڵمانیا بە رەنجی شان و خەباتی بێوچانیان پێی گەیشتبوون، هیتلەر نیازی بوو ئافرەتان بکاتەوە بە دایەن و چێشتلێنەری ماڵ و کارەکەری کڵێسا«١».

لەکاتێکدا ئەمە بارودۆخی مافی ژنان بووبێ لەو سەردەمانەدا کە باسمان کرد؛ ئەی رۆژهەڵاتی موسڵمانەتی ئەبێ چۆن بووبێ؟ بێگومان ژنان لەساکارترین مافی مرۆڤایەتی بێبەش بوون و لەچوارچێوەی دیواری ماڵدا زنجیری نەریتی کۆنەپەرەستانەی کۆمەڵایەتی بە دەست و پێیانەوە ئاڵابوو«٢».

لەسەرەتای چەرخی بیستەم و لەکوردستانی باشوور و بە دیاریکراویش لەناوچەی هەڵەبجە و شارەزووردا؛ کەڵەئافرەتێکی وەکو عادیلەخانم هەڵکەوێت کە دەم لەسیاسەت و شارستانییەت بدات؛ جێی شانازییە بۆ ئەو میللەتەی لەداوێنیدا پەروەرداندوویەتی.

بەندە لەگەڵ مامۆستا عادل سدیق-دا هاوبۆچوونم کە لێکۆڵینەوەی ژیانی خانمێکی لەو شێوەیە لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا؛ کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە لەگەڵ خۆیدا بۆ زۆر لایەن و بابەتی دیکە پەلکێشت دەکات، کە بە شێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندییان بەوەوە هەیە، جگە لەوە، لەلایەکەوە نەبوونی یاخود کەمی زانیاریی لەبەشێکی زۆر لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی دوو دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە و لەلایەکی ترەوە بەردەستنەبوونی بەڵگەنامەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی -کە پشکی شێری لەتێکرای تەمەنی ئەم خانمە

بردووە- بە دەگمەن نەبێ تا ئێستا نەکەوتوونەتە بەردەست، لەکاتێکدا ئەم ناوچەیە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، سەرکردەکانی عەشیرەتی جاف کاروباری ئەم ناوچەیەیان بەڕێوە بردووە و هەتا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە لەم ناوچەیەدا لەگەڵ تووركەكان هەرلەكێشە و ململانێدا بوون.

هیچ بەڵگەیەکی عوسمانی دەربارەی عادیلەخانم وهەندێك لایەنی ژیانی، وەكوناساندنی پشتەکانی و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی و سەرەتای هاتنی بۆ هەڵەبجە ناکەوێتە بەرچاو«٣»، بەڵام زۆربەی نووسەران لەسەرئەوبۆچوونە كۆكن، كە عادیلەخانم کچی عەبدولقادر بەگی کوڕی حەمید بەگی کوڕی مەحموود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقیرانە، بەڵام هێشتا یەکلا نەبۆتەوە کە ئایا بنەماڵەکەی دەگەڕێنەوە سەر ئەردەڵانییەکان یاخود ساحێبقرانییەکان«٤» و لەسەری دایکیشیەوە ئەم جیاوازییە جێگای مشتومڕە«٥». لەحەقیقەتدا دایکی عادیلەخانم دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی «وەکیل»، عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی؛ ساڵی ١٩١٨، لەسەردەمی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی عوسمانیی و بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ لەشاری هەڵەبجە لەماڵی عادیلەخانمدا ماوەتەوە و میوانی ئەوان بووە و لەتۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەی خۆیدا بەم شێوەیە باسی لەڕەچەڵەکی ئەوخانمەی کردووە: «لەبەر ئەوەی عادیلەخانم لەبنەماڵەی «وەکیل الملك سەنەندجییە»؛ ڕێکوپێکیی و ماڵ و سفرە و خوانی ئەو وەکو گەورەکانی ئێران بوو و هیچی لەعوسمانییەکان نەدەچوو.»«٦»

عادیلەخانم: چ لەدەورەی عوسمانییەکان و چ لەو دەورەیەی ئینگلیزەکان کوردستانیان داگیرکرد؛ گەورەترین ڕۆڵی هەبووە، هەر لەم قۆناغەدا بوو کە دەوڵەتی بەریتانیا نازناوی «خان بەهادوور خان»ی پێ بەخشیوە و ئەمەش دەقی فەرمانەکەیە کە لەکاتی خۆیدا بە زمانی فارسی نووسراوە:

**ئیدارەی فەرمانڕەوای موڵکی گشتیی عێراق- بەغداد «٢٢/ئاب/١٩١٩»**

**فەرمان**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بۆ حکوومەتی بەریتانیا ڕوون کراوەتەوە، خاتوونی شکۆمەند و وەجاغزادە و ڕێزدار «عادیلەخانم» خێزانی خوالێخۆشبوو «وەسمان پاشا» گۆڕەکەی پڕ بێت لەنوور، لەماوەی ساڵانی ڕابوردودا بەوپەڕی لێبڕاویی و چالاکانە خەریکی سەرکەوتن و پێشکەوتنی گشتیی و چاودێری بەردەوامی سەقامگیریی باری ئارامیی و ئاسایش بووە و هێشتا لەچارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیی و دووبەرەکییە جۆراوجۆرەکانی نێوان خەڵك و دانیشتووانی هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەریدا لەهەوڵ و تێکۆشاندایە. لەکاتی دەستگرتن و باڵادەستیی ئەفسەرەکانی دەوڵەتی شکۆمەند بەسەر باشووری کوردستاندا؛ ئاگربەستێکی نوێ لەئارادا بووە و خاتوونی ناوبراو هیممەتێکی گەورەی سەبارەت بە ئیدارە و کاروباری پێویست و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی نواند، بە تایبەت دەربارەی فەرمانڕەوا سیاسییەکان کە لەلایەن دەوڵەتی شکۆمەندەوە بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کرابوون شێلگیرانە و بە نەرمونیانیی چاودێریان بووە، هەر بۆیە گەورە و شکۆدار؛ فەرماندەی سوپای داگیرکەر، بەوپەڕی خۆشەویستیی و پێزانینەوە مەدالیایەکی بەخشراو بە پلەی «خان بەهادوور»ی بە خاتوونی ئاماژەپێکراو بەخشی.

لفتننت کرنل ئەی تی وڵسن

AT.Wilson

قایمقامی فەرمانڕەوای موڵکی گشتی عێراق

هەر نووسەرێك بیەوێت سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەردەمی عادیلەخانم وسەرگوزشتەی ئەوژنە بنووسێت؛ ناچارە ڕۆڵی کاریگەری مەحموود پاشا لەوسەردەمەدا بخاتەڕووو بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییەوە زانیارییەکانی پووچ و بێ مایە دەدرێنە قەڵەم.

دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەستبەسەراگرتنی هەموو عەشائیرە کوردەکان و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی؛ لەشکری سوارەی حەمیدییەی دامەزراند هەتا بە هۆی ئەم هۆزەوە بەرەنگاری بزووتنەوەی نەتەوەیی میللەتەکانی ژێر دەسەڵاتی بکا، بە تایبەتی بزووتنەوەی کوردەکان خۆیان«٧».

زۆربەی عەشائیرە گەورەکانی کوردستان لەنموونەی: پشدەر، هەمەوەند، جاف و عەشائیری ناوچەی بەدلیس؛ پشتیوانی دروستبوونی ئەم تەشکیلاتی حەمیدییەیە نەبوون، بەڵام «سوڵتان عەبدولحەمید» لەهەوڵی ئەوەدا بوو هەیبەت و زەبروزەنگی دەوڵەتەکەی ببووژێنێتەوە وبچەسپێنێت و سووپاکەی بەهێز بکات و چاوی دەپۆشی لەوەزعی وڵاتەکەی کە هەتا دەهات زیاتر بەرەو شڵەقین و شڵۆقی دەڕۆیشت، هەرپاش دامەزراندنی حەمیدییە بە ساڵێك، پشێویی لەسەر سنووری ئێران و عوسمانی دەستی پێکرد، هۆزی جاف لەعێراقدا ئەو ئاشووبەی هەڵگیرساند و مەحموود پاشای جاف، سەرۆکی هۆزەکە لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لەدووبەرەکییدا بوو و دانووی لەگەڵیاندا نەدەکوڵا.«٨»

دەوڵەتی عوسمانی لەدەسەڵاتی بەربڵاوی مەحموود پاشا لەباشووری کوردستان نارەحەت و نیگەران بووە، بە تایبەت دوژمنانی دەسەڵاتی مەحموود پاشا، هەمیشە ڕاپۆرتیان دژی ناوبراو گەیاندووەتە حکوومەتی عوسمانیی و کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە بە دوای هەلێکدا گەڕاون بتوانن مەحموود پاشا لەقایمقامی هەڵەبجە وسەرۆکایەتی عێلی جاف بخەن و لەناوچەکەی خۆی دووری بخەنەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیازە، فەریق نامیق پاشا لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە ڕادەسپێردرێت و دەنێردرێت بۆ کوردستان، بەو بیانووەی لێکۆڵینەوە بکات کە ئاخۆ ئەو هەموو ڕاپۆرتەی لەدژی مەحموود پاشا دەگەنە ئەستەمبووڵ ڕاستن یان درۆن. فەریق نامیق پاشا، دەگاتە هەڵەبجە و دەبێتە میوانی مەحموود پاشا، مەحموود پاشا چاك زانیبووی بۆچی هاتووە و ئەم سەفەرەی بێ مەبەست نییە، لەبەر ئەوە وەکو کەسایەتییەکی خاوەن عیززەتی نەفس، هیچ جۆرە بایەخێك بە نامیق پاش نادات، پشتگوێی دەخات و وەکو میوانێکی سادە لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە.

وەسمان پاشا -کە لەگەڵ مەحموود پاشای برایدا لەسەر دەسەڵات ناکۆك بوون-، خۆی و عادیلەخانی هاوسەری ئەم هەلەدەقۆزنەوە و لەنامیق پاشا نزیك دەبنەوە، میوانداریيەکی پڕ شکۆی بۆ دەکەن، ئێجگارڕێزی لێ دەنێن و کاتێکیش دەگەڕێتەوە بۆ پایتەخت هەزار لیرەی ئاڵتوونی دەدەنێ، نامیق پاشا دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ڕاپۆرتێکی زۆر توندوتیژ لەدژی مەحموود پاشا بۆسوڵتان عەبدولحەمید دەنێرێت و هەرچی خراپە دەربارەی مەحموود پاشا دەینووسێت و دەڵێت مەحموود پاشا نیازی دەربارەی سوڵتان خراپە و لەگەڵ دوژمنانی ئەمن و ئاسایشی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا هاوبەش ودەستتێکەڵە، دیوەخانەکەی بووە بە جێگای ئەو کوردانەی دژی ڕێبازی خەلافەتن... پاش ئەم ڕاپۆرتە، ساڵی «١٨٨٨-١٨٨٩» فەرمان لەسوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەردەچێت کە وەسمان پاشا ببێتە قایمقامی هەڵەبجە وهەرئەویش سەرۆکایەتی عەشیرەتی جاف بکات، مەحموود پاشاش دەکرێتە موتەسەڕیفی «ئورفە» و لەگەڵ بوون بە موتەسەڕیفدا نازناوی «بێگلەربێگی»یشی دەدرێتێ«٩».

ئەم پلەوپایە و نازناوبەخشینە، لەبەر خۆشویستنی مەحموود پاشا نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بووە لەناوچەکە دووری بخەنەوە، چونکە دەیانزانی بیرو فیکری کوردایەتی لەسەردایە«١٠» و لەو خولیایەدا بووە کە قەوارەیەك بۆ کورد پێك بێنێت، لەو بارەیەوە پیرەمێرد دەڵێت: «هەر سەبارەت بە کورد وئەوکۆنگرانەی بۆدەستخستنی مەوجودییەتێك بۆی بەستراون، کۆوبونەوە گەورەکەی کەناری زەڵم و هەوڵی مەردانەی مەحموود پاشا دێتەوە بیر.»«١١».

مەحموود پاشا زۆر باش دەیزانی باوکی بە پیلانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی وقاجاریی کوژراوە، بۆیە هەر کاتێك بۆی لوواێ دژیان وەستاوەتەوە، ئەوانیش هەمیشە لەخەیاڵی ئەوەدا بوون دەسەڵاتی کەم بکەنەوە و لەناو هۆزەکەیدا لاوازی بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیان داوە ناکۆکییەکی زۆر بخەنە نێوان خۆی و براکانی، بە تایبەتی نێوانی ئەوو وەسمان پاشا کە دوو ساڵ لەو بچوکتر بوو، کۆشاون لەڕێی وەسمان پاشا و عادیلەخانمی هاوسەریەوە سەرۆك تیرەکانی عێلی جافی لێ دوور بخەنەوە«١٢».

وەسمان پاشا، لەساڵی ١٨٨٩وە بوو بە قایمقامی هەڵەبجە و لەهەمان کاتدا سەرۆکی هۆزی جافیشی ڕادەست کرا، ماوەی بیست ساڵ هەر دوو پۆستەکەی بەڕێوە برد. عادیلەخانم، هەل و دەرەفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا شانبەشانی مێردەکەی«١٣» بەشداریی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاروبای کارگێڕیی ئەو ناوچەیە بکات. بەشێك لەکاروبارەکانی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی هەڵدەسووڕاند، جێگرو یاریدەرێکی باشی مێردەکەی بوو، بە تایبەتیی کە وەسمان پاشا بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروبارە حکوومییەکان گەشتی دەرەوەی هەڵەبجە و دوورکەوتنەوەی لەماڵ و عەشیرەت زۆر بووە، خانم بە بیر و فیکری خۆی هاوکارییەکی باشی هاوسەرەکەی دەکرد و دەورێکی باڵای لەبەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاروبارە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ناوچەکەدا هەبوو، هەر ئەم لێهاتووییەشی وای کرد لەناو هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکەدا ناوبانگێکی گەورە پەیدا بکات.

بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان؛ عادیلەخانم حوکمی مێردەکەی دەکرد و توانیبووی سەرنجی تەواوی بەگزادەکانی جاف و ئەندامانی عەشیرەتەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لەگەڵیاندا بە ژیریی و نەرمونیانیی و هەندێ جاریش -ئەگەر پێویستی بکردایە- بە توندیی لەگەڵیاندا دەجوولایەوە«١٤».

توورکەکان هەر لەبنەماوە هاوسەرگیریی وەسمان پاشا و عادیلەخانمیان بە دڵ نەبوو، ئاخر خواستنی ژنێك لەبنەماڵەیەکی ناوداری سنە -کە زیاتر لایەنگری فارسەکان بوون-، بە لای کاربەدەستانی توورکەوە، کارێکی ئێجگار نابەجێ بووە، هەر بۆیە بەرهەڵستییەکی توندیان کرد و لەهەوڵی پووچەڵکردنەوەیدا بوون، بەڵام هەموو هەوڵ و کۆششەکەیان لەو پێناوەدا بێ سوود و ئەنجام دەرچوو«١٥»، ڕەنگە ئەوگوێنەدانەی وەسمان پاشا بە هەڵوێستی توورکەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە عەشیرەتی جاف و بەتایبەتی بەگزادەکان، هەرگیز نەیانویستووە بچنە ژێر باری نەیارەکانیانەوە و ئەو نیمچە سەربەخۆییەی لەمێژوویەکی کۆنەوە هەیانبووە و لەپێناویدا قوربانیی و باجی زۆریان داوە؛ لەدەستی بدەن«١٦».

وەسمان پاشا ساڵی ١٩٠٩ مردو عادیلەخانم تەواوی دەسەڵاتەکانی هاوسەرکەی بە میرات بۆ مایەوە، خانم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵەبجەدا، بە وتەی مەیجەرسۆن؛ هەڵەبجەی لەگوندێکی وێرانەوە کردە شارۆچکەیەکی ڕازاوە، بە تایبەتیی بە درووستکردنی کۆشکی جوان و بەشکۆ لەسەر وێنەی کۆشکەکانی سنە، لەپاڵ دامەزراندنی دادگا، بەندیخانە، مزگەوت، قەیسەریی، باخ و باخاتێکی زۆریشی لەنێو شارو دەوروبەریدا درووست کرد«١٧».

ئەو ماوەیەی مەحموود پاشا لەئەستەمبووڵ دەستبەسەر بووە، عادیلەخانم خۆشی لەدەوڵەتی عوسمانی یاخی بوو؛ دەسەڵاتەکەی بە تایبەتیی لەناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور، ئێجگار پەرەی سەند و تاکە فەرمانڕەوای بەدەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بوو و تەنانەت لەسنە و دەورو بەریشیدا دەسەڵاتی دەڕۆیی، بە جۆرێك هەندێك لەعەشیرەتەکانی ئەو ناوچانەش خانمیان بە گەورە و لێپرسراوی خۆیان زانیوە«١٨».

لەململانێی نێوان سوڵتان عەبدولحەمید و ئیتیحاد و تەرەقییدا، مەحموود پاشا -کە لەسیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید ناڕەحەت بوو- لایەنگری ئیتیحاد و تەرەقیی بوو. هەر لەو کاتەدا،

بەشێکی زۆری سەرۆکهۆز و پیاوە ناسراوەکانی کورد، لەنموونەی بەدرخانییەکان، شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لایەنگر و هاوکاری حیزبی ئیتیحاد وتەرەقیی بوون، چونکە ئەم کەسایەتییانە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی لەململانێدا بوون، بە تایبەتی مەحموود پاشا لەگەڵ توورکە عوسمانییەکاندا دانوویان بە یەکەوە نەدەکوڵا«١٩».

کاتێك سیاسەتی حیزبی ئیتیحیادو تەرەقیی سەبارەت بەو میللەتانەی لەژێر ئاڵای دەوڵەتی عوسمانیدا بوون گۆڕا و کەوتنە هەوڵدان بۆ بەتوورککردنیان و دەستیان دایە زوڵم وزۆرداریيەکی بێ وێنە بەرامبەر نەتەوە غەیرە توورکەکان، سەرەنجام ئەو نەتەوانەش جموجۆڵێکی زۆریان دژ بە عوسمانییەکان دەستپێکرد.

مەحموود پاشای جاف-یش وەك هەر سەرۆکهۆزێکی نیشتمانپەروەری کورد؛ لەسیاسیەتی ئیتحادییەکان ناڕازی بوو، چونکە پشتیان کردبووە درووشمەکانی ئازادیی و یەکسانیی لەنێو میللەتانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە پێش هاتنە سەر حوکم بەرزیان کردبووەوە، بەڵام بە دەستپێکردنی یەکەمین جەنگی جیهانیی، کاربەدەستانی ئیتحاد و تەرەقیی و ئەڵمانەکانی هاوپەیمانیان، هەوڵ و تەقەللایەکی زۆریان دا بۆ بەهێزکردنی هەستی ئیسلامەتی لەنێو میللەتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، پیاوانی ئایینی لەهەموو بەشەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتەدا خەڵکیان هان دەدا بۆ جیهاد لەدژی داگیرکەرە کافرەکان، کە بریتی بوون لەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان، ئەم پڕوپاگەندەیە کارێکی زۆری کردە سەردانیشتووانی ناوچەکانی کوردستان، ئەوە بوو خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفید، پاش ئەوەی ئینگلیزەکان بەسرەیان داگیر کرد، هەروەك ئیتیحادییەکان –کە بەرپرسی کوژرانی شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی براشی بوون- لەشەڕی شوعەیبەدا کە ساڵی ١٩١٥ لەنێوان لەشکری عوسمانی و ئینگلیزەکاندا ڕووی دا؛ بەشداری کرد، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بە فەرمانی مەحموود پاشا و لەبەر هەستی ئایینی، هەزار سوارەی جاف، بە سەرۆکایەتی حەمە عەلی بەگی برای مەحموود پاشا وکەریم بەگی فەتاح بەگی برازای لەم شەڕەدا بەشداریان کرد و لەو شەڕەدا ژمارەیەك لەجافەکان شەهید بوون«٢٠».

د. کەمال مەزهەر دەنووسێت: «بەشی زۆری ئەو سێ هەزار کوردەی چوونەتە شەڕی ئینگلیز لەشەڕی شوعەیبەدا، بریتی بوون لە: لایەنگرانی شێخ مەحموود، کوڕگەلی داودە، دەلوو و زەنگنە، هەمەوەند و جافەکانی دەوروبەری کەلار.» ڕەنگە د. کەمال نەیزانیبێت سەرۆکی هێزەکەی جاف کێ بووە، هەربۆیە باسی نەکردووە«٢١».

هەر بە هۆی ئەم هەستە ئایینییەوە بوو کوردانی باشووری کوردستان لەدژی لەشکری ڕووس جەنگان، کاتێك پەلاماری ناوچەکانی کوردستانیان دا و زوڵم و زۆرێکی فراوانیان کرد. جافەکان لەسەر فەرمانی مەحموود پاشا، بە سەرکردایەتی عەلی بەگی مەحموود پاشا، حوسەین بەگی مەحموود پاشا، حەسەن بەگی وەلەد بەگ و عەلی ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ؛ دژی ڕووسەکان بەشداری شەڕی سوپای عوسمانیی و ڕووسیایان لەناوچەی قاتان قوری نزیك لەشاری سەقز کرد، هەر لەو شەڕەدا شێخ مەحموودی حەفید و شێخ عوسمانی کوڕی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی بەشدار بوون، توورکەکان بە هاوکاریی هۆزە کوردەکان، توانییان بەربەستێك لەڕووی هێرشی ڕووسەکاندا درووست بکەن و هەردوو شاری سەقز وبۆکانیان لێ وەربگرنەوە.«٢٢» کەچی عەباس حیلمی پاشا، فەرماندەی سووپای توورك، لەبری پاداشت و بە تاوانی کەمتەرخەمی، نزیکەی ١٦ سەرکردەی جافی لەشاری بانە دەستگیر کرد و لەماوەی شەوێکدا لەسێدارەی دان، هەر بەو هۆیەشەوە شێخ مەحموود و سەرکردەکانی هۆزی جاف و هێزە عەشائیرە کوردەکان، زۆر دڵگران بوون و بڕیاریان دا هەر هەموویان لەمەیدانی جەنگ پاشەکشە بکەن«٢٣».

سەرباری هەموو هاریکارییەکانی عەشرەتی جاف بۆ دەوڵەتی عوسمانی؛ جافەکان خۆشیان لەدەسەڵاتی عوسمانییەکان نەهاتووە، بەڵگەی ئەوەش یاداشتەکانی عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوییە، ئەو نووسیویەتی: «مەحموود پاشا، سەرۆکی جافی مورادی، کە لەگەڵ هێزەکەی حوسەین ڕەئووف بەگدا هاتبوو، تەمێی دۆستانی ئێمەی کردبوو، کە بریتی بوون لەڕەشیدولسەڵتەنە وسەفەرخانی گۆران -کە لەخۆیان دەترسان توورك ئازاریان بدەن-، هاتبوونە ئۆردوگای لەشکرەکەی حوسەین بەگەوە بۆ پیشاندانی پاڵپشتییان بۆسووپای توورك، مەحموود پاشا بە ڕاشکاوی پێی ڕاگەیاند بوون کارەکەی حوسەین ڕەئووف بەگ بێ بنەمایە، ئێوە نابێت خیانەت لەوڵاتی خۆتان بکەن، لەبیرتان نەچێت سەنجاوییەکان بە تەنیا لەمەیداندا جێ مەهێڵن و پشتیوانی یەکتر بن، بڕوا بە تووركان مەکەن، ئەوان جێی باوەڕ نیین و کاتێك سەنجاوییەکانیان لەنێو برد و نابووت کرد، ئینجا زۆری بەسەرا ناچێت نۆرەی ئێوەش دێت ولەناوتان دەبەن، ئەوکاتە پەشیمانییش بێ سوودە.»«٢٤»

ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە کە مەحموود پاشا و جافەکان بڕوایان بە عوسمانییەکان نەبووە. من لەو بڕوایەدام عادیلەخانمیش هەمان هەستی مەحموود پاشا و بەگزادەکانی تری جافی بەرامبەر بە تووركەکان هەبووە، چونکە سیاسەتی ئەوسیاسەتی عەشیرەتەکەی بووە و هەرچی بەرژەوەندی هۆزی جافی تێدا بووایە ئەوپاڵپشتی دەکرد.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا؛ مەحموود پاشای جاف هەر بە گەیشتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەی خانەقین، عەلی بەگی کوڕی دەنێرێتە لایان و پەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستێت، دوابەدوای ئەو و پاش ئەوەی ئینگلیز کەرکوکیان داگیر کرد، شێخ مەحموودیش پەیوەندی لەگەڵ بەرقەرارکردن ورۆژی ١٩١٨/١١/١٦ و لەسەر داوای شێخ مەحموود و بە فەرمانی وڵسن، حاکمی سامیی عێراق، مەیجەرنۆئیل گەیشتە شاری سلێمانی، ڕۆژی دواتر، لەبەردەرکی سەرا و لەبەرامبەر خەڵکێکی زۆری سلێمانی و سەرجەم عەشائیرەکان و زۆرێك لەکەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نۆئێل شێخ مەحموودی وەك حوکمدار بە خەڵك ناساند، کە لەلایەن حکوومەتی بەریتانیاوە کراوە بە حووکمداری ئەم ناوچەیە، نۆئێل خۆشی کرا بە ڕاوێژکاری شێخ مەحموود و مەیجەر دانلیس-یش وەك ڕاوێژکاری سەربازیی شێخ مەحموود دەستنیشان کرا«٢٥».

لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەدا شێخ مەحموود پەیتا پەیتا ڕۆژانە پێشوازی لەسەرۆك هۆز و میوانەکان دەکرد، سلێمانی جموجۆڵێکی بەرچاوی پێوە دیار بوو«٢٦»، وەکو لەبەڵگەنامەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگدا بەرچاودەکەوێ؛ بەگزادەکانی جاف بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەم قەوارە سیاسییە کردووە. کەریم بەگ؛ کەسایەتییەکی ناوداری بەگزادەکانی جاف بوو و لەساڵی ١٩١٩دا بە فەرمی بووە بە سەرۆکی هۆزی جاف، سەرجەم سەرکردەکانی جاف -مەحموود پاشای لێدەرچێ-، بۆ پیرۆزبایی ئەم پلەی حوکمڕانییە چوونەتەلای شێخ مەحموودلەسلێمانی، لەنێوانیاندا کوڕانی وەسمان پاشا –ئەوانەیان کە لەعادیلەخانم بوون: عیززەت بەگ و ئەحمەد موختار جاف- لەو جەمعەدا بوون، بە تەنها مەحموود پاشا وکوڕەکانی نەچوونەتە لای شێخ مەحموود بۆپیرۆزبایی، چونکە نێوانی شێخ مەحموود و مەحموود پاشا ماوەیەك بوو تێکچووبوو، کە بە بۆچوونی من زۆرتر لەسەر دەسەڵات و نفوز بووە، جگە لەوەی مەحموود پاشا لەو قۆناغەدا لەسیاسەت کەنارەگیری کردبوو و ئامادە نەبوو هاوکاریی ئینگلیزەکان بکا، مەحموود پاشا خۆشی لەدوو ئاوانەکەی زەڵمدا ئەم بۆچوونەی بە ڕاشکاوی بە مەیجەر نۆئێل ڕاگەیاندبوو.

بە بۆچوونی من ئەم کەنارگیرییەی مەحموود پاشا، هەڵەیەکی مێژوویی بوو، چونکە من وای دەبینم ئەگەر مەحموود پاشا بەو دەسەڵاتەوە کە هەیبوو؛ هاوکاریی ئینگلیزەکان و شێخ مەحموودی بکردبایە، لەو قۆناغەدا زۆر شت بە قازانجی دۆزی کورد تەواو

دەبوو و شێخ مەحموودیش نەدەکەوتە هەڵەی هاوکاریی توورکەکانەوە. ئەم دووبەرەکییەی نێوان شێخ مەحموود و مەحموود پاشا؛ لەسەرکوردایەتیی نەبووە، کە یەکێکیان باش بوو بێت و ئەوی دیکەیان دژ بە کورد بوو بێت، هەردوو لایەنەکە، چ بەگزادەکانی جاف و چ شێخ مەحموود بڕوایان بە کوردایەتیی هەبووە، بەڵام بۆچوونیان سەبارەت بە شێوەی خەبات لەڕێگای ئازادیی کوردستان و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ میللەتەکەمان لەباشووری کوردستان جیاوازبووە.

پێش مردنی مەحموود پاشا، سەرکردایەتیی هۆزی جاف دەکەوێتە دەستی کەریم بەگی فەتاح بەگی برازای، بە وتەی ئەدمۆنز بێت؛ عادیلەخانم بەم سەرۆکایەتییەی کەریم بەگ دڵخۆش نەبووە«٢٧»، بەڵام زۆرینەی عەشیرەتی جاف و کاربەدەستانی ئینگلیزیش لەگەڵ ئەوەدا بوون کەریم بەگ کاروباری هۆزی جاف بگرێتە دەست، لەگەڵ ئەمەشدا هاوکاریی نێوان کەریم بەگ و ئامۆزاکانی و عادیلەخانم لەئاستێکی باشدا بووە، بەتایبەتی لەگەڵ عەلی بەگی کوڕی مەحموود پاشا و ئەحمەد موختار جاف و عیززەت بەگی وەسمان پاشادا، ئەم کەسایەتییانە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ لێپرسراوە ئینگلیزەکاندا هەبووە و لەو بڕوایەدا بوون ئینگلیز قەوارەیەکی سیاسی بۆ میللەتی کورد پێکدێنێت و پێویستە بەهێمنی لەگەڵیدا بجوڵێینەوە وپێچەوانەی ئەمەش دەرەنجامەکەی مەترسیدار دەبێت. بێگومان دواتردەردەکەوێت ئەم بۆچوونە وا نییە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە؛ هەندێك لەنووسەران تۆمەتی ئەوەیان داوەتە پاڵ ئەم گرووپە بەوەی ئەمانە دژی شێخ مەحموود و ئامانجە نەتەوایەتییەکەی بوون، بەو پێیەی ئەمانە نەهاتوونەتە پاڵ شێخ مەحموود و لەدژی ئینگلیزەکان هاوکارییان نەکردووە، بەڵام ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەکانە، چونکە ئەگەر شێخ مەحموود پێی وا بووە هەڵگیرساندنی شۆڕش لەپێناو بەدەستهێنانی خواستی گەلەکەی کارێکی دروستە، ئەوا بەگزادەکانی جاف؛ ئەوانەی دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، پێیان وا بووە پشتبەستن بە هێزێکی گەورەی وەك ئینگلیز تاقە ڕێگای ڕاستە و بەم شێوەیە دەتوانرێت مافی گەلەکەیان دابین بکەن و کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەش لەکارەساتی جەنگ و دەربەدەریی و ماڵوێرانیی بە دوور بگرن«٢٨». گومان لەوەدا نییە ئەم دووبەرەکییەی نێوان شێخ مەحموود و بەگزادەکانی جاف تەنیا جیاوازیی تێڕوانین بووە و هەرگیز نەگەیشتووەتە ڕادەی شەڕو خوێنڕشتن«٢٩».

لەحەقیقەتدا ئەم ململانێیە بە سەرکەوتنی شێخ مەحموود کۆتایی هات، چونکە شێخ مەحموود بزووتنەوەی ئازادییخوازی میللەتەکەی لەئەستۆی سەرۆکهۆز و بنەماڵە ناسراوە بە دەسەڵاتەکانی کوردستانی باشور دوور خستەوە و خۆی بوو بە تاکە سواری ئەو سەردەمە، بەڵام بەهۆی هەڵەی کوشندەی سیاسیی سەرکردایەتی کورد بووە مایەی لەدەستدانی هەلێکی مێژوویی بۆ میللەتەکەمان، چونکە زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی قاهیرە «١٩٢١» بە سەرۆکایەتی چەرچڵ، وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا، جەختیان لەدروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کورد لەکوردستانی باشوور، لەپاڵ دەوڵەتێکی عەرەبیی بە سەرکردایەتی فەیسەڵی یەکەمی کوڕی شەریف حوسەین؛ کردبووەوە، بەڵام لەنەهامەتی کورد ولەسەرداخوازی سێرپێرسی کۆکس و مس گێرتروود بێڵ -کە سەربە قوتابخانەی بۆمبای بوون- مەرجێك دانراکە ئەم بڕیارە تا سێ ساڵ کاری پێ نەکرێت بۆ ئەوەی کوردەکان بە ئازادیی ڕای خۆیان دەربڕن ئایا دەچنە پاڵ دەوڵەتی عێراقی عەرەبی یاخود نا، بە بڕوای ئەمانە پێویست بوو بزانرێ لەم ماوەیەدا کوردانی باشووری کوردستان موئەهەلاتی ئەوەیان هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت یاخدو نا. لەڕاستییدا سێر پێرسی کۆکس و گێرتروود بێڵ لەو بڕوایەدا بوون کورد توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە و پێویستە خاکەکیان بلکێنرێت بە دەوڵەتی عێراقی تازە دروستکراوی دەستنیشاندەیانەوە.

بەم جۆرە لەبڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لەسیاسەتی ئینگلیزەکاندا سەبارەت بە کوردستان، دوو بۆچوونی جیاواز هەبوون، یەکێکیان بۆچوونی کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتی هیندستانە کە بە قوتابخانەی بۆمبای بەناوبانگە و بڕوایان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکپارچە لەعێراقدا هەبووە و بە پێویستیان زانیوە کوردستانیش بلکێنرێت بەم دەوڵەتە تازەیەوە، سێرپێرسی کۆکس و گێرتروود بێڵ نومایندەی ئەم قوتابخانەیە بوون، لەبەرامبەردا بۆچوونی قوتابخانەی قاهیرەش لەئارادا بووە، کە باوەڕیان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بووە لەکوردستانی باشوور، کە چەرچڵ؛ وەزیری موستەعمەراتی ئینگلیز، یۆنگ، مەیجەر نۆئیل و لۆرنس هەڵگری ئەم باوەڕە بوون. ئەوە بوو لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە دەستنیشان کرابوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە، سەرکردەکانی کورد لەو ئەزموونەدا سەرنەکەوتن و لەو ماوەیەدا هەڵەی کوشندەی زۆریان کرد، سەرەنجام بۆچوونی سێر پێرسی کۆکس و مس بێڵ سەرکەوت، کوردستانی باشووریان بە زۆرەملێ بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە لکاند کە ساڵی ١٩٢١ درووست کرابوو«٣٠».

ئەوەی شایانی باسە لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی بەرچاوی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد لەو بڕوادابوون ئینگلیز دەوڵەتێك بۆکورد دادەمەزرێنن، بۆ نموونە ناوی چەند کەسایەتییەکی کورد دەهێنن کە ئەو بۆچوونەیان هەبووە: شێخ تەهای نەهری، حەمدی پاشای بابان، سمکۆی شوکاك، مستەفا پاشای یامولکی، زۆربەی بەگزادەکانی جاف بە تایبەتی عادیلەخانم و کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف. عەلی بەگی مەحموود پاشای جاف، ئەحمەد موختار جاف و عیززەت بەگ و ژمارەیەکی بەرچاوی شێخانی بەرزنجە و شێخانی نەقشبەندیی و زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە هەمان بۆچوونیان هەبووە.

بە بۆچوونی من هەڵەی سەرکردایەتی کورد، ئەوانەی ئاڵای هاوکاریان لەگەڵ توورکەکاندا بەرز کردبووەوە ڕێ خۆشکەر بوو بۆ سەرکەوتنی قوتابخانەی «بۆمبای»، کە لەسیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی بەریتانیادا دژی درووستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی کوردیی بوون. لایەنگرانی توورکیای کەمالیی و بە ناوی دینەوە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەیان بەسەر بڕیارەکانی شێخ مەحموودەوە هەبووە بە تایبەتی دوای جێگیربوونی عەلی شەفیق -کە بە ئۆزدەمیرپاشا بەناوبانگە- لەناوچەی ڕواندز، چونکە زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکانی ڕواندز و ڕانیە و سوورچی وزێبارییەکان لەگەڵ ئوزدەمیردا هاودەست بوون و هەروەها لایەنگرانی توورك، دەوری شێخ مەحموودیان تەنیبوو، بەتایبەتی فەتاحی ئەمین عەتار-ی ژنبرای شێخ مەحموود، کە ئەو سەردەمە لەلەشکری توورکدا ئەفسەر بووە، ناوبراو ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەسیخوڕیی بۆ بەرژەوەندیی توورکەکان وفەتاحی شاخەکەر، کە خەڵکی سلێمانی بوو و سەربە توورکەکان بوو لەمەسڵەحەتی ئەواندا دەجووڵایەوە و تایەری ئەمین-ی سەرکاتبی شێخ مەحموودیش بە هەمان شێوە خزمەتی سیاسەتی توورکەکانی دەکرد و ڕاستتربڵێین نوێنەری ئۆزدەمیر بوو لەدەرباری شێخ مەحموودا«٣١».

بەم جۆرە و لەڕێی ئەم نزیکانەی شێخ مەحموودەوە، دەسەڵاتی ئۆزدەمیر بە بەهێزیی گەیشتبووە ناو شاری سلێمانی، لایەنگرانی ئۆزدەمیر هەڕەشەی دەستبەسەراگرتنەوەی سلێمانییان دەکرد، ئەمە لەبەیاننامەکانی ئۆزدەمیر -کە بە وێنەیەکی جوان لەچاپدرابوو و بە مانگ و ئەستێرە نیشانەی ئاڵای توورك ڕازێنرابووەوە و بە دەست خەڵکی شاری سلێمانییەوە بوو- بە ئاشکرا دەخوێندرایەوە«٣٢».

کاربەدەستانی دەوڵەتی ئینگلیز، بە وردبینیەوە سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد و ئەم لایەنگیرییەی سەرکردەکانی کوردی بۆ توورکانی کەمالی بۆ قووت نەدەدرا، ئەوەبوو دوای سەرنەکەوتنی حیزبی

پارێزگارانی بەریتانیا لەهەڵبژاردندا و بە لاوەنانی چەرچڵ -کە هەڵسووڕێنەری کۆنگرەی قاهیرە بوو و پاڵپشتی لەقەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی دەکرد لەکوردستانی باشووردا-. بیرۆکەی عێراقێکی یەك پارچە بە کوردستانیشەوە چەسپێندرا و سەپێنرا بەسەرمیللەتی کورددا.

گومان لەوەدا نییە ئەو سەرکردانەی هۆزی جاف کە لەو بڕوایەدا بوون ئینگلیز دەوڵەتێك بۆ کورد درووست دەکات، کاتێك بە چاوی خۆیان بینییان ئینگلیزەکان لەسەرجەم بڕیارەکانیان کە لەبەرژەوەندی دۆزی کورد بوو پاشگەز بوونەتەوە؛ تووشی نائومێدییەکی ئێجگارزۆرو توڕەییەکی لەڕادە بەدەربوون.

عادیلەخانم؛ ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کرد، ئەحمەد موختاری کوڕیشی لەکۆتایی ساڵی ١٩٣٤ وازی لەهەموو پلەوپایەیەکی فەرمی هێنا و بزاڤێکی چەکداریی لەناوچەی هەڵەبجە و سازان و مەرەخیل وکەناری سیروان، دژبە دەوڵەتی عێراق بەرپا کرد و بزاڤەکەی بەرەو پەرەسەندن دەڕۆیشت و خەڵکێکی زۆربە ئومێدەوە سەیری ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.«٣٣» ڕۆژبە ڕۆژ بزاڤەکەی پەرەی دەسەند و مەترسییەکی زۆری بۆ حکوومەتی عێراق و کاربەدەستانی ئینگلیز لەعێراق درووست کردبوو، هەر بۆیە هەردوو لایان کەوتنە تەلاشێکی بەربڵاوەوە بۆ لەنێوبردنی و سەرکوتکردنی بزاڤەکەی و لەڕێکەوتی ١٩٣٥/٢/٦ لەسەر ڕووباری سیروان، نزیك گوندی مۆردین؛ بە دەستی یەکێك لەپۆلیسەکانی ڕژێمی عێراق تیرۆر کرا، پاشان تەرمەکەی دەهێننەوە هەڵەبجە و لەگۆڕستانی گوندی عەبابەیلی لەتەنیشت خانمی دایکی وتاهیربەگی برایەوە بە خاکی دەسپێرن«٣٤».

کەریم بەگی فەتاح بەگی جافی سەرۆکی عێلی جافیش بە هەمان شێوە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی ئینگلیزەکان بە تەواوی سیاسەتیان سەبارەت بە کورد گۆڕاوە و هیچ بۆ کورد ناکەن، ئەوە بوو دەستی خستە نێو دەستی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودەوە و لەشەڕی ئاوباریك-دا«٣٥» ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ داود بەگی برای و محەمەد ئەمین بەگی کوڕی و چەکدارانی تیرەی سۆفیوەند و گلاڵی و تەرخانی و ڕۆغزایی و زۆربەی عەشیرەتە ناسراوەکانی ئەوناوچەیە، لەوشەڕە گەورەیەدا بەشدارییان کرد، کە تێیدا ٣٧ شەڕوانی کورد شەهید بوون و ژمارەی بریندارەکانیش زیاتربوون.

خوالێخۆشبوو عیززەت بەگی وەسمان پاشای جاف، لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری سلێمانی لەنموونەی: عەزمی بەگی بابان، شێخ قادری حەفید، ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد ئاغا، حەمە ساڵح بەگی حەمە عەلی بەگ، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، فایەق بەگ، شێخ محەمەدی گولانی، مەجید ئەفەندی کانیسکان، ڕەمزی فەتاح و تۆفیق قەزاز؛ لەڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠دا دەستێکی باڵای هەبووە لەهاندانی خەڵك دژی حکوومەتی عێراق و ئینگلیز و لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەدا دەستگیر دەکرێت ودەخرێتە زیندانەوە«٣٦».

لەم نووسراوەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە خوالێخۆشبوو شێخ مەحموود زوو درکی بەوە کردبوو کە ئینگلیزەکان ئەو قەوارە سیاسییەی ئەو مەبەستی بوو و بەتەمای بوو؛ بۆی ناڕەخسێنن و لەجێی ئەوە نیازیانە بە دەستکەوتێکی بەرتەسك -کە حوکمداریی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەریەتی- ڕازی بکەن و لەهەوڵی ئەوەدا بوون لەگەڵ سیاسەتی لێپرسراوە ئینگلیزەکانی سەر بە قوتابخانەی «بۆمبای» کە بە وتەی ئێدمۆنز دەیانویست چەندکانتۆنێك لەکوردستاندا درووست بکەن، خۆی بگونجێنێت.«٣٧» شێخ مەحموود ڕێگەی چەکداریی و شۆڕشی هەڵبژارد و کەوتە شەڕێکی خوێنینەوە دژ بە سیاسەتی ئینلگیزەکان و دەوڵەتی دەستنیشاندەی عێراقەوە، ئەم شەڕ و شۆڕە تا ساڵی ١٩٣١ بەردەوام بوو و شەڕی ئاوباریك بە دوا شەڕی شێخ مەحموود دەدرێتە قەڵەم.

ئەوەی ڕاستییە؛ جافەکان تا سەرەتای ساڵانی سییش، بڕوایان بە ئینگلیزەکان مابوو کە شتێك بۆ کورد دەکەن و سیاسەتی شەڕی چەکداریی

شێخ مەحموودیان بە قازانجی کورد نەدەزانی، جاف بڕوایان بەوە بوو کە دەبێت لەڕێی گفتوگۆ و دانووستانەوە کێشەی ڕەوای کورد چارەسەربکرێت، بەڵام کە بە تەواوی بۆیان ڕوون بووەوە ئینگلیزەکان و دەوڵەتی عێراق ددان نانێن بە مافی کورددا و پشتیان لەمیللەتی کورد کردووە، هەندێکیان کەوتنە هاوکاریی لەگەڵ شێخ مەحمووددا و شەڕی چەکدارییان گرتەبەر.

ئێستا با بێینە سەرتاووتوێکردنی ئەم پرسیارە؛ ئایا لەو سەردەمەمدا بەرزرکردنەوەی ئاڵای شۆڕش لەلایەن خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودەوە کارێکی درووست بووە و لەقازانجی میللەتی کورد بووە؟ یان وەك کارێکی هەڵە و تێنەگەیشتن لەباری ڕامیاری قۆناغەکە دەدرێتە قەڵەم؟ ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلەکە لەوزەی ئەم نوسراوەدا نییە، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی کورتی ئەم پرسیارە، بە بۆچوونی خۆم ئەگەر مەسەلەی سازش (مساومە) و بەڕایی (الحدیە) لەڕووی بەرژەوەندی چارەنووسی نەتەوەکەمان بەراورد بکەین یان بیخەینە دوو تای تەرازووی سودی میللی نەتەوەکەمانەوە، پێم وایە خوالێخۆشبوو شێخ مەحموود لەجیاتی ئەودروشمەی:

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەســـمە عومری گومڕەهی
نایکەمە سەرخۆم بە دەستی موددەعی تاجی شەهی
قەد بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرمـــاندەهی

کەمێ سازشی بەکاربهێنایە و بۆرەتاجێکی لەسەر کردبا و تەنانەت بە قەڵەمڕەوێکی کەم و فەرمانڕەواییەکی بەرتەسك ڕازیی بووایە، زۆر لەبەرژەوەندی دۆزی کورد دەبوو و وەك زۆرێك لەنەتەوەکانی دیکە بنەڕەتێکی سیاسیی بۆ دابین دەکردین و گومان لەوەدا نییە لەسوود و قازانجی نەتەوەکەماندا دەبوو، بۆبەڵگەش ئەوەیە ئەمڕۆ ئەم واقیعە لەوەدا بە دیاردەکەوێ کە بە زمانی خۆمان هاوار دەکەین کوڕینە نەکەن ئەمجارە هەلەکە لەدەست خۆتان بدەن سا بەڵکو ئەم جارەیان نیشان بپێکین«٣٨».

لەکۆتاییدا دەڵێم: مەبەست لەم وتارە- کە دەبێتە نووسراو و دەچێتە لاپەڕەی مێژووەوە- تەنیا و تەنیا خزمەتی مێژووی کوردە، نەوەك هیچی دیکە، خواش لەپشتی قەسد و نییەتەکانەوەیە.

## سەرچاوەکان:

«١» د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لەمێژوودا، بەغدا، ١٩٨٨، ل: ٤٩-٥١.

«٢» مەستوورەی کوردستانی «ماه شەرەف خانم»، مێژووی ئەردەڵان، و: د. حەسەن جاف و شکور مستەفا، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٩، ل:٤.

«٣» لەنێوان نووسەران و مێژوونووسانی وەکو مەیجەر سۆن، سی. جەی. ئێدمۆنز و محەممەد ئەمین زەکی بەگ، سەبارەت بە باپیرەی عادیلەخانم و ڕەچەڵەکی ئەو؛ جیاوازیی دەبینرێت. لەدیوانی تاهیربەگی وەسمان پاشادا، ڕۆستەم بەگ، باوکی عەبدولقادر بەگ، باوکی عادیلەخانمە، عەبدوڵڵا مەردۆخیش: باوکی عەبدولقادر بەگ بە ناوی ڕۆستەم بەگ ناو دەبات، کەریم شارەزا دەڵێت عادیلەخانم کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقڕانە و ساڵی ١٨٥٩ لەشاری سنە لەدایك بووە و بنەماڵەکەی ساڵی ١٨٥١ دوای دارمانی میرنشینی بابان بۆ شاری سنە کۆچیان کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون. بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە: «دیوانی تاهیربەگ وەسمان پاشای جاف، چ٣، هەولێر ١٩٦٦، ل: ٦» و «دامودەزگای بنەماڵەی وەزیرەکانی کوردستانی ئەردەڵان، گۆڤاری کوردولۆجی، ژ(١)، ساڵی ٢٠٠٨، لاپەڕە: ٢٧٣-٢٧٤»، هەروەها: «ڕۆژنامەی خەبات، ژ. ١٧٨٣، هەولێر، ٢٠٠٥».

«٤» محەممەد مستەفا «حەمەبۆر» چەپکێ لەهەڵبەستی بڵاونەکراوەی مستەفا بەگی ساحێبقڕان، چ١، سلێمانی ١٩٨٨، ل: ١٦. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردیی، سەردەشت، چاپخانەی مەعارف، ١٩٥٢، ل: ٢٢٨-٢٢٩.

«٥» میجر سون: رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان، ت: فؤاد جميل، ج١، بغداد، ١٩٧٠، ص: ٢٧٨؛ محمد زكى بك، تاريخ السليمانية، ت: محمد جميل الروزبيانى، بغداد، ١٩٥١، ص: ١٨٤؛ سی. جەی. ئێدمۆنز، کورد، توورك، عەرەب، و: حامید گەوهەری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ٨٨.

«٦» بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەر خانی سەنجاوی و سەردار موقتەدر، وەرگێڕان و ساغکردنەوەی د. کەریم سنجاوی، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف، هەولێر ٢٠١١، ل: ٥٩٨.

«٧» لەکاتێکدا سوڵتان عەبدولحەمید کوردی دژی مەسیحییەکان هان دەدا، لەهەمان کاتدا هەستی نەتەوایەتیی کوردی سەرکوت دەکرد، تەنانەت فەرمانی دابوو کتێبێکی کوردی کە «یوسف خالدی» سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی نووسیبووی بڵاو نەبێتەوە، باسیل نیکیتین، الاكراد، بيروت، ب ت، ١٥٩.

«٨» د. کمال مظهر احمد، کردستان فى سنوات الحرب

العالمية الاولى، ت: محمد ملا عبدالكريم، بغداد، ١٩٨٤، ص: ٨٩-١٩٢؛ و. م. لازاریف، کێشەی کورد، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان بەغداد، ١٩٨٩، ل: ١١٨.

«٩» د. حەسەن جاف، نەخشی هۆزی جاف لەسای چەند سەرۆکێکەوە لەمێژووی کورددا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق؛ دەستەی کورد، بەرگی: ٢١-٢٢، بەغدا، ١٩٩٠، ل: ٤٧.

«١٠» محمد امين زكي بك، مشاهير الكرد وكوردستان، نقلته الى العربيه الآنسة كريمته، راجعه ونقحه واضاف اليه: محمد علی عونی، القاهرة، ١٩٤٧، ص: ١٨١.

«١١» ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٧٩، ساڵی ١٩٣٦، هەروەها ئومێد ئاشنا؛ مەحموود پاشای جاف، گۆڤاری کاروان، هەولێر ١٩٩٠.

«١٢» کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، بەیرووت، ٢٠١٤، ل: ١٥.

«١٣» وەسمان پاشای جاف لەماوەی ژیانیدا «١٨٤٧-١٩٠٩» دوو ژنی هێناوە، هاوسەری یەکەمی ناوی مەنیجە خانم-ە و لەبەگزادەکانی هەورامانە، خێزانی دووەمیشی عادیلەخانم بووە، لەهاوسەری یەکەمی مەجید بەگ و حەمە سەعید بەگی بووە ولەعادیلەخانم تاهیربەگ، عزەت بەگ وئەحمەد موختاری بووە و دوو کچیشی بە ناوەکانی سەبیحە خانم و ناهیدە خانم هەیە، عادل صدیق، عادیلەخانم، سلێمانی، ٢٠١٠.

«١٤» عادل صدیق: هەڵەبجە «١٨٨٩-١٩٣٠»، چ١، چاپ و پەخشی نووسەر، ب. ش، ٢٠٠٨.

«١٥» عادل صدیق، عادیلەخانم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل: ٣٩.

«١٦» زۆربەی بەڵگەکانی دەورەی قاجاریی ئەو حەقیقەتە ڕوون دەکەنەوە کە محەممەد پاشای جاف؛ سەرۆکی هۆزی جاف بە پیلانی دەوڵەتی قاجاریی و عوسمانیی کوژراوە، بڕوانە پاشکۆی تاریخ جاف: کەریم بیگ فتاح بیگ جاف: ترجمة وحواشي: د. محمد علی سلطانی، أربيل، ٢٠١٠، ص: ٢٤٩-٢٥١.

«١٧» د. حسن الجاف، عادلة خاتون؛ زوجة عثمان باشا الجاف ودورها السياسي والإجتماعي في تأريخ الكرد الحديث، مجلة سيروان، العدد ٩، ربيع ٢٠١٠.

«١٨» عادل صدیق، عادیلەخانم، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٣.

«١٩» لەدوای لابردنی عەبدلمەجید ئەفەندی؛ حەمەعەلی بەگی کوڕی حەمە پاشای جاف، دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە، ناوبراو بەردەوام دەبێت لەکاری قایمقامێتیی هەتا ١٩١٤/٦/١٧ ولەم بەروارەدا ئیبراهیم ئەدهەم؛ قایمقامی کۆیە دەکرێتە قایمقامی هەڵەبجە.

«٢٠» وەك لەتۆماری عوسمانییەکاندا هاتووە؛ لەڕێکەوتی ١٩١٨/٣/٤، ئەمین بەگ دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە، بڕوانە: بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەر خانی سنجاوی و سەردار موقتەدر، س. پ، ل: ٥٦١.

«٢١» کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، س. پ، ل: ٢٢.

«٢٢» د. حەسەن جاف، ئەم قسانە بەم پێوانە باویان نەماوە، بەغدا، ١٩٩٦، ل: ٧٧.

«٢٣» گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٢٥، بەغدا، ساڵی ١٩٩٠.

«٢٤» بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەر خانی سەنجاوی و سەردار موقتەدر، سەرچاوەی پێشوو، ل: ؟؟؟.

«٢٥» عادل صدیق، س. پ. ل: ٩٩.

«٢٦» د. حەسەن جاف، نەخشی هۆزی جاف، س. پ، ل: ٦٠.

«٢٧» أدموندس، س، پ، ل: ١٦٠.

«٢٨» عادل صدیق، عادیلەخانم. س. پ، ل: ٧١؛ عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم، ئەحمەد موختار جاف شاعیر و مرۆڤ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل: ٢٢٣.

«٢٩» کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، س. پ، ل: ٩٢.

«٣٠» جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تأريخ سياسي «١٩٠٠-١٩٢٥»، ج١، أربيل، ٢٠٠٣، ص: ٢٠٩.

«٣١» ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ب٢، بەشی دووەم، جزمی شەشەم، ل: ٥٤٢-٥٦٠.

«٣٢» ڕەفیق حیلمی، س. پ، ل: ٥٦١.

«٣٣» ئەم هەڵبەستە لەپەسن و ستاییشی ڕاپەڕینەکەی ئەحمەد موختار جافدا بەسەر زاری خەڵکییەوە بووە:

شازادەی دەوران ئەحمەد موختارەن
پەی ڕۆژی دەعوا ئەسەفەندیارەن
هەرپەی ویش خاسەن چە ڕۆژهەیجا
چەنی دوشمنان بکەروهەیجا
دایم نە خەیال حالی کوردانەن
بویە ئەراکیل خاکی ئێرانەن
ئومیدش ئیدەن وە لوولەی تفەنگ
ئیستقلالمان بگیرۆ وە چەنگ... بڕوانە: حەسەن کەلاری

«د. حەسەن جاف»، وتاری: «خوایە لەدۆستانم بمپارێزی، دوژمنانم لەسەر خۆم»، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژ: ١٧-١٨، سوید، ١٩٩٣، ل: ٧٨.

«٣٤» عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، بەغدا، ١٩٨٦، ل: ٢٣.

«٣٥» بۆ زانینی نەخشی کەریم بەگ و داود بەگی برای و مینە جافی کوڕی کەریم بەگ لەشەڕی ئاوباریکدا، بڕوانە عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، بەغداد، ١٩٥٩، ل: ١٣٨؛ ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب٢، بەغدا، ١٩٦١، ل: ١٣.

«٣٦» کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، س. پ، ل: ٩٢-٩٣، د. حەسەن جاف، «خوایە لەدۆستانم بمپارێزی»، س. پ، ل: ٧٧.

«٣٧» لەیادداشتەکانی مستەفا بەگی کەریم بەگی جافدا هاتووە، عادیلەخانم نامەیەکی بۆ شێخ مەحموود ناردووە و تێیدا نووسیویەتی: «من دەزانم ئەم نامەی منە بەهەند وەرناگیرێت، بەڵام بە پێویستیی سەرشانم دەزانم ئەم حەقیقەتەت پێی ڕابگەیەنم، تکایە جەنابی شێخ؛ بەم حوکمدارییە کە لەکۆیەوە دەست پێدەکات تا خانەقین ڕازی ببە، من لەو بڕوایەدام نەوەك ئەم قەوارەیە گەورەیە کە بە فەرمی ئینگلیزەکان دانیان پێدا ناوە کە تۆ ببیتە حوکمداری قبووڵی بفەرمە، ئەگەر بە فەرمی حوکمداری داریکەلیشیان دا پێت قبووڵ بفەرمە، بۆ ئایندەمان دەبێتە دیکۆمێنتێکی حاشاهەڵنەگر و سوودبەخش و بەکەڵك».

«٣٨» حەسەن کەلاری «د. حەسەن جاف»، «خوایە لەدۆستانم بمپارێزی، دوژمنانم لەسەر خۆم»، س. پ، ل: ٨٠.

هەواڵنامەی کتێب

# پێگەی ژنی کورد
# لەسەرچاوە مێژووییەکاندا

## (عادیلە خانم بە نموونە)



پ. ی. د. سۆزان کەریم مستەفا

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستای زانکۆی سلێمانی
بەکالۆریۆسی مێژوو- زانکۆی سلێمانی «١٩٩٨-٢٠٠٢»
ماجستێری مێژوو- زانکۆی کۆیە «٢٠٠٤-٢٠٠٦»
دکتۆرای مێژوو- زانکۆی سلێمانی «٢٠٠٨-٢٠١١»
خاوەنی دوو کتێبی چاپکراو و دانەیەکی ئامادەیە بۆ چاپ
چەندین توێژینەوەی زانستیی بڵاوکراوەی هەیە لە گۆڤارە زانستییەکانی کوردستاندا
لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە هەتا ئێستا...

وێناکردنی ژن لەنێو کتێب و پەرتووکەکاندا بۆ هەرگەلێك گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، هەموو میللەتانی دونیا لەنێو پەرتووك و مێژووویاندا جێگەیەکی دیاریان بۆ باسکردنی ژن تەرخان کردووە، نەك هەر ئەمە بگرە زۆر لەفەیلەسوف و بیرمەندەکانی دونیا تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان هەیە لەبارەی ژنەوە، ئەمە وای کردووە ژن وەك نیوەی کۆمەڵگە بکەوێتە بەر باس و خواسی هونەرمەند و شاعیر و نووسەر و مێژوونووسەکان، ئەم باسکردنە تەنها لایەنی باشەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو زۆرێك لەبیرمەندەکان ڕای جیاواز و تەنانەت خراپیشیان دەربارەی ژنان هەیە، ئەمە بە واتای کەمکردنەوەی نرخی ژن نایەت، بەڵکو بە پێی بارودۆخ و سەردەم ئەم بۆچونانە دەربڕاون و گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە «جۆن لۆك» کاتێك باس لەڕۆڵی ژن دەکات زۆر بە ڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو کە: «ئەوان بۆ ئەوە دروست بوون تا پاشکۆ و ملکەچی پیاوان بن، وەك چۆن بەبێ پیاو ناتوانن منداڵیان ببێت، ئاواش بە بێ پیاو ناتوانن پەروەردەیان بکەن».«١»

لێرەدا بە ئاشکرا جۆن لۆك دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ژن تاکێکی بێئیرادە و بێدەسەڵاتە، هەروەها «نیتچە»؛ بیرمەندی گەورەی نازیی، سەبارەت بە ژن دەڵێت:» ژن گەورەترین تەڵەیە کە سرووشت بۆ پیاوی داناوە».«٢» هەروەها «سوقرات و جۆن هیود، دورانت و ...هتد» ڕایان لەسەر ژن باش نییە، بەڵام لەبەرامبەردا زۆر فەیلەسوفی دیکە ڕای پێچەوانەیان هەیە و بوونی ژن بەرز دەنرخێنن وەك «بەلزاك، ڤۆڵتێر، هێردەر و زۆری تریش».«٣» هۆکاری دروست بوونی ئەم بیروبۆچوونانەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخ و کۆمەڵگا و ئەو چوارچێوە خێزانییەی ئەم کەسایەتییانەی تێدا ژیاوە و ئەمەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هزر و کەسایەتییان دروست کردووە.

لەیۆنانی ڕۆژگاری پێش مەسیحدا؛ ئەو ماڵەی کچیان ببوایە سەرەپەتێکی خووریی و بۆ کوڕیش تاجە گوڵینەیەکی گەڵا زەیتونی ڕازاوەیان بە بەرقاپیی ماڵەکەیاندا هەڵدەواسی، سەرە پەتە خوورییەکە ئاماژە بوو بەوەی قوربەسەرێکیان بووە، لەوانەی کاریان چنین و دەرزیی و دروومانە، دووەمیشیان مژدەی شادیی و بەرزیی و بەختی بەرزی دواڕۆژی ڕادەگەیاند، زۆرجار باوك کۆرپەی مێینەی قوماتنەکراوی دەبردە سەرەنوێلکێکی دوور و فڕێی دەدا. «٤»

لەمێژووی کۆنی جیهانیشدا، ژنان هەمیشە وەك کاڵایەك مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، تەنانەت لەئەورووپای دوای لەدایکبوونی مەسیحیشدا، بوونی ژن بە هیچ دەژمێردرا، تەنها بە کارگەیەکی مرۆڤسازیان دادەنا کە دەیتوانی لەژێر دەستی هەموو پیاوێکدا بێت. «٥»

عیبرانییەکان -کە باپیرە گەورەی جوولەکانی ئەمڕۆن-، کچیان لەبازاڕدا دەفرۆشت. باوك بۆی هەبوو کچەکەی بخاتە کارخانەوە، یا بەرامبەر پاداشتێکی کەم کچێنییەکەی ببەخشێت بە پارەدارێك. «٦»

فرۆشتنی ژن کارێکی ئاسایی بووە و لەتەواوی ئەفریقادا برەوی هەبووە، لەچین و ژاپۆنیش شتێکی ئاسایی بووە، لەهندستانی کۆن و لەلای جوولەکەکانی ئەمریکای ناوەندیدا پێش سەردەمی کۆڵۆمبس و لەپیرۆ هەبووە، ئێستاش چەندین نموونە لەئەورووپا دەبینرێت.«٧» نەك تەنها ئەمە بەڵکو لەساڵی (٥٧٦ز) لەفەڕەنسا ئەنجوومەنێکیان پێك هێنا لەبارەی ژنەوە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد کە ئایا ژن مرۆڤە یان توخمێکی دیکەیە؟ لەکۆتایی کاری درێژخایەنی ئەنجوومەنەکەدا بڕیاریان دا ژن مرۆڤە، بەڵام تەنها بۆ خزمەتکردنی پیاو دروست بووە.«٨» هەرچەندە تائێستاش ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا برەوی هەیە و بەو جۆرە دەڕوانرێتە ژن، واتا وەك خزمەتکارێکی پیاوان تەماشا دەکرێت.

مێژووی مرۆڤایەتی بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە و لەهەریەکەیاندا ژن بە جۆرێك ژیاوە، جاری وا بووە جڵەوی کاروباری گرتۆتە دەست و زۆرجاریش ژێردەستە و پاشکۆ بووە، بەڵام پێشکەوتنی شارستانیی و تەکنۆسازیی و خوێندن و بوارە فرە جۆرەکانی زانست باری گونجاویان بۆ ڕەخساندووە و وایان لێ کردوە وردە وردە بەشداریی لقەکانی زانست وژیان بکەن و شوێنی خۆیان لەو بوارانەدا کردۆتەوە.«٩»

بەڵام لەهەموو شوێنێکدا ژنان ئیش وکاری بنەڕەتییان ڕاهێنانی منداڵ و چاودێرییکردن و بەڕێوەبردنی ماڵەوەیە، لەکاتێکدا چالاکییە سیاسیی و سەربازییەکان لەهەموو شوێنێکدا بە ئاشکرا لەچوارچێوەی کاری پیاوانەدایە، لەهیچ شوێنێکی دونیا پیاوان بەرپرسیارێتی سەرەکی پەروەردەکردنی منداڵانیان نییە. «١٠»

لەگەڵ گۆڕانی قۆناغە جیاوازەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، چەندین کەسایەتی ژن ناویان دەرکردووە و هەریەکەیان بەپێی بارودۆخی سەردەمەکەی خۆی توانیویەتی کاریگەریی لەسەر ڕوداوەکان هەبێت، یاخود ببێتە بەشێك لەپێکهێنەرەکانی مێژووی ژن. «١١»

لەمێژووی جیهاندا ژنان توانیویانە جێدەستی خۆیان بنەخشێنن، بە جۆرێك لەسەدەی ١٦ لەفەرەنسا چەندین ژن دەرکەوتن کە ڕۆڵی کاریگەریان لەمێژووی فەرەنسادا بینیوە، وەك (شاژن کاترین دۆمیریس، ماری ئەنتوانێت)، لەبەریتانیاش هەرزوو ژنان توانیان بگەنە دەسەڵات و ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت، لەوانە: ( ماری تیۆدۆر و مەلیکە ڤیکتۆریا)، لەمێژووی ڕووسیاشدا چەندین ژن ناویان دەرکردووە و لەئەمریکاشدا ژن ڕۆڵ و دەسەڵاتی دیاریان هەبووە. «١٢»

لەکۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەمیشدا بە گشتی کە کۆمەڵگەی دواکەوتوون، هیچ درێغییەکیان لەچەوساندنەوە و چاوترسێنکردن و دانانی ئاستەنگ و کۆسپ لەبەردەم ژناندا نەکردووە، چونکە پیاوی ناو ئەم کۆمەڵگایانە بە پێی ڕەوتی سیۆسیۆلۆژی کۆمەڵگاکەیان کە تاکڕەهەند و داخراوە و تەنها ڕەهەندی پیاو زیاتر باڵادەستە، هەمیشە لەسنوورکێشاندایە بۆ دەسەڵاتەکانی ژن، لێرەوە ژن ناکرێ سنوور ببەزێنێ و لەبۆچوونی خێزانەکەی کە لەپیاودا نمایندە دەکرێ دەربچێ. «١٣»

ژنان و کچانی ئەم وڵاتە دواکەوتووانەی ڕۆژهەڵات کە تەمەنێکی زۆرلەژێرچەوساندنەوەی ڕامیاریی و ئابوریی وکۆمەڵایەتییدا ژیاون و بە دیل وکۆیلەکراون وەك بولبولی (فنس)یان لێ هاتووە کە دوای تەمەنێکی زۆری ناو قەفەس، ئیتر حەز بە سەربەستیی و فڕین ناکەن. «١٤»

ژن لەکۆمەڵی کوردەوارییدا لەوەتەی نەتەوەکەی ژێردەستە و خاکەکەی داگیرکراو بووە، حاڵی خراپتر بووە، لەکۆمەڵەکانی دەوروبەری خۆی، چونکە بەشێك بووە لەکۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەبەر دواکەوتوویی و کەم گەشەسەندنی بە جیهانی سێیەم ناوبراوە، بەڵام بەشێکی ئاسایی نا بەڵکو بەشێکی ستەملێکراو و ژێردەست بووە. «١٥»

هەرچەندە لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەی ژنی کورد لەکۆمەڵگەی کوردیدا زۆر هەژارە و ئەمەش ئەو کارەی بەتەواوی ئەستەم کردووە کە بتوانرێت دیمەنێکی ڕاستەقینەی ژنی کورد لەلایەنی مێژووییەوە بکێشرێت. «١٦» ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە ژنی کورد جێگەیەکی شیاوی لەنووسین و یاداشتی بیانییەکاندا داگیر کردووە و بەشێکی زۆری ئەو کوردناسانەی ڕوویان کردۆتە کوردستان؛ نەیانتوانیوە خۆیان لەو باسە ببوێرن و ژنی کورد سەرنجی ڕاکێشاون، چ لەڕووی جلوبەرگەوە بێت، یاخود لەڕووی هەڵسوکەوت و مامەڵەوە بێت کە تەواو جیاواز بووە لەژنانی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵات.

جگە لەڕۆژهەڵاتناسان کە لەچەند

باسێکدا بە شێوەیەکی گشتگیرانە باسیان لەژنی کورد کردووە، باس و لێکۆڵینەوە و نووسراوی ترمان لەسەر ژنی کورد لەبەر دەستدا نییە. «١٧» بەڵام ئەگەر بڕوانینە مێژووی کورد، هەر زۆر دووریش نەڕۆین دەبینین سەد ساڵ لەمەوبەر، ژن بەتەواوی لەدەرەوەی مێژوو جێگەی دراوەتێ، بەڵگەش بۆ ئەمە خوێندنەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی سەدەکانی پێش سەدەی بیستەم و تەنانەت تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، لەناو ئەو سەرچاوە مێژووییانەشدا کە بە دەگمەن و دانسقە دادەنرێت، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە «١٥٤٣-١٦٠٤»، کە تیایدا ژن تەواو پەراوێز خراوە، چونکە مێژووی کورد بریتی بووە لەمێژوویەکی سیاسی ڕووت و مێژووی کۆمەڵایەتی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و بەردەوام لایەنی کۆمەڵایەتی بێبایەخ کراوە، ژنیش تەنها لەفەزای کۆمەڵایەتی خێزاندا جموجوڵی هەبووە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕوون و شایان نەهاتووەتە نێو ئەو مێژووەوە کە شەرەفخان تۆماری کردووە، بەڵکو تەنها لەپەراوێزی ئەو مێژووەدا ماوەتەوە.

تەنانەت ئەو کتێبانەی مێژووش کە محەمەد ئەمین زەکی بەگ «١٨٨٠-١٩٤٨» تۆماری کردوون، لەکتێبی ناودارەکانی کورد و کوردستاندا لەچەند لاپەڕەیەکی کۆتاییدا بە کورتی و لەپەراوێزیدا باسی هەندێ لەژنانی کورد، بەتایبەتیش ژنانی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیوبییەکان و هەندێ ژنی تردەکات. «١٨»

د. کەمال مەزهەریش لەکتێبی (مێژووی ئافرەت لەمێژوودا) تەنها لەلاپەڕەیەکی کۆتایی کتێبەکەیدا ئاماژە بە ناوی حەپسە خان و و مینا قازی دەکات، «١٩» ئەمە بە کەمتەماشاکردنی هەوڵی نوسەرە کوردەکان نییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئەوژنانە ئەم هەوڵانە زۆرکەمن ولەئاستی قوربانیی وپێگەی ژنانی کورددا نین.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە هەرچەندە کورد لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەژێر هەمان سیستمی کۆمەڵایەتی نەتەوە دواکەوتووەکانی ناوچەکەدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژناندا زۆر جیاواز بوون و تاڕادەیەکی باش ڕێزیان لەڕەگەزی مێینە ناوە، چونکە پلەوپایە و دۆخی کۆمەڵایەتی ژن لەناو هەر نەتەوەیەکدا پێناسەی کەسایەتیی و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، لەم ڕووەوە کورد بە ڕۆشنبیرترین و ئازادانەترین بیرکەرەوەی ناو کۆمەڵگە مسوڵمانەکان دەژمێردرێت.«٢٠» هەرچەندە گەڕیدە ئەورووپییەکان زۆریان بە شان و باهووی ژنی کورددا هەڵداوە بە ڕادەیەك جاروبارهەست دەکەیت کەمێك زۆر ڕۆیشتوون، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لەکۆڵانە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە ناو شاخ و داخە کراوەکانی کوردستانەوە و کەمێك سەریان لێ تێکچووە، بۆیە ژنی کوردیان لەژنانی دەوروبەر باشتر هاتۆتە بەرچاو.«٢١» چونکە ژنی کوردیش وەك زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات باری ژیانی سەخت و دژوار بووە و لەنێو هەموو ئاست و چینەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا وەك یەك نەیانڕوانیوەتە ژن. بەڵام زۆربەی ئەو کوردناسانەی ڕوویان کردۆتە ناوچەکە ئەو شانازییەیان بۆ تۆمارکردووین کە کورد لەنەتەوەکانی تری ناوچەکە جیاواز بووە و مامەڵەیەکی شیاوی لەگەڵ ڕەگەزی مێیینەدا کردووە، لەم بارەیەوە باسیلی نیکیتن دەڵێت:» کوردەکان لەهەڵوێستیاندا بەرامبەربە ژن لەنێو هەموو گەلانی ئیسلامیدا زۆرتر کراوەن».«٢٢»

لەبارەی دەسەڵاتی ژنانیشەوە (دەبلیو. ئار. هەی) ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێکجار ڕوو دەدات لەدێدا ژنێك ببێتە پێشڕەو و ڕەنگە ببێتە سەرۆك هۆزیش، ئەمەش بەتایبەت کە منداڵێکی شیرەخۆرەی هەبێت

و ببێتە سەرپەرشتیاری موڵك و ماڵەکەی کە لەمێردەکەیەوە بۆی بەجێما بێت، بەڵام ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە دەگمەنە ژنێك ئەو پایەیە وەربگرێ، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە. هەروەها دەڵێت:» زانیم کە ژنی موختاری گوندێك دەچێتە دیوەخانیش».«٢٣» ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ژنان بەشداریی دانیشتنەکانی دیوەخانیان کردووە. (نیکیتین) یش دەڵێت ژنانی کورد ڕووی خۆیان داناپۆشن و لەکاتی کۆبوونەوەدا تێکەڵی پیاوان دەبن و قسەی خۆشیان هەیە کە پیاوان گوێیان بۆ دەگرن. «٢٤» ئاماژەی بەوەش کردووە کە زۆربەی سەرۆکەکان لەژێر کاریگەریی ژنەکانیاندان و دەڵێت: «من پێم وایە کە ئەو ژنانە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان هەیە، ڕێگرن لەبەردەم ئەو ڕایە خراپانەی کە ڕەنگە پیاوەکانیان هەیانبێ و ببنە گاڵتەجاڕی ئەو بۆچوونانەیان، هەر سەرۆکێك بە دایکی فڵان بانگی ژنەکەی دەکا یان باسی دەکا و ناوی کوڕە گەورەکەی دێنێ».«٢٥»

مینۆرسکی ئاماژەی بەوە کردووە کە ژن لەکوردستاندا شوێنێکی سەربەخۆیان هەیە و زۆر هەڵدەکەون، ژنان لەنێو ڕەشماڵەکانیاندا بە شانازییەکی بێوێنەوە پێشوازیی لەمیوانەکانیان دەکەن، زۆرجار هەڵکەوتووە ژنی کورد کاروباری تیرە و کۆمەڵگای خۆی سەرکەوتووانە بەڕێوە بردووە. «٢٦»

درك کینان-یش جەختی لەم بۆچوونە کردۆتەوە کەوا لەنێو تەواوی چینەکانی کورددا ژنان ڕێزێکی تایبەتییان هەیە و گوێ لەقسەکانیان دەگیرێ، ژنانی کورد لەهەندێک کاتدا سەرکەوتووانە ڕێبەرایەتی هۆزەکەی خۆیان کردووە و ڕەعییەتەکانیان تەواو لێیان ڕازی بوون، تەنانەت جارێکیان لەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەندا هەرچەندە بەپێی یاسا کاندید کردن تەنها مافی پیاوان بووە، ژنان خاتوونێکیان بە نوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژاردووە.«٢٧»

لەباسی ئازایەتیی و چاونەترسیی ژنی کورددا کوردناسەکان تێبینیی و ڕووداوی زۆریان تۆمار کردووە کە لەمێژووی کورددا ناویان ونە و بە هیچ جۆرێك بە یاد نەکراون، بۆنموونە خاتوو (دیم فریا ئیستارك) گەشتیار و نووسەری ئینگلیز لەباسی ئازایەتی ژنان لەسنووری عێراقدا باسی ئازایەتیی چوار ژن دەکات کە بە شێرەکچ ناوبانگیان دەرکردبوو، ئەوانیش: قەدەم خێر قیلاوەندی، کە ژنێکی ئازا و چاونەترسی شۆخ بووە، نازی خاتوون بیرانوەندی، غەزی ئەلەشتەری خوشکی مێرعەلی خان حەسەنوەند و کاکۆڵی بوون. «٢٨» هەروەها ناوی (قەرە فاتم) دێنن کە ژنێکی کوردە و بەناوی شێری کوردستان و قارەمانی کوردستان ناوی ڕۆیشتووە و لەساڵی ١٨٥٣ بە نزیکەی ٣٠٠ چەکدارەوە لەدەسپێکی جەنگی قرمدا چۆتە ئەستەمبوڵ.«٢٩» ئەمە جگە لەوەی کە دوو ژنی کورد لەناوچەی پشدەر یەکێکیان بەناوی (پورە حەلیمە) لەتیرەی کافرۆش بووە و ئەوی دیکەشیان بە ناوی (پورە نەرگس) لەخێڵی شوان بووە، ئەم دوو ژنە چەندین ساڵ یەك لەدوای یەك لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیدا لەناوچە کوردنشینەکاندا خەباتی چەکدارانەیان کردووە، دانیشتووانی ناوچەکەش بە دڵ و بە گیان یارمەتییان داون.«٣٠» بەڵام لەنێو پەڕاوەکانی مێژوودا بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە.

ڕۆڵی ژن و بەشدارییکردنی لەژیانی سیاسییدا پەیوەستە بە بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی،«٣١» سەرەڕای ئەوەی پابەندی ئاستی هۆشیارییە، لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا پەیوەستە بە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبنە هاندەریان ڕێگرییکردنی ژنان لەبواری سیاسییدا و دەرفەت بۆ چالاکیی ژنان لەو بوارەدا دەڕەخسێنیت و دیاری دەکات. «٣٢»

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵگای کوردی لەبوارە جیاوازەکاندا کرانەوەی بە خۆوە بینی و گوزەرانی ژنان چووە قۆناغێکی نوێوە، دەرفەت بۆ ژنان ڕەخسا بەشداریی چالاکیی سیاسیی بکەن و پشتگیریی بزووتنەوەی نەتەوەیی بکەن.«٣٣» ژنانی کورد لەبزاڤی سیاسی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردا دوورەپەرێز نەبوون، بۆیە مێژوو ناوی هەندێك کەسایەتی ژنی نێوداری کوردی بۆ تۆمار کردووین، کە لەژیانی سیاسی و دەسەڵاتدارییدا شوێنی بەرچاوی خۆیان هەبووە، هەر چەندە ژمارەی ئەو ژنانە کەم بوون، بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم ژناندا هەبووە، وەك ئەوەی بە لای کۆمەڵگاوە شتێکی نامۆ بووە کە ژن کاروباری سیاسی هۆزێك یان ناوچەیەك بگرێتە دەست یاخود بەشداریی بزووتنەوە سیاسییەکان بکات.«٣٤»

لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکاندا ژن توانیویەتی جێدەستی خۆی دەربخات، هەروەها توانیویانە لەسیاسەتی هۆزایەتیدا ڕۆڵی دیاریان هەبێت، تەنانەت کاروباری هۆزەکانیشیان بگرنە دەست.«٣٥» لەبەشی باشووری کوردستاندا بەتایبەتی لەسنووری شاری سلێمانیی و لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە ژمارەیەکی کەمیش بێت ژنی هەڵکەوتوو و دەرکەوتوو و سەرکەوتوو هەبوون، بەڵام لەشوێنی شایستەی خۆی لەناو ئەو کتێبانەی مێژوودا جێگەیان پێ نەدراوە.«٣٦»

لەنێو ئەو ژنانەدا عادیلەخانم شوێنێکی شیاو و پێگەیەکی کاریگەری لەقۆناغێکی مێژوویدا گرتووە، کە سەرچاوەکان وەك کەسێکی زیرەك و لێهاتوو باسیان لێوە کردووە و بەشداریی کاروباری ئیداریی و سیاسیی هەڵەبجەی کردووە لەسەردەمی وەسمان پاشای هاوسەری کە قایمقامی هەڵەبجە بووە، خانم کاریگەری زۆری لەسەر بڕیار و کارەکانی وەسمان پاشا هەبووە، لەپاش مردنی وەسمان پاشا، خانم لەساڵانی «١٩٠٩-١٩٢٤» گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی لەناوچەکەدا هەبووە و توانیویەتی وەك سیاسەتمەدارێکی کارامە لەناو گەمە سیاسییەکاندا مامەڵە بکات.«٣٧»

هەرچەندە عادیلەخانم و هەموو ئەو ژنانەی کە لەسەدەکانی پێشتر و سەدەی بیستەمیش توانیویانە دەسەڵاتی سیاسی، کارگێڕیی و ئابوریان بە دەستەوە بێت، بە هۆی دەسەڵاتی مێرد یان باوك و براکانیانەوە بووە، ئەم دۆخە تەنها لەکوردستان نەبووە، بەڵکو لەناوچەکە و جیهاندا نموونەی زۆرە، بەهۆی ئەو سیستمە نێرسالارییەی کە باڵی بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا کێشا و هەزاران ساڵ درێژەی هەبووە، ژن نەیتوانیوە جگە لەو ڕێگایە کە ڕێچکەی دەسەڵاتی پیاوانی بنەماڵەکەی بووە، بگاتە ئەو دەسەڵاتە، بۆ نموونە لەجیهانیشدا ئەوژنانەی گەیشتونەتە تەختی دەسەڵات هەربە هۆی باوك و مێردەوە بووە، بۆ نموونە: کیلۆپاترا، ئەندیرا گاندی، بێنەزیر بۆتۆ و هتد.«٣٨»

هینی هارۆلد هانسن دەڵێت:» ئەوکاتەی کە کورد کەوتۆتە تەنگانە، تاك و تەرا ژنی چینە بەرزەکان ناوبانگیان دەرکردووە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە گوایە لەوڵاتەکانی ئیسلامەتیدا ئافرەت توانای ئیشکردن و دەرکەوتنی کەمە، بەڵام دووریش نییە ئەمەیان سەبارەت بە پایە و شوێنی بەرزی بنەماڵەکەیانەوە بێ، خانمی عوسمان پاشا، عادیلەخاتوونی هەڵەبجە کە لەبنەماڵەی وەزیری ئەردەڵان بوو و مێردی بە عوسمان پاشای بنەماڵەی بەگزادان کردبوو؛ باشترین نموونەیە، مێردەکەی کە لەئاخروئۆخری حوکمڕانی تووركی کرایە قایمقامی هەڵەبجە، هێشتا کە خۆشی مابوو، هەموو دەسەڵاتەکەی کەوتبووە بەردەستی ژنەکەی».«٣٩»

ئەمە لەکاتێکدا مەیجەرسۆن بە خاتوونی مەزن ناوی بردووە. هەروەها دەڵێت: «ئەم ژنەی کە وا بوو بە میوان لەماڵەکەیدا وێنەی لەنێو مسوڵماناندا نییە، توانستەکانی هێندە سەرنجراکێشن کە باس ناکرێن، تەنانەت توانای بەکارهێنانی هەموو ئەو جۆرە چەکانەشی هەیە کە لەبەر دەستیدایە». هەروەها دەڵێت: «ئەم گۆشەیە لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی بۆگەنی تورکدا بستێکە لەسایەی حوکمی ژنە کوردێکدا گەشەی سەندووە و تەنانەت لەگوندێکەوە بووە بە شارێك».«٤٠»

هەر لەم سۆنگەیەوە ئێدمۆندس بە (عادیلەخانم) دەڵێت:«شاژنی تاجلەسەرنەنراوی تەختی شارەزوور بوو»، کە دواتر بە چاکەی خزمەتەکانی لەلایەن جێگری فەرمانڕەوای هیندستانەوە، پلەی بەرزی (خان بەهادوور)*ی پێ بەخشرا.«٤١» مەیجەرسۆن، بە شێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش ڕاڤەی ئەوەی کردووە کە چۆن ئەو ژنە بە کێشەی ناو ڕەعییەتەکانی ڕادەگەیشت، کاروباری ئەوانی جێبەجێ دەکرد بە بێ ئەوەی کاری ژنانەی خۆشی لەبیر بەرێتەوە وەك پارچە کرپن و کاری ناوماڵ.«٤٢» مس بێڵیش لەبارەی عادیلەخانمەوە وتوویەتی:» کەسایەتی دیاری هەڵەبجە عەدلەخانمە، ...، ئەم خانمە بەردەوام بوو لەفەرمانڕەواییکردنی جاف بەوپەڕی توانایەوە و کاریگەریی لەوە بەهێزترە کەوا بیری لێ بکەیتەوە کەسێك بیکات و بە گشتیی وەك خانمە گەورەکانی کورد هەڵسوکەوت دەکات».«٤٣»

سەرباری هەموو ئەو شایەدییانەی لەلایەن کوردناس و گەڕیدەکانەوە لەسەر مێژووی عادیلەخانم دراوە و باس لەپێگە و کاریگەریی ئەم ژنە کراوە، کەچی ئەگەر لەسەرچاوە کوردییەکاندا بگەڕێین هەموو ئەوەی لەسەر ژیاننامە و کاریگەریی ئەم خاتوونە نووسراوە لەچەند لاپەڕەیەك تێناپەڕێت، تەنانەت لەچەند لاپەڕەیەکدا باس لەکار و چالاکییەکانی کراوە، مافی تەواو بە پێگە و ڕۆڵی ئەم خاتوونە و تەواوی ئەو ژنانە نەدراوە کە کاریگەرییان لەقۆناغێکی مێژووی کورددا هەبووە و ڕۆڵیان گێڕاوە، ئەمەش بۆ هەژاریی کتێبخانەی کوردی دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە شوێنێکی شیاو ببەخشێتە ناودارەکانی خۆی، هینی هارۆڵد هانسن؛ ئەو کەمتەرخەمییەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: «عادیلەخاتوون لەساڵی ١٩٣٤ لەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانیادا کۆچی دوایی کرد، گۆڕەکەی کە خۆم چوومە سەری و وا لەگۆڕستانی گوندی عەبابەیلێی نەختێ ئەولای هەڵەبجەیە، ساڵی ١٩٥٧ بێ خزمەت بوو، بگرە هەرتەواو پشتگوێ خرابوو، تەرجومانەکەم گوتی گوایە لەسەر خواستی خۆی گۆڕەکەی بایەخی پێ نەدراوە و نەپارێزراوە، بەڵام ئەوەندەیشی گوت کە خەڵك مەرو بزنی لەسەر دەلەوەڕێنن و بە ساردیی یادی عادیلەخاتوونی هەڵەبجە دەکەنەوە، دیاربوو تەرجومانەکەشم هەستی هەروا بوو».«٤٤»

دەتوانین بڵێین کەمبایەخیی مێژووی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بواری نووسین یەکێکە لەو مەیدانانەی کە تەواو پاوان کراوە بۆ پیاوان وژنان زۆر بە کەمیی لەم بوارەدا بەدی دەکرێن، فاکتەرەکانی ئەم دەرنەکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کێڵگەی نووسین بە گشتیی و ئەدەبیات و فەلسەفە و مێژوو بە دەستی پیاوەوە بووە، پارە و دەسەڵات و چاپەمەنییش هەر لەدەستی پیاواندا بووە، ژنان لەم بوارەدا ونن، هیچ ژنێك نەبۆتە خاوەنی دەزگایەکی چاپەمەنی یان بەڕێوەبەری دەزگایەکی پەخش، لەم بوارەدا ژنان دەشاردرێنەوە و ڕۆڵیان وەلا دەنرێت و تەمومژ دەخرێتە سەر ئەو هەوڵە کەمانەی کە ژنان لەم بوارەدا بەخەرجی دەدەن. هەروەها فاکتەری ئاستی فەرهەنگی کۆمەڵگە و ئەو قەید و بەندانەی کە بوونەتە کۆسپی گەورە لەبەردەم

هەزارنامەی کتێب

داهێنان و بەرجەستەکردنەوەی توانای فیکریی و هاتنە مەیدانی بواری نووسین. «٤٥» هەموو ئەمانە ڕۆڵیان هەبووە لەتۆمارنەکردنی مێژووی پڕپایەخی ئەم ژنانە. لەگەڵ ئەوەشدا عادیلەخانم وسەرجەم ئەو ژنانەی لەمێژووی کورددا ڕۆڵیان گێڕاوە لەیادەوەریی مێژوودا بە زیندویی دەمێننەوە.

## سەرچاوەکان:


«١» ئیمام عبدالفتاح ئیمام: جۆن لۆك و ئافرەت، تێڕوانینێك لەفەلسەفەی کۆمەڵایەتی، و: ئەژین عبدالقادر، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٤، ل: ٣٧.

«٢» سۆزان کەریم مستەفا: وێنای ژنی کورد لەتۆماری گەڕیدە وکوردناسەکاندا، گۆڤاری زانکۆی زاخۆ، ٢٠١٨، ل: ٧٢٢.

«٣» من اقوال الفلاسفة والعظماء فى المرأه،
http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=381

«٤» کەمال مەزهەر: ئافرەت لەمێژوودا، چ٢، ١٩٩٦، ل: ١١.

«٥» سۆزان کەریم مستەفا: وێنای ژنی کورد لەتۆماری گەڕیدە وکوردناسەکاندا، ل: ٧٢٣.

«٦» کەمال مەزهەر: سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١.

«٧» ویل دیورانت: ژن، پیاو و ئاکاری سێکسی لەلانکەی شارستانییەتەکاندا، و: دڵشاد کەریم خۆشناو، ٢٠٠٩، ل: ٣٧-٣٨.

«٨» حەسەن ئازاد: ئافرەت لەودیو پەردەی حەرەمسەراکانەوە، و: وریا قانیع، چاپخانەی مناره، هەولێر، ٢٠٠٧، ل: ٣٢.

«١٩» جەمال عەبدول: چەند وردە سەرنجێك دەربارەی ئافرەتی کورد، گۆڤاری دەنگێ، ژ. ٢، تەمموزی ١٩٩٦، ل: ٥-٦.

«١٠» ئەنتۆنی گیدنز: کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٩، ل: ٢٤٤.

«١١» نوخشە عەبدول: ڕۆڵی ژن لەژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی باشووری کوردستان، چاپخانەی دەروون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل: ١٥.

«١٢» هەمان سەرچاوە، ل: ١٥-١٦.

«١٣» ڤیان مەجید: ژن، تاك، سیاسەت، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل: ١٦.

«١٤» شێرزاد حەسەن: لەئەشکەوتەوە بۆ نێو کۆشك، گۆڤاری دەنگێ، ژ. ٢، تەمموزی ١٩٩٦، ل: ١٤.

«١٥» مەهاباد قەرەداغی: ئافرەتیزم، مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لەباشووری کوردستان ١٩١٨-٢٠١٨، ل: ٤٣.

«١٦» بەشدار عومەر ڕەفیق: ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ژنی کورد لەباشووری کوردستاندا (١٩٢١-١٩٥٨)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠١٢، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، ل: ٩.

«١٧» سۆزان کەریم مستەفا: وێنای ژنی کورد لەتۆماری گەڕیدە وکوردناسەکاندا، ل: ٧٢٣-٧٢٤.

«١٨» مەهاباد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٣.

«١٩» کەمال مەزهەر: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٤-٤٤.

«٢٠» پرشنگی بابایی: باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لەڕۆژگاری دێریندا، و: وریا قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل: ٩٠.

«٢١» کەمال مەزهەرئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧٤.

«٢٢» باسیلی نیکیتین: الکرد، دراسة سوسیولوجیة وتاریخیة، ت: د. نوری طالباني، اربیل، ٢٠١٣، ص: ١٦١.

«٢٣» دەبلیو. ئاڕ. هەی: دوو ساڵ لەکوردستان، گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا، و: لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠١٠، ل: ٤٦-٤٧.

«٢٤» باسیلی نیکیتین: المصدر السابق، ص: ١٦١.

«٢٥» دەبلیو. ئاڕ. هەی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٦.

«٢٦» ڤلادیمێر مینۆرسکی: مینۆرسکی و کورد، هەولێر، ٢٠٠٢، ل: ٢٤.

«٢٧» درك کینان: کورد وکوردستان، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل: ١٩.

«٢٨» محەمەد حوسێن: لووڕستان لەسەفەرنامەی گەشتیاراندا، و: سەڵاح نیساری، هەولێر، ٢٠١٣، ل: ١٣٠.

«٢٩» ڕۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، و: ئەحمەد تاقانە، کوردستان، ٢٠٠٥، ل: ١٣٩-١٤٠.

«٣٠» پرشنگی بابایی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٢.

«٣١» بەهار عبدالرحمن محمد: بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لەعیراقدا، چاپخانەی سەنتەری یاد، ٢٠١٠، ل: ٣٠.

«٣٢» هیبە ڕەئوف عیزەت: ئافرەت و کاری سیاسی، دیدێکی ئیسلامییانە، و: بەکر حەمەسدیق ، یاسین رسول، سلێمانی ، ٢٠٠٠، ل: ١٢٤.

«٣٣» نوخشە عەبدول : سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٧.

«٣٤» عەباس مەلا ئیبراهیم حافظ: سلێمانی لەبیرەوەرییەکانمدا، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، سلێمانی ، ١٩٩٦، ل: ٧٦.

«٣٥» سیسل جۆن ئێدمۆندس: کورد، تورك عەرەب، و: حامد گەوهەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ٣٤-٣٥.

«٣٦» مەهاباد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٤.

«٣٧» بەکر حەمەسدیق عارف: هەڵەبجە قوربانیی ڕقی تۆڵەکردنەوە لەمێژوو، گۆڤاری (هەڵەبجە) ،چ٢، سلێمانی ، ژ. ١، ٢٠٠٠، ل: ٥٥.

«٣٨» مەهاباد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٥-٤٦.

«٣٩» هێنی هارولڵد هانسن: ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گەردی، بەغدا، ١٩٨٢، ل: ٢٦-٢٧.

«٤٠» بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردی لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دهۆك، ٢٠٠٨، ل: ٣٥٨، ٣٥٩ و ٣٦٠.

«٤١» عادل صدیق: هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٣٠)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨، ل: ١٦٠.

«٤٢» واسیلی نیکتین: کورد و کوردستان، و: خالید حسامی (هێدی)، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨، ل: ٣٦.

«٤٣» کورد لەنامەکانی مس بێڵدا، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، سلێمانی، ٢٠١٦، ل: ١٤٠.

«٤٤» هێنی هارولڵد هانسن: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٨.

«٤٥» د. سۆزان کریم: قەڵەمی ژنی کورد و نووسینەوەی مێژوویی، گۆڤاری ئایندەسازی، ژ. ٤٤، سلێمانی، ٢٠١٦.

# تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەڕۆڵی سیاسیی‌وکۆمەڵایەتیی (عادیلە خان)دا «١٨٥٩-١٩٢٤»

## توێژینەوەیەکی زانستیی‌و شیکارییە



ماجید خەلیل فەتاح

هەواڵنامەی کتێب

لەدایکبووی هەورامان، ١٩٨٠
بەکالۆریۆسی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤
ماجستێری مێژووی هاوچەرخی کورد، زانکۆی سلێمانی
ئێستا خوێنکاری دکتۆرایە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، زانکۆی سلێمانی
سەرۆکی بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
بەشدار بە توێژینەوەی ئەکادیمی لە ١٢ کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی ناوەوە و دەرەوەی وڵات
٦ کتێبی نووسراو و ٢٠ دانەی وەرگێردراوی هەیە

## پێشەکی

تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی عادیلەخاندا، توێژینەوەیەکی جۆربی و جیایە و شیکارێکی زانستیی بنەما بنەڕەتییەکانی کوردبوونە لەکایەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسەتدا. عادیلەخان وەک پاڵەوانی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد ووەک ڕچەشکێن و ڕمبەدەستێکی بەرەنگاری کۆنخوازی و چەقبەستوویی؛ هاتۆتە پێشەوە و لەناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان و لەناو پێکهاتە و هۆزگەلێکی لووتەلا و تەوەلا لەیەکتری ڕاسانێکی نیشانداوە کە وەک سەراسیمایەک توانیویەتی هاوبەشی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەو قۆناغ و ناوچە دیاریکراوە مێژوویەدا زیندوو ڕابگرێت.

لەم توێژینەوەیەدا کوردبوون لەنەخشی سیاسەت وکۆمەڵایەتیدا؛ لەڕووە سیاسییەکەوە بەڕوەبردنێکی پێکەوەیی، لێپێچینەوەیەکی ورد، دادپەروەرییەکی تەندروست، لۆژیکێکی ئەزمونگەرا و مامەڵەیەکی دیپلۆماسیی هاوسەنگ لەو ساتەوەختە هەستیارانەدا ڕەچاو دەکات، لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەشەوە، بنەمایەکی جوانی وەکیەکی جێندەریی و جووڵانەوەیەکی شۆکهێنەر لەدۆزەخی نەریتە سواوە کۆمەڵایەتییەکەدا دەهێنێتە پێشێ کە توراسی تژی بە ڕۆحی کوردبوون زیندوو ڕادەگرێت.

بۆیە بایەخی ئەم توێژینەوەیە ئێجگار لەجێگەی خۆیدایە کە شیکارێکی ورد و ناوازە و دەگمەنە لەڕەهەندەکانی کوردبوونی ئەم خاتوونەدا، لەم توێژینەوەیەدا دەویسترێت مێژوو لەو ساتەوەختە هەستیارانەدا نەمرێت و مێژوو بهێنرێتە ژێر ڕکێفی لۆژیکی نەوەی ئێستا. هاوکات هەوڵێن توێژینەوەیە کە لەخستنەڕووی خەباتی عادیلەخاندا بارودۆخەکە بە وردی شیکراوەتەوە.

سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە شاهێدییدانی نووسەر و گەڕیدە و کوردناس و مێژوونووسی ئەو قۆناغەن، هەڵوێستە لەسەر دەربڕینەکانیان کراوە، ئەدمۆنز و مینۆرسکی و موحەمەد ئەمین زەکی و نووسەرانی ئەکادیمیستی کورد لەقۆناغەکانی داهاتوودا تێکڕا سەرنجەکانیان شیکراوەتەوە. نەویستراوە تەنها گێڕانەوەکان گەرمبکرێنەوە، بەڵکو لەم توێژینەوەدا شتانێکی نوێ و نەدرکێنراو ناویان هێنراوە و ڕوون کراونەتەوە.

هاوکات لەسێ تەوەری دیاریکراودا پێکهاتەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو. تەوەری یەکەم سەرنجێکی گشتییە لەسەر پێکهاتەی خانەوادەیی و ژیانی تایبەتی کۆمەڵایەتی عادیلەخان. تەوەری دووەم پەیوەستە بە بنەما و تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەنەزم و نۆڕینی کۆمەڵایەتی عادیلەخاندا و بە وردیی و بە خاڵ شیکاریی لایەنە پەنهان و پەیپێنەبراوەکانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و عەقڵی کۆمەڵایەتی عادیلەخان کراوە. تەوەری سێهەم، بریتییە لەخستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەئەتواری سیاسیی و ئیرادەی سیاسیی و کاری سیاسیی عادیلەخاندا، بۆ ئەم مەبەستەش بە چەند خاڵێک هەوڵدراوە ڕێوشوێنەکانی سیاسەتکردنی پەیوەست بە ڕۆحی کوردبوون شیبکەینەوە.

پاشانیش ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک -کە هەڵهێنجراوی ناوەڕۆکی سێ تەوەرەکانە- خراونەتە ڕوو. دیارە ئەو خاڵانە زیاتر لەچوارچێوەی پێشنیار و ڕاسپاردەگەلێکیشدا شوێنیان کراوەتەوە.

گرفتەکانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە جگە لەوەی هەر لەسەرەتاوە دەستبردن بۆ مێژووی هاوچەرخی کورد دەستبردنێکی سەخت و دژوارە، چوون بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی درووست لەهیچ ئەرشیفێکی ئەم هەرێمەدا بە پێی پێویست نییە، هاوکات نەمانتوانیوە دەستمان بگات بە ئەرشیفی بەڕیتانی لەو قۆناغە دیاریکراوەی مێژووی نەتەوەکەماندا.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک پێویست بەهرەدار بووین لەو ئەرشیفەی ئینگلیزەکان کە خراوەتە ڕوو. هەربۆیە بۆئەوەی خۆمان لەتوێژینەوەی گێڕانەوە کلاسیکییەکان لابدەین، بە شیکارێکی زانستییانەی سۆسیۆلۆژیی و سیاسیی توانیومانە ماف بدەینە ئەو قۆناغە دەگمەن و درەوشاوەی مێژووی نەتەوەکەمان کە عادیلەخانم داگیرسێنەری بووە.

## تەوەری یەکەم: پێکهاتەی پێشینەی بنەماڵە و ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی عادیلەخان

عادیلەخان خانمی ناودار و نەریتشکێنی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، ژیانی و ژینگەی خۆی و خانەوادەکەی وابەستە نییە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە ژیانی ئەو لەنەزمی خانەوادەییەوە سێکوچکەیەک لەنێوان بابان و ئەردەڵان و ناوچەکانی هەژموونی هۆزی جافدا پێکدەهێنێت. ئەوان خانەوادەکەیان ساحێبقڕانییە. ساحێبقڕان بنەماڵەیەکی ناودار و دەسەڵاتداری شاری سلێمانیین و لەسەدەی نۆزدە و بیستدا گەلێ گەورەپیاو و ژنی ناوداریان لەخزمەت و خەباتی نەتەوەییدا لێ هەڵکەوتووە. عادیلەخان کچی (عەبدولقادربەگی ساحێبقڕانە)، ئەم خانەوادەیە لەبەر ئەوەی کە گلۆڵەی دەسەڵاتی بابانەکان لەشاری سلێمانی کە پێتەختی بابانەکان بووە، کەوتووەتە لێژی، بۆیە ناچار بەڕێز و شکۆوە لەلایەن خانەوادەی ئەردەڵانەکانەوە و لەشاری سنەی پێتەختی خانەدانی ئەردەڵانەوە پێشوازییان لێدەکرێت. مێژوونووسان پێیان وایە ساڵی ١٨٥١ چوونەتە شاری سنە و دەربازی سلێمانی بوون. ئیدی پاش هەشت ساڵ و لەساڵی ١٨٥٩دا عەبدولقادری ساحێبقڕان کیژێکی بە نێوی عایلەدەبێت. بابی عادیلەخان؛ بۆ خۆی نووسەر و ڕۆشنبیر بووە، ئەو خاوەنی کتێبی (سیرة الكراد)«١».

ساحێبقڕانەکان چەندەها ناوی درەوشاوەیان هەیە لەوانە: سالم، حەمدی ، ساڵح بەگی ساحێبقڕان.

سەرچاوەکان ئاماژە بە پێشینەی ئەم خانەوادەیە دەکەن کە لەهەوەڵ جاردا لەسنەوە چوونەتە قەڵاچوڵان و پاشان لەسلێمانی گیرساونەتەوە. بۆیە وەختێک دەچنەوە سنە ساحێبقڕانەکان هیچکات هەستیان بە غەوارەیی و غەریبی نەکردووە و بگرە لەنزیکترین و هەستیارترین پۆست و پلەکانی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا ماونەتەوە. بابی عادیلەخان لەسنەدا هاوسەرگیریی لەتەک خانمێکی سەر بە بنەماڵەی وەکیلەکانی سنەدا دەکات، کە خانەوادەیەکی پایەدارو مەزنی ئەو شارەن.

عادیلەخانم لەبەرئەوەی لەهەردوو سەری باب و دایکیەوە خودانی شۆرەتی بنەماڵەیی و ڕۆشنبیری و زەنگینی و دەسەڵات بووە، بۆیە بە زارۆیی مامۆستای تایبەتی بۆ دەگرن و فێری زانستەکانی قورئان و قورئانخوێندن دەبێت و لەنەوجەوانیدا زمانێکی پاراوی عەرەبیی و فارسیی و کوردیی دەزانێت. هەندێک لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بە شێوەزاری هەورامی بە تەواوی دوواوە. چوون زۆرێک لەوزانا ئایینییانەی لەنزیک دەسەڵاتی ئەردەڵان و خانەوادەی وان بوون بە هەورامی پەیڤاون و نووسیویانە. بۆیە عادیلەگەلێ لەشیعرو هۆنراوەی شاعیرانی هەورامی لەبەر بووە و واتاکانیانی بە تەواوی زانیوە«٢».

بۆ هەوەڵجار ئەم خانەوادەیە هەوڵی نێزیکبوونەوەیەکی ڕۆحی و ڕەونەقدانێکی کوردبوونیان لەنێزیکی بابان و ئەردەڵاندا دەستداوەتێ، تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاون؛ بەڵکو هۆزی گەورەی جافیان لەنێزیکی و ڕایەڵەی خزمایەتییدا تاوداوە تاوەکو چوارچێوە و پانتایی پەیوەندییەکان فراوانتر بکەن. بۆیە عەبدولقادربەگی ساحێبقڕان، کیژەکەی خۆی

بەناوی عادیلەکە ساڵی ١٨٥٩ لەشاری سنە لەدایک بووە، لەتەمەنی ٣٦ ساڵیدا دەداتە وەسمان پاشای جاف لەشاری هەڵەبجە. جافەکان پێوەندیان توندوتۆڵ بوو لەتەک خاندانی ئەردەڵان لەسنە. وەسمان پاشا کوڕی حەمە پاشای کوڕی کەیخەسرەوبەگی جافە. ئەوان بۆخۆیان خودانی موڵک و ماڵ و پێگەی بنەماڵەی و سوارە و هێزی دەسەڵاتدار بوون لەتەواوی شارەزوور و گەرمیاندا. بۆیە وەختێک عادیلەخان هاوسەرگیریی لەتەک وەسمان پاشا دەکات لە١٨٩٥، پاش مەرگی حەمە پاشای جاف و مەحموود پاشا دەسەڵاتی تەواوی هۆزی جاف دەکەوێتە دەست عوسمان پاشای هاوسەری عادیلەخانم. عوسمان پاشا وەک قایمقامی هەڵەبجە دەستنیشان کراوە، ئەودەم سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە، ئەوە لەکاتێکدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سنە لەژێر ڕکێفی قاجارەکاندا بووە. تەنانەت مێژوونووسان دەڵێن وەسمان پاشا بۆیە ئاشنا بووە بەو خانەوادە تاوەکو کەڵک لەشۆرەت و توانا و نزیکییان وەربگرێت. وەسمان پاشا جیا لەقایمقام و دەسەڵاتدارانی تر توانی بە زوویی پێگەی جافەکان لەدەستپێکی سەدەی بیستەمدا بچەسپێنێت. توانی لەفەراغی سەردار و میرەکانی کورددا ئەو بمێنێتەوە و ئیدارەی ململانێ و گۆڕانکارییە نوێیەکانی سەردەمەکە بدات. وەسمان پاشا لە١٩٠٩دا کۆچی دوایی دەکات، ئیدی عادیلەخان دەبێتە یەکەمین دەسەڵاتدار و سەردار و قسەڕۆیشتووی ناو هۆز و تیرەکانی جاف و ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور. ئەدمۆنز لەکتێبەکەیدا باس لەوەدەکات کە پاش مەرگی وەسمان پاشا تەواوی دەسەڵاتی هەڵەبجە و هۆز و تیرەکان تا سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەوێتە دەست عادیلەخانم. دەسەڵاتی عادیلەخانم دارای تایبەتمەندییەکی خۆی بووە. جگە لەوەی دووان لەڕۆشنبیر و شاعیر و سوارچاک و هەڵکەوتووی کورد لەسەر دەستی ئەو پەروەردەکراون کە کوڕانی وەسمان پاشا و عادیلەخانن، ئەوانیش ئەحمەد موختاربەگ و تاهیربەگی جافن«٣». تایبەتمەندییەکان خۆیان دەبیننەوە لەمانەی خوارێ:

یەکەم: لەڕووی پەروەردەی خێزانییەوە بە بیرێکی نوێ و عەقڵێکی کراوەی دانەبڕاو لەکەلتووری ڕەسەنی جاف و کوردەواری فەرمانبەرداری کردووە. دادپەروەر بووە و توانیویەتی بەندیخانەی تایبەت بە تاوانباران بکاتەوە کە پێشتر بەو جۆرە لەناوچەکەدا بەندیخانە نەبووە.

دووەم: گرنگیی بە خوێندەواریی و خوێندن داوە.

سێهەم: دیپلۆماسی بووە و لەتەک ئێران و ئێراق و هاوپەیمانان و هۆز و تیرەکانی ناوچەکە پەیوەندییەکی هاوسەنگی بووە و هەرگیز پەنای نەبردووەتە بەر جەنگ و بە ئاشتیی گرفتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی چارە کردووە.

چوارەم: تەنها دەسەڵاتێکی کوردی بووە کە لەغیابی میرنشینە کوردییەکاندا و لەچوارچێوەی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیدا مابوویەوە و مۆرکی کوردبوونی پاراستبوو، بۆیە ئەو قایمقامە تورکانەی کە عوسمانییەکان دایاندەنان نەیاندەتوانی ناسنامەی عوسمانییبوونی خۆیان بە بەهێزی بهێڵنەوە و دەکەوتنە ژێر هەژموونی نەریتی کوردانەی جافەکانەوە.

پێنجەم: یارمەتیدەرێکی باشی ئەو قۆناغی گواستنەوەیەی زمانی کوردی بوون لەگۆرانەوە بۆ شێوەزاری سلێمانی، بۆیە کەوتنی ئەردەڵانەکان لەڕووی فەرهەنگیی و ئەدەبییەوە لەتمەی گەورەی دایە گۆران و هەورامی زمان. بەڵام ئەوان لەپانتاییەکی جوگرافی دیاریکراوی کوردستاندا زمانی کوردییان لەقوتابخانەیەکی نوێوە کە ڕیشەکەی سێکوچکەی بابان دایاننابوو هەڵساندەوە.

عادیلەخان لەتەمەنی ٦٥ ساڵیی و لەساڵی ١٩٢٤ و-دروست لەوکاتەی کە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان جودا کرابوویەوە و بەرەبەرە ئەوە ساغ بوویەوە کە ویلایەتی موسڵ دەخرێتە سەرئێراقی عەرەبی-؛ کۆچی دوایی دەکات. ئیدی مەرگی عادیلەخان، هاوکاتە لەگەڵ مەرگی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردبوون و دەستپێکی عێراقێکی نوێ کە لە١٩٢٦دا ڕادەگەیەنرێ و ناوچەکە ڕووبەڕووی دیاردە و دنیابینییەکی نوێی پادشایەتی هاشمی دەبێتەوە«٤».

**تەوەری دووەم: تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەڕۆڵی کۆمەڵایەتیی عادیلەخاندا**

عادیلەخانە لەقۆناغی ئامادەگیی و چالاکییەکانی ڕۆژانەیدا لەمیانی ١٥ ساڵدا کە کەسی هەووەڵی ناو هۆز و تیرەکانی جاف بووە، توانیویەتی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی کوردبوون لەو نەزم و سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا بخاتە ڕوو. عادیلەخانم گەلێ ڕچەی شکاند، ئەو ڕچانەی کە بەربەستی بەردەم کوردبوون بوون و هێزە هەرێمی و نێونەتەوەییە نامۆ و غەوارەکان چاندبوویان. بۆنموونە لەکاتێکدا عادیلەخان هاتە پێشەوە کە میرەکانی کورد بێدەسەڵات و میرنشینەکانیان خاپوور و خەباتیان بە هەدەرچوو. عادیلەخان کاتێک هات کە هێزە عیرفانیی و ڕۆحییەکانی تەریقەتی قادریی و نەقشبەندیی و تیجانیی و سلێمانیی شکستی خواردبوو؛ چ لەشەمزینان و چ لەڕۆژهەڵات و چ هەژموونی بارزانییەکان لەباشوور تێکڕا سزادران بە تۆمەتی شۆڕشگێڕی. بۆیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبوو ڕچە بشکێنێ، ڕچەی ئەو نەریتە نەخوازراوانەی کە پێنج سەدە والیی و بەرپرسانی توورک لەناوچەکە دەیانسەپاند، ڕچەی ئەو دووبەرەکییە خێڵەکییانەی کە ئێرانییەکانی سەفەویی و ئەفشار و زەند و قاجار دەیانچاند«٥». لەم خاڵانەی خوارەوە تایبەتمەندییەکانی کوردبوونی بواری کۆمەڵایەتی عادیلەخان دەخەینە ڕوو.

یەکەم؛ ژنبوون لەسەردەمی ئەودا و لەناو ڕیشە بەهێزەکانی فیوداڵیزم و خێڵەکییدا کارێکی سەخت بوو، ئەو بنەمای کوردبوونی لەمافی ژندا شوێن کردەوە، چوون عادیلەخانم وەک پیاوێک کاربەدەست نەبوو، بەڵکو وەک ژنێک و وەک دایکێک و وەک خانمێکی سەلار و وەک کچێک هاتە پێشەوە، خواستی ژنانی بەجێ گەیاند ولەناو تیرەکانی جافدا کە گەورەترین هۆزی کورد و بەرفراوانترین پانتایی جوگرافییان لەژێر دەستدا بوو، بووە ڕچە شکێن. هەمیشە پیاوان سەهەندی ژنان بوون، بەڵام عادیلەبووە سەهەندی وەسمان پاشا و بووە میراتگری وەسمان پاشا. عادیلەبووە پەروەردەکاری دوو پیاوی ڕۆشنبیر و بەئاگا، عادیلەبووە قوتابخانەی دوو شاعیری مێژووی نوێی کورد. یەکێک لەسیما تاریکەکانی تایبەتمەندیی کوردبوون لەنەزمی کۆمەڵایەتییدا بریتی بوو لەپێشێلی مافی ژن، بەڵام ئەو مافی ژنی وەک خۆی هێشتەوە، لەو قۆناغەی دەسەڵاتی ئەودا نەیهێڵا بچووکترین تاوان و دەستدرێژیی و توندوتیژیی دەرهەق بە ژنان بکرێت. نەریتی باڵادەستی ژنانی کردە مۆرکێکی کوردبوون.

دووەم؛ یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە کوردناسەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەنا و ستایشی کوردی پێدەکەن، بریتییە لەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەی کە لەسەردەمی عادیلەخانمدا هەبووە. ئەو توانی گەڕیدە ئەکادیمییەکانی ئینگلیزکە لەسەدەی بیستەمدا و پێش جەنگی جیهانی دەهاتنە ناوچەکە وا لێ بکات کە لەئەدەبیاتی نووسینیاندا کورد وەکو ژنکوژ و تاڵانچی و خێڵی بێفەرهەنگی توورکئاسای ئاسیای ناوەڕاست وێنا نەکەن، بەڵکو عادیلەڕووی شارستانیی جاف و کوردی نیشاندا و بە وردیی مارک سایکس درایفەر و ئەدمۆنز و مێجەرسۆن وهتد باسیان کردووە«٦».

سێهەم؛ مژدەدەرە مەسیحییەکانی فەڕەنسا و ئەمریکا و ئینگلیز، مژدەبەرەکانی کەنیسەی ئەرسەدۆکسی ڕووسیای تزاریی، لەنێو نووسینەکانیاندا ناوی هەڵەبجە و شۆرەتی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزووریان بە ڕچەشکێن لەبواری کۆمەڵایەتی ناساندووە، کە لەسایەی عادیلەخاندا پێکەوەژیانی ئایینی بوونی هەیە، جوو و کاکەیی و یارسان و موسڵمان تێکڕا دەتوانن پێکەوە بژین، لەکاتێکدا لەناوچەکانی باکووری کوردستان جەنگ و کوشتاری نێوان ئەرمەن و کورد لەلووتکەدا بوو. عادیلەخانم دیسانەوە تایبەتمەندیی کوردبوونی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەوە پاراست کە ڕێزی لەجووەکان و یارسانەکان دەگرت. ئەوە بنەمایەکی بەهێزی ڕۆحی کوردبوون بوو کە باوەڕی بە فرەئایینی هەبوو.

چوارەم؛ عادیلەخانم ژنێکی کۆنزەرڤاتیف و پارێزگاری ئایینی نەبوو، دارای عەقڵێکی کراوە بوو، وەک دەسەڵاتدارانی ترنەکەوتبووە بەرتین و تاوی ئایینەوە و حوکمی ئاراستەی کۆمەڵایەتی دیاریبکات، بەڵکو لەکۆڕ و کۆبوونەوەی غەوارەکان بە سەری بڵند و بە گەشیی و بە بوێریی دەجووڵایەوە و هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو؛ توانی ئەو ڕچەیە بشکێنێت، چوون پێشتر پیاوانی ئایینی نەزمی مامەڵە لەگەڵ کەسانی نامۆ و دیاندا دیارییان دەکرد.

پێنجەم؛ عادیلەخانم بڕوای بە ئازادیی ئایینیی هەبوو، وەک چۆن دادگای دروستدەکرد، وەک چۆن پارکی دروستکرد و شوێنی گشتیی دروستکرد تا کۆمەڵانی خەڵک بتوانن لەو شوێنە گشتییانەدا تێکەڵ بن کە ڕۆحی دۆستانە و هەماهەنگی دیسانەوە تایبەتمەندییەکی تری کوردبوونە، بەوجۆرەش مزگەوتی دروستدەکردو دێری جووەکانی ئاوەدان ڕادەگرت و دەیپەرژایە سەرهاوکاریی یارسانەکان وبنەمایەکی کۆمەڵایەتی پتەوی تێدا دەچاندن.

شەشەم؛ باوەڕی بە کۆمەڵێکی ئازا و بوێر و ڕۆشنگەر بوو، بۆیە بە ڕۆحێکی نیشتیمانییەوە لەتەواوی ناوچەکانی کوردی دەڕوانی، ئەوە لەکاتێکدا بوو لەڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە ئایین و تەریقەت و شێوەزاری جیا لەتەمەی گەورەی لەکورددا بوون بەڵام عادیلەخان توانیبووی بە ڕۆحێکی کوردانەوە بجووڵێتەوە بە جۆرێک هەموو ئەو پێکهاتانەی وەک یەک سەیر دەکرد، بە جۆرێک زیندان و بەندیخانەکەی سەردەمی ئەو زۆرتر ناسراوەکانی خۆی تێیدا بوون تا کەسانی بیانیی و دەرەکی. هەروەها ڕۆژێ لەڕۆژان جوویەک یان دیانێک یان هاوارییەکی سزا نەداوە، بەڵکو بۆ سزادانیان داوای دەکرد گەورەی خۆیان سزایان بدەن. ئەم بنەمایە زۆر گرنگ بوو بۆ ئاراستەکرانی ڕۆحێکی پێکەوەیی«٧».

حەوتەم؛ ناوبراو لەڕووی ڕۆشنگەرییەوە توانی ڕچەی ئەو بوارە دواکەوتوویە بشکێنێت، چوون میتۆدی خوێندنی لەمیتۆدێکی چەقبەستووی نەریتییەوە کردە میتۆدێکی نوێ کە کاریگەربوو بە بواری پەروەردەیی خۆرئاوا. ئەو کرانەوەیەش بەشێکە لەکولتووری کۆمەڵایەتی کوردی کە لەئەدای کۆمەڵایەتی عادیلەخاندا ڕەچاو دەکرا. کەواتە عادیلەخانم لەپێودانگی مافی ژن، ئازادی ژن، کۆمەڵگەی کراوە و ئازادەوە توانی هەنگاوی گەورە بنێت.

هەشتەم؛ عادیلەخانم توانی جەنگە نەریتییەکانی نێوان خێڵەکانی جاف کۆتایی پێ بهێنێت و گیانی ئاشتەوایی -کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردییە- زیندوو ڕابگرێت. هەروەها پەیوەندییەکی دۆستانەی لەنێوان هەورامیی و جاف و یارسان وزەنگنە وهۆز وتیرەکانی دەرەوەی جاف چاندبوو. بۆیە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی عادیلەخاندا کەمترین گرفتی بواری زەویی و زارو ئاژاوەی شەرەف و نامووس و ململانێی هۆزایەتی و خێڵەکی بوونی هەبوو.

**تەوەری سێهەم: تایبەتمەندییەکانی کوردبوون لەڕۆڵی سیاسیی عادیلەخاندا**

عادیلەخانم لەتایبەتمەندییەکانی کوردبووندا ڕۆڵی سیاسیی فەرامۆش نەکردبوو، بەڵکو بۆ خۆی دیارترین سیاسەتمەداری هەستیارترین قۆناغی کورد بوو، چوون لەدەستپێکی سەدەی بیستەمدا لەرۆژهەڵاتی کوردستان و لەباکووری کوردستان؛ ڕەوتی سیاسیی جیا جیا دروست بووبوون و تێکڕا لەململانێدا بوون، بەتایبەتی لەباکووری کوردستان خواستەکانی کورد لەڕووی سیاسییەوە دابەش بووبوون بۆ مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریی و مانەوە لەژێر حوکمی عوسمانیی و کەوتنە ژێر هەژموونی ڕووس و بەریتانیا، هەموو ئەو فۆرمانە هەبوون، بەڵام عادیلەخانم کارێکی کرد کە تاوەکو ئێستەیش کۆڵەران ناتوانن سیاسەتی عادیلەخانم بخەنە ناو سەبەتەی یەکێ لەهێزەکانەوە، ئەو توانی بەرژەوەندی باڵا لەوەدا ببینێتەوە کە هاوسەنگی ڕابگرێت، بە تایبەت لەو کۆمەڵگە نەریتییەدا کە ئەستەم بوو سەربە عوسمانییەکان نەبیت، عادیلەخانم لەئینگلیز نزیک بوو، لەو ڕەوشەدا کە شێخ مەحمود بە ئەزموونی خۆی و بابی شێخ سەعیدەوە کە کوژراوی دەستی ئیتحادییەکان بوو چووەوە ژێر ڕکێفی عوسمانییەکان و جەنگی شوعەیبییەی کرد، بەڵام عادیلەملی نەدا و نەفرەتی لەئیستبدادی عوسمانییەکان کرد، لەخاندانی قادری و کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمود بە ئاگاتربوو، نەکەوتە ناو داوی ئۆزدەمیرەکانی عوسمانییەوە«٨». بۆیە لەڕووی سیاسییەوە دەتوانین ئەم خاڵانە لەتایبەتمەندی کوردبوونی عادیلەخانمدا بەرجەستە بکەین:

یەکەم؛ عوسمانیەکان گەمەی مەزهەبییان دەکرد لەناو کوردا، جگە لەعادیلەخانم نەکەوتە ناو ئەوگەمە مەزهەبییەوە ئیدی هەمووان تاڵاوی مەزهەبیان چەشت.

ڕاستییەکەی چەمکی ناسیۆنالیزم درەنگتر لەناو کەمینەو نەتەوە موسڵمانەکانی هەردوو لادا سەری هەڵدا«٩». هەریەک لەتورک و فارس لەپاش سەرهەڵدانی کولتووره باڵا نامەزهەبییەکەیان کە جیاواز بوو لەکولتووری باڵای نامەزهەبیی عەرەب، بەڵکو ئایینی وەک چەک بەکاردەهێنا، توانییان ببنە دوو هێزی سەربەخۆی ڕەوا، بۆیە ئەوەی ئەوان ڕەوایەتی ڕاستەقینەیان بۆ دەسەڵاتە سەربەخۆکەیان لێوەوەردەگرت، کولتووره مەزهەبییە عەرەبییەکە نەبوو، بەڵکو ئەوکەلتوره نامەزهەبییە فارسیی و تورکییە بوو کە بەرامبەرکەلتووره نامەزهەبییە عەرەبییەکە سەریهەڵدابوو«١٠».

لەبەر ئەوە؛ تەواوی بزووتنەوە کوردییەکانی نەتەوەی کوردی بندەستی عوسمانیی و سەفەوی، تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم، هەرچەند بە جووڵانەوەی نیشتیمانی ناودەبرێن و تێکڕایان نیشاندەری ڕووخساری نەتەوەیی بوون«١١»، بەڵام گەرلەو بزووتنەوانە ڕابمێنین –بە تایبەت بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم-، مەرجی بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی تێر ناکەن، بەڵام جگە لەبزووتنەوە کوردییەکان هەموو بزووتنەوە نەتەوەخوازییەکانی تریەک زمان و یەک شێوازی بڵاوکردنەوەی کلتوریی و یەک نەزمی ئایینییان هەبوو«١٢».

بەتایبەتی بە کۆتاهاتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان، ئیدی بزاڤی نەتەوەخوازیی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، لێرەوە توێژێکی کۆمەڵایەتیی نوێ کە شێخەکانی تەریقەت بوون، بوون بە ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ئیدی جووڵانەوەی سیاسی و چەکداریی کورد، ڕێباز و ڕەوگە مەزهەبییەکانی کورد ئاراستەیان دەکرد«١٣».

ئەو ڕێبازە تەسەوفییانە لەدوو ڕێبازی جیاوازی سۆفیگەریدا (قادری و نەقشبەندیی)،

پلەو پایە و کەشف و کەراماتیان لەنێو خەڵکی کوردا؛ ڕۆڵێکی مەزنیان بینی لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، بە جۆرێک لەمیر و سەرۆکهۆزەکان سەرکەوتووتر بوون«١٤». دیارە مێژووی تەریقەتەکانی کورد لەپێش مێژووی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدایە«١٥».

سەرەتا ڕێبازی قادریی لەکوردستاندا بڵاو دەبێتەوە، ڕێبازەکە لەلایەن دوو سەید بە ناوی عیسا و موسا لەهەمەدانەوە دێنە خوارووی کوردستان ئاشنا دەبێت بە کوردە موسڵمانەکان«١٦». لەڕاستیدا دامەزرێنەری ڕێبازەکە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە «١٠٧٧-١١٦٦ز»، ئەم ڕێبازە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم تەنها ڕێبازی سۆفیزم بوو لەکوردستاندا«١٧». پێش پێدابوونی تەریقەتی نەقشبەندی بە تایبەتی لەنێو میرنشینی باباندا، تەریقەتی قادریی ببوویە مەزهەبی فەرمی میرنشینەکە«١٨».

سەبارەت بە نەقشبەندییەکانیش؛ لەسەدەی نۆزدەهەم لەلایەن «خالید بەکداشی»یەوە هاتووەتە کوردستانەوە. ئەم شێخە بە ڕەچەڵەک کوردی باشووری کوردستانە، لەو دەمەدا لەهندستانەوە و لەساڵی «١٨٠٩»ی زایینیدا ڕێ و ڕێبازی بانگەوازەکەی وەرگرتووە. ئیدی ئەو لەوێوە برەوی دا بە لقێکی نوێ لەڕێبازەکەدا، کە دواتر بە لقی خالیدیی یاخۆ خالدییەی نەقشبەندیی ناسرا. بە گشتیی ڕەوگەی نەقشبەندیی لەباکووری قەوقازەوە تا ئەدەنووسیا زەبرێکی کاریگەر و وروژێنەر بوو بۆ ڕەوشی کۆڵنیالیزم کە لەو دەڤەرانەدا دەگوزەرا. نەقشبەندییەکان مانای ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسییان لەبەرامبەر میریدا لەخۆدا دەدۆزییەوە«١٩». ئەم ڕێبازە لەنێو کورددا بڵاو دەبێتەوە، وەک دیدێکی ئایینی تێکەڵ بە دیدێکی سیاسی دەبێت. ئەو دەم مەزهەبی سوننییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە و شیعەکانیش لەلایەن قاجارەوە برەوی پێدەدرێت، وەڵێ ئەم ڕێبازە تەسەوفییە لایەنگریی لەهیچکامیان ناکات، ئەوەبوو بەهاتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ سلێمانی لەلایەن (عەبدولڕەحمان پاشا)ی بابان و سوڵتانی عوسمانیی و تەریقەتی قادرییەوە دژایەتی دەکرێت. تا وای لێهات هەڵوێستی سیاسییانەی ئەم ڕێبازە بوویە هەڵوێستێکی دژ بە ستەم و لەسەرانسەری کوردستان و بە تایبەت لەسلێمانی و سنە و هەورامان و نەهریی و بارزان و تەنانەت لەدەرەوەی سنوری کوردستانیش کاریگەریی مەزن بەجێدەهێڵێت، بە جۆرێک لەتەواوی ڕێبازەکە هەزاران مورید و ٣٤ خەلیفەی کوردو ٣٣ خەلیفەی سەر بە نەتەوەکانی تری دەبێت«٢٠».

ڕۆڵی گەورەی شێخەکان لەبۆشایی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و دوای سەرکوتی ڕاپەرینە چەکدارییەکانی میرنشینەکان لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، پاشماوەیەکی کەم لەڕاپەڕینی بەرفراوانی (شێخ عوبەیدوڵا)ی نەهرییەوە دەست پێدەکات، بەر لەو ڕابردووە، هیچکام لەشێخەکان بە پلەی هەوەڵ سیاسیی نەبوون. ئیدی شێخەکان و ڕێبازە سۆفییەکان دێنە نێوژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کورد، بە جۆرێک نێزیکەی هەموو سەدە سەرکردە سیاسییەکان یان شێخ بوون یاخۆ لانیکەم لەبنەماڵەی شێخەکانبوون«٢١». عوسمانییەکان کەڵکیان لەسۆزی ئایینیی کورد و کاریگەریی ڕێبازە ئایینییەکان لەکوردستاندا بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیی خۆیان بینیی.

دیارترین نەزمێکی ئایینی کە عوسمانییەکان لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتیان لەهەمبەر کورد بەکاریان هێنابێت برێتی بوو لەسیاسەتی دروستکردنی (سوارەی حەمیدی)یە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم «١٨٧٦-١٩٠٩» زایینی، سوڵتان ساڵی

١٨٩١ فەرمانی دا بە دامەزراندنی لەشکری حەمیدییە، ئەم چەکدارانە زۆرتر لەنێوچە سنورییەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی کە هاوتای سنوورەکانی ڕوسیا بوون وەک پاسەوانی سنوور پێک هێنرابوون«٢٢». عوسمانییەکان لەم پرۆژەیەدا چەندین نیازیان هەبوو کە بە چەکی ئایینی دەکرا، پیاوە ئاینییەکانی کورد فەتوایان پێ دەرکرا کە ئەرکی سەرشانیانە بچنە نێویەکەکانی حەمیدییەوە، چوون ئەوە جیهادی پیرۆزە و هەوڵێکە بۆ پارێزگاریی لەئیسلام و موسڵمانان. لەم هەڵمەتەدا پیاوانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا«٢٣».

ڕووسیا مەبەستی بوو بە پشتیوانییکردنی ئەرمەنەکان -کە دیسان بە هۆکاری ئایینی دەهاتە پێشەوە-؛ خۆی بخزێنێتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانییەوە. دیارە ئەرمەنییەکانیش بندەستی ئێران و عوسمانی بوون و درووست لەپەیمانی زەهاوی ١٦٣٩ ئەوانیش خاکەکەیان دابەشکرابوو«٢٤». عوسمانییەکان ئەوەیان قۆستبویەوە کە ڕووسیا پشتیوانیی کریستیان و ئەرمەن دەکات و کورد وەک نەیار و ناحەز دەژمێرێت«٢٥».

بەمجۆرە سوارەی حەمیدییە چەند دەرهاویشتەیەکی خراپی بۆ کۆمەڵگەی کوردی و چارەنووسی کورد هەبوو، چونکە شوێنەواری لەسەر تاکی موسڵمانی کورد بەجێهێشت و دڵسۆزییان بۆ خەلافەت لەبیرکردنەوەیاندا چاند، هەربۆیە لەو ماوە مێژووییەدا کۆسپی خستە بەردەم گەشەی بیری نەتەوەیی ناائایینی لەناو کورددا«٢٦». هەربۆیە زۆرترینی کورد وەک دڵسۆزی خەلافەت مانەوە لەکاتێکدا بیری نەتەوایەتی لەلای گەلانی تر درزی خستبووە نێوانیان لەگەڵ خەلافەتدا«٢٧». هاوکات عوسمانییەکان کوردیان لەماوەی ٢١ ساڵ «١٨٩٤-١٩١٥» بەکارهێنا بۆ دژایەتی ئەرمەن و کوشتاری گەلی ئەرمەن، دیارە ئەوەیش بە هۆکاری بزوواندنی هەستی ئایینییەوە بوو، کە عوسمانییەکان توانیان درز بخەنە نێوان برایەتی کورد و ئەرمەنەکانەوە«٢٨». بەمجۆرە بەردەوام عوسمانییەکان بە فاکتەری ئایینی هەوڵی کوشتنی هەستی نەتەوەیی و بەکارهێنانی کوردیان خستبووە بەرنامەوە بۆ بەرژەوەندیی پرۆژە داگیرکارییەکەیان.

لەکوردستاندا دوو تەریقەتی سۆفیگەریی ڕۆڵی مەزنیان لەژیانی سیاسیدا دەگێڕا؛ تەریقەتی قادریی تا سەدەی نۆزدە تەنها ڕێبازی سۆفی بوو لەکوردستاندا«٢٩». کە ئەوانیش ساداتی نەهری و بەرزنجییەکان بوون«٣٠». سەرەتا شێخە فیوداڵەکانی تەریقەتی قادریی توێژێکی کۆمەڵایەتی دوورەپەرێزیان پێک هێنابوو. ژمارەیەکی کەم لەبنەماڵەی شێخەکان ئەرکی سەرکردایەتی ئایدیۆلۆژییان بۆ خۆیان پاوان کردبوو. خەلیفەی شێخەکانی قادریی نەدەبوون بە شێخ. نەقشبەندییەکان هاتن ئەم ستراکتۆرە بەستووەیان تواندەوە. تەنها لەکوردستاندا ٢٥ لەخەلیفەکانی مەولانا خالید بوون بە شێخ و پاش کۆچی دوایی مەولانا خالید سەرکردەی ئایدیۆلۆژی دەرکەوتن. بنچینەی ناکۆکییەکان لەنێوان ئەم دوو ڕێبازە هەر لەسەرەتای هاتنی نەقشبەندییەکانەوە بوو، چونکە تەریقەتی قادریی ببوونە بەشێک لەسیستەمی دەسەڵاتداریتی بابانەکان و پشگیریی میرەکان بوون. لەبەرامبەردا نەقشبەندییەکان وەک سیستەمێکی بەرهەڵستکار هاتنە پێشەوە، بۆیە ئاسان نەبوو خەڵک ڕووی تێبکات. ئەمە وێڕای زوو بڵاوبوونەوەی ڕێبازەکەش بە کوردستاندا«٣١».

ناکۆکی نێوان ئەم دوو ڕێبازە لەتمەی بەهێزی دایە شوێن و کاریگەرییان لەخەباتی نەتەوەیی کوردیدا. هەندێک جار ناکۆکییەکان دەبوویە هۆی دابەشکاریی و بەشێک لەشێخەکان بەرتیل و سەرانەیان وەردەگرت و

دەبوونە هەواڵگری وڵاتی داگیرکەر، بۆنموونە جێگری کونسوڵی ئینگلیز لەوان دەڵێت: «بڕێک لەشێخەکان هیچیان لەدز و جەردە کەمتر نییە»«٣٢» .

دیارە نەقشبەندییەکان ڕابەرایەتی گەلێک لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان کرد، بەڵام وەک ئەوەی کە سەرکردەی ئایدیۆلۆژیی زۆریان تێدا هەڵدەکەوت نەیانتوانی لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە نەتەوەی کورد یەک بخەن؛ وەک چۆن ئایدیۆلۆژیای مەزهەبیی وەهابییەکان ڕۆڵی ئەو یەکبوونەی لەنیمچە دورگەی عەرەبیدا بینی. چونکە گەورەبوون و ڕێکخستنی میرنشینی سعودیە پەیوەندیی پتەوی بە ئایدیۆلۆژیای وەهابیزمەوە هەبوو، بەڵام ئایدیۆلۆژیای سۆفیزم لەکوردستان هەرگیز نەیتوانی ببێت بە تەنها سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی و لەتریباڵیزم لابدات«٣٣»، یاخۆ ڕێبازی (سنووسی) لەنێو خێڵە بەدووەکانی خۆرئاوای عەرەبی توانیویانە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی دابڕێژن و سنووری خێڵیان تێپەڕاند و خۆیان لەو پەرتپەرتییەی هۆزەکان پاراست.

مارتین ڤان برۆنەسن ئەو ڕەوشە بەراورد دەکات بە ڕۆڵی ڕێبازە نەقشبەندییەکانی کوردستانەوە و پێی وایە نەیانتوانی شەڕی خێڵەکی و لاوەکی وەلانێن و بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەیان یەکبگرن»«٣٤». بۆ نموونە گەر شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لەباشووری کوردستان وەربگرین، دەبینین ناکۆکی ڕێبازە ئاینییەکان بەشێک لەشارە مەزنەکانی کوردستانی لێ دوورخستەوە و نەیتوانی لەبەرامبەر خواستەکانی ئینگلیز بۆ لکاندنی قەڵەمڕەوەکەی بە ئێراق عەرەبییەوە خۆی ڕابگرێت.

جافەکان -کە گەورەترین هۆزی کوردیی بوون-، لەڕووی تەریقەتی تەسەوفەوە وابەستە نەبوون و نیین بە بەرزنجییەکانەوە، هەر لەبەر ئەوەش پشتیوانیی شێخ مەحموودیان نەکرد. ئەگەر لاوازی پێگەی بەرزنجییەکان نەبووایە کە وەک ڕێبازی قادریی خامۆش ببوون، ئەوا ئەستەمبوو شۆڕشەکەی شێخ لاواز بکرایە«٣٥».

هاوکات شاری کەرکووکیش لەبەر ناکۆکیی ڕەگە ئاینییەکەیان نەبوونە پشتیوانی شێخ مەحموود. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەفسەری سیاسیی بەریتانیا ٨٠٪ی خەڵکی کەرکووک ئەوەیان دایە دوواوە ناوچەکەیان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود، هەربۆیە کە شێخ ڕاپەڕی ژمارەیەکی کەم لەو شارە هاتنە ڕیزەکانی شۆڕشەوە. هۆکاری ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە خەڵکیی وابەستە بوون بە شێخەکانی تاڵەبانەوە، هەربۆیە لەکێشمەکێشی دەسەڵاتدا هەمیشە تاڵەبانییەکان مێملی بەرزنجییەکان بوون، هەرکات بەرزنجییەکان دژ بە بەریتانیا بووبن، تاڵەبانییەکان پشتیوانییان لەبەریتانیا کردووە. دیارە لەبیستەکاندا شێخەکانی تاڵەبان لەتەواوی کفری و کەرکووکدا پێگەی گەورەیان هەبوو«٣٦».

هاوکات شێخەکانی بارزان بە تایبەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی، پشتیوانی بۆ شێخ مەحمود دەرنەبڕی و بە بەکرێگیراوی بەریتانیای دەزانی«٣٧». نەک تەنها لەنێو ڕێبازە سۆفیگەرییە سوننییەکانی کورددا؛ بەڵکو لەنێو ڕێبازەکانی سوننە و شیعە و عەلەویەکانیشدا فاکتەری دابەشبوون لەتمەی دایە ئایندەی کورد و پلانەکانی خۆرئاوایان بە سەرکەوتن گەیاند. بۆ نموونە عەلەویەکان لەناکۆکیدا بوون لەگەڵ کوردە سوننییەکان لەباکووری کوردستاندا. هۆکاری ئەوەیش بۆ سیاسەتی عوسمانییەکان دەگەڕایەوە، ئەوەبوو کە سوارەی حەمیدییە پێک هات، بۆ کوردە عەلەویەکان نەبوو ببنە ئەندام لەنێویاندا«٣٨». شەریف فورات، لەکتێبەکەیدا ئاماژە بەوەددا کە عەشیرەتی

جوبران-ی سوننیی مەزهەب، وەختێ لەکێشەدا بوون لەگەڵ هۆزی هورمیک، حکوومەت لەتاوانەکانی یەکتریی خۆش دەبوو«٣٩». بۆ نموونە پاش ئەوەی عەلەویيەکانی دێرسیم لەمیانی ڕاپەڕینی قۆچگیری-دا لەساڵانی «١٩١٩-١٩٢٠»، بە هۆی بەشدارینەکردنی کوردە سوننییەکان سەرکەوتوو نەبوو، هەروەک چۆن عەلەویيەکانیش لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا نەیاری ئەو شۆڕشە بوون«٤٠».

بەم پێیە دەکرێت بڵێین کە ناکۆکییە مەزهەبییەکان لەنێوان ڕەوگە ورێچکانی تەسەوفدا ڕۆڵی مەزنی گێڕا لەوەی پلانی دابەشکارییەکانی (سایکس-پیکۆ) بۆ دابەشکردنی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

دووەم: عادیلەخانم نەبووە پرۆژەی عوسمانییەکان و ئینگلیز، چوون هەموو هۆز و تیرە ناقادریەکان کەوتنە جەنگ لەگەڵ شێخ مەحموود، لەکاتێکدا کە عادیلەخانم وجافەکان پێنج هەزار چەکداریان هەبوو نەبوونە پرۆژەی جەنگ و بە گژ شێخ مەحمووددا نەچوون، هاوکات پشتیوانیی پرۆژە خێڵەکییەکەی شێخ مەحموودیشیان نەکرد، ناوچەی دەسەڵاتیان نەبووە شوێن مۆرکێکی دیاریکراوی مەزهەبی. بەمەش هەم هەورامییەکان کە دەسەڵاتی سانەکان لەناویاندا باڵادەست بوو بە ئاشتی لەگەڵ جافەکان ژیان، هەم ئەفراسیاب بەگی ڕۆستەم سوڵتان توانی ببێتە ناوبژیکارێکی تەواو لەنێوان جافەکان وشێخ مەحموود وئەوجەنگە ڕووی نەدا. ئەوان بە ڕۆحێکی سیاسییەوە هاوسەنگییان ڕاگرت و جەنگ ڕووی نەدا. بۆیە ئەمە خاڵێکی گرنگ بوو لەسیمای کوردبوونی عادیلەخاندا. نەچوونە ناو چوارچێوەی قادریی و نەقشبەندیی و ڕووانگەی مەزهەبییەوە کە خۆرئاوا و عوسمانییەکان لەمیانی جەنگدا کەڵکیان لەو ڕەوشە مەزهەبیە تێکبەردراوە دەبینی«٤١».

سێهەم: عادیلەخانم ناوچەکەی لەجەنگ پاراست و وەکو چۆن ئەزموونی حوکمی سلێمانی ڕووبەڕووی بۆردومان و جەنگ و ماڵوێرانی بوویەوە، بەڵام ئەو هەڵەبجەی پاراست و بواری ڕۆشنگەریی و فەرهەنگ و نوێبونەوەی هزری برەو پێدا و کوردبوونی وەک خۆی هێشتەوە. لەم میانەدا پێکەوە ژیانی ئاشتی لەسەرووی هەموویەوە بوو. کە ناوچەی هەڵەبجەی لەو قۆناغە دیاریکراوەدا پێی دەناسرایەوە.

**ئەنجام**

ئەم ئەنجامانەی خوارەوە مۆرکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کوردبوون بوون لەسەردەمی عادیلەخاندا:

یەکەم: نەزمی مەزهەبیی و تەریقەت لەمیانی دەسەڵاتدارییەتی عادیلەخاندا شوێنی نەبوویەوە، لەکاتێکدا لەناوچەکانی دی لەتەمەی گەورەی سڕەوانده ڕۆحی یەکیەتی کوردان.

دووەم: پێکەوەژیانی ئاشتی ڕۆڵێکی گرنگی لەو قۆناغەدا هەبوو، جەنگی ناوخۆیی و خێڵەکی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بنەبڕکرابوو.

سێهەم: جیاوازیی جێندەریی کاڵ بوویەوە و شکۆ و پێناوی ژن بە ڕۆحی ڕاستەقینەی کوردییەوە مایەوە وژن دارا وخودانی ئازادییەکانی بوو. خودی عادیلەخان بووە سیمبوڵی دیاری پێگەی بەرزی ژنی کورد لەو قۆناغە هەستیارەدا.

چوارەم: عادیلەخانم لەو قۆناغە هەستیارەی نەمانی میر و ئاغا و میرنشینە کوردییەکاندا؛ ئەو بۆشاییەی جەسوورانە و جوامێرانە پڕ کردەوە و بەها و تایبەتمەندیی کوردبوونی پاراست.

پینجەم: هەڵەبجە و جافەکانی نەکردە پرۆژەی عوسمانیی و ئینگلیز و بە سەربەخۆیی هێشتنییەوە.

شەشەم: سیمای شاری دایە هەڵەبجە و لەپێکهاتەیەکی خێڵەکیی و کۆچەرەوە بنەمای

شاری لەسیمای شاردا چەسپاند.

حەوتەم: بنەمایەکی دارشت بۆ پەروەردەیەکی خێزانی کە دایکان بتوانن نوێگەرو ڕۆشنگەرو پیاوانی بەهەڵوێست پەروەردە بکەن.

## سەرچاوەکان


1. https://hannajaff.com/wp-content/uploads/2014/03/Adela-KhanumP.pdf
2. Ofra Bengio; Game ChangersKurdish Women in Peace and War https://dabdulkader.files.wordpress.com/2017/07/out.pdf
3. Martin van Bruinessen; From Adela Khanun to Leyla Zana: Women as Political Leaders in Kurdish History’ https://www.scribd.com/document/358308982/Bruinessen-From-Adela-Khanum-to-Leyla-Zana
4. Filiz Katman; Changing Roles and Responsibilities of Woman in Politics in Southeastern Anatolia https://www.researchgate.net/publication/276396970_Changing_Roles_and_Responsibilities_of_Woman_in_Politics_in_Southeastern_Anatolia
5. https://hannajaff.com/wp-content/uploads/2014/03/Adela-KhanumP.pdf
6. Martin van Bruinessen; From Adela Khanun to Leyla Zana: Women as Political Leaders in Kurdish History’ https://www.scribd.com/document/358308982/Bruinessen-From-Adela-Khanum-to-Leyla-Zana
7. Filiz Katman; Changing Roles and Responsibilities of Woman in Politics in Southeastern Anatolia https://www.researchgate.net/publication/276396970_Changing_Roles_and_Responsibilities_of_Woman_in_Politics_in_Southeastern_Anatolia
8. Ofra Bengio; Game ChangersKurdish Women in Peace and War https://dabdulkader.files.wordpress.com/2017/07/out.pdf

٩. کۆمەڵەی خۆیبوون: قەتلوعامی کورد لەتورکیا، و: نەجاتی عەبدوڵا، چاپخانەی شفان،سلێمانی،٢٠٠٧، ل: ٩-١٠.

١٠. د. عیرفان مستەفا: بوونی نەتەوەیی کورد لەنێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل: ٥٠١.

١١. کامیران عبد الصمد احمد الدوسکی: کردستان العثمانیة فی النصف الاول من القرن التاسع عشر، ط١، دار سپیرز، دهوک، ٢٠٠٢. ل: ١٤٩.

١٢. د. عیرفان مستەفا: س، پ، ل: ٤٨٦.

١٣. د. جەعفەرعەلی: س، پ، ل: ١٤١.

١٤. جرجیس فتح الله: مبحثان علی هامش ثورة الشیخ عبیدالله النهری، ط٢، داراراس، اربیل،٢٢٠٠١، ل: ١٤٤-١٤٥.

١٥. عەتا قەرەداخی: کاریگەریی کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل: ١٤٧-١٤٨.

١٦. مارتین ڤان برونەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب٢، و: کوردۆعەلی، حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٣٣.

١٧. جیرارد جالدیان: م، س، ص: ٣٥-٣٦.

١٨. محەمەد حەمە باقی: شێخ عوبەدوڵای نەهری (١٨٨٠)، لەبەڵگەنامەی قاجاریدا، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٠، ل: ٥٢-٥٣.

١٩. Svante E. Cornell & M. K. Kaya: The Naqshbandi-Khalidi Order and Political Islam in Turkey،CurrentTrends in islamist ideology،volume١٩،Hudson Institute،٢٠١٥،p٤٤.

٢٠. محەمەد حەمە باقی: س، پ، ل: ٥٣.

٢١. ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات لەسەدەی حەڤدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە (کورتەیەکی مێژووی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان، و: ڕەشاد میران، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل: ٢٣١-٢٣٣.

٢٢. Maya Arakon:Kurds at the transition from the ottoman empire to the Turkish republic، Turkish policy quarterly، volume ١٣، number١، Istanbul، spring ٢٠١٤،p١٤٠،١٤١.

٢٣. Maya Arakon: op, cit, ١٤٤.

٢٤. د.فاضل رسول: کردستان والسیاسة السوفیتیة فی شرق الاوسط، ت: غسان نعسان، مطبعة حمدی، ٢٠٠٨، ص: ١٣٩.

٢٥. ڕەسووڵ هاوار: س، پ، ل: ٤٢٦.

٢٦. کامەران جەمال بابانزادە: چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل: ١٤٥ و ٣٠٤.

٢٧. هـ، س، ل: ١٩٤.

٢٨. ودیع طعمە: المذبحة العثمانیة بحق الارمن، ٢٠١٤، ص: ٦.

٢٩. جیرارد جالدیان: س، پ، ل: ٣٨.

٣٠. مارتین ڤان برونەسن: س، پ، ل: ١٤٤.

٣١. د. جەعفەرعەلی: س، پ، ل: ١٤٣٢-١٤٣.

٣٢. مارتین ڤان برونەسن: س، پ، ل: ٩٤-١١٧.

٣٣. جەعفەرعەلی: س، پ، ل: ١٤٣.

٣٤. مارتین ڤان برونەسن: س، پ، ل: ١١٨-١١٩.

٣٥. هـ، س، ل: ١٤٨.

٣٦. د. عثمان علی: م، س، ص: ٢٨٨؛ مارتین ڤان برونەسن: س، پ، ل: ١٤٩ و ١٦٩.

٣٧. د. عثمان علی: ن، م، ص: ٢٨٩.

٣٨. ڕەسوڵ هاوار: س، پ، ل: ٣٩٨.

٣٩. هـ، س، ل: ٤٠٨.

٤٠. ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل: ١٥٨.

٤١. https://hannajaff.com/wp-content/uploads/٢٠١٤/٠٣/Adela-KhanumP.pdf.


هەواڵنامەی کتێب

# عادیله خانم وەکو دایک



محەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)

هەواڵنامەی کتێب

١٩٥٦ لە ساروقامیشی سەربە شاری بۆکان لە دایکبووە
لیسانسی ئەدەبی فارسی
ماجستێرلە زانکۆی تەوریز
هەرچوارزمانی: کوردی، فارسی، توورکیی و عەرەبی دەزانێت
چواردە بەرهەمی شیعریی ولێکۆڵینەوەی ئەدەبی نووسیوە
پێشەکی بۆزیاترلە ٢٢ کتێبی شیعریی نووسیوە

ڕەنگە زۆرکەس لەدیداری نێودەوڵەتی «عادلەخانم»دا لەزۆر قۆناغی جۆراوجۆری وەک مێژووی سیاسی، ڕەوانناسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژنایەتی و دەسەڵاتدارییەوە بدوێن؛ کە هەر هەمووی گۆشەنیگایە و لەسەر دووانیشی بەجێیە و لەڕاستیشدا ئەرکی دیدارو فیستیوال و کۆڕ و ڕێزنان و بیر ئانین بۆ کەسایەتی مێژووەکانی هەرگەلێ ئەو ڕوونکردنەوانەیە هەتا دوای دیدارەکەش نازاندرێ کە ئەم کارە چەندە پڕبایەخ بووە، چەندە لەتاریکییەوە بەرەو ڕووناکیی ژیانی ئەو کەسایەتییە هەنگاو هەڵگیراوە.

من شاعیرم، ڕۆژهەڵاتیشم، حورمەتی بنەماڵەی پادشاکانی جافم وەک ئەرکی دینی و نەتەوەیی چووەتە دڵەوە، بەتایبەت کاتێ کەشکۆڵە زێڕین و نایابەکەی مەحموودپاشام دیت هەزار خۆزگەم خواست کە بری بە بری خوا بایە من لەدەورانی ئەو پیاوە گەورەدا فەقێیەک بایەم لەحوجرە قەدیمیەکانی حەلەبجە و شارەزووردا، نەک لەسەدەی بیستویەکدا مامۆستای زانکۆ بام کە هەشم.

ڕەنگە ئەو قسەی من مۆدێرنەکان و ئەولای مۆدێرنەکانیش بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی بزانن و تاوانباریشم کەن کە حەقی خۆشیانە، چوون ئەوان لەدونیای ئێستا وەک تەمەنێکی نایلۆنی دەڕوانن، ئەدەب و شیعر بە پەرداخێکی سەفەری دەزانن کە دوای ئەوەی ئاوەکەت پێ خواردەوە فڕێی دەیە ناو ئەشغاڵدانییەوە هەتا ژینگە بەو کارە پێشکەوتووانەیان بپارێزێن.

بەڵام من شاعیرم، عاشقی شیعرم، عاشقی شیعردۆستانم، عاشقی شیعر پێخۆشانم، عاشقی ئەو کەسانەم کە شیعریان کرد بە شریتێکی لەپساننەهاتوو لەبیدایەتی سەرهەڵدانی وشە و قەڵەمەوە تا ئێستا، ئەم شریتە، باریکی و قەویەتی هەر نەپساوە، هەر کەس هاتووە گەوهەر و مووروویەکی پێوە کردووە کە ئێستا شیعر بووەتە تەسبێحێک بە دەستی مێژووەوە یان گەردانەیەک بۆ سای گەردنی بووکی ئاواتەکانی هەموو گەلانی جهان.

ئەمە ئەسڵەن بەو مەعنا نییە قاڵب و کۆن و تازەیی و کورد و فارس و عەرەب و ... جیا کاتەوە، شیعر بەگشتی ئەوەیە بینەران و چاولێکەرانی ئەو تەسبێحە یان ئەم گەردانە هەمەڕەنگە کەلانە و باغە و لاک و نایلۆن و کارەبا و قیمەتی و بێقیمەتی ئەو موورووانەی کە بە درێژایی مێژوو شاعیران پێیان هەڵواسیوە لێک جیا کەنەوە و قیمەتی بۆ دانێن ئەگەریش کەسێک بێ و بڵێ من باغەم لەلاک پێ جوانترە ئەوە حەقی خۆیەتی یان بە پێچەوانە بڵێ من نایلۆنم لەکارەبا پێ جوانترە ئەویش حەقی خۆیەتی، چون بەشەر قیمەت بۆ ئەو شتە وا دادەنێ کە خۆی تێی دەڕوانێ. ئەگەر منداڵێک تۆپێکی نایلۆنی لەتۆپێکی ئاڵتوونی پێ جوانتر بێ مافی خۆیەتی چوون تۆپە نایلۆنییەکە بۆ یاری ئەو دەبێ، بەڵام تا گەورە نەبێ و بلووغی فیکری نەبێ نازانێ بەو تۆپە ئاڵتوونییە هەزاران هەزار لەو بێقیمەتەی دەکڕی! کەوا بوو تێڕوانینمان هەیە هەتا تێڕوانین.

من لەعادلەخانم لەدایکێک دەڕوانم کە کوڕی وەک تاهیربەگ و ئەحمەد موختاری لەداوێن گەورە بووە کە خۆی ئوستوورەیە و ئەم دوو ئوستوورە شیعرییەشی پێشکەشی دایکی نیشتمان و بنەماڵەی گەورەی جافان کردووە، جارێ با قسەیێکی خۆشتان بۆ وەگێڕم.

عەلی خانی سەلیمی بابامیری – کە زۆر پێشتر لەمامۆستا عەولا پەشێو نازناوی

پەشێوی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو – ئەم قسەی بۆ من گێڕایەوە، دیارە عەلی خان بۆ خۆشی لەباوکی بیستبوو کە باوکی ناوی خانی بوو کوڕی حاجی سەلیم خانی سەرتیپ؛ کە لەشەڕە نەگریسەکەی جاف و بەگزادانداا بەشداری هەبووە و شیعرە مێژووییەکەی شێخ ڕەزای گەورەی جواب داوەتەوە و ئەو بەحسە زۆر مەشهوورە، دیارە ئەم قسەی عەلی خان لەبنەماڵەی خۆیان ڕووی داوە.

عەلی خانی دەیفەرموو؛ لەو شەڕەدا یەکێک لەکوڕە جافەکان دوو کوڕە بەگزادە بە دیل دەگرێ، دیارە بە پێی ڕەسم و یاسای ئەوکات دیل و ئەسیر لەحوورمەت و ڕێزی میوان بەرخوردار بوون و بێ حورمەتییان پێ نەدەکرا. ڕۆژێ ئەو دوو کوڕە بەگزادە لەگەڵ دایکی ئەو کوڕە جافە لەشوێنێک دەکەونە وتووێژ. لەکوڕانی بەگزادە یەکیان لەلای ئەو دایکە تاریفی ئەوکوڕەی دەکا کە ئەوانی بە دیل گرتووە. دایکی کوڕە جاف دەڵێ: «ڕۆڵە! بەقوربانتان بم ژن لەوڵاتی ئێوە لەسەر چەندە مارە دەکرێ؟ کوڕەکان دەڵێن وابزانم دایکی ئێمە لەسەر پێنج سەد تمەن پووڵی ڕەواجی ئێرانی مارە کراوە، دایکەکەش دەڵێ: «ڕۆڵە من لەسەر پێنج سەد لیرەی عوسمانی مارە کراوم، دایکی ئەئاوا بەقیمەت و بنەماڵە، کوڕی ئاوا پەروەردە دەکا.

بەم گێڕانەوەیە دەچم بەرەو پیری ئەو دوو شاعیرە گەورەی کە لەداوێنی ئەو دایکە گەورە و ڕێزدارەوە پەروەردە بوون. جگە لەوەی دوو ئەستێرەی درەوشاوەی خانەدانی جافن، دوو کۆڵەکەی گەورەی کوردن کە بە هەڵە پێی دەڵێن ئەدەبی کلاسیکی کوردی، چونکە دابەشکردنی ئەدەب بە سەر: کلاسیک و نوێدا، تایبەت بە ئوروووپییەکانە و ئەم دابەشکردنە بۆ ڕۆژهەڵاتی جیهان بە گشتیی و کورد بە تایبەتی یەک ناگرێتەوە. کورد ئەدەبی کلاسیکی نییە. دەبێ ئەدەبی ئێمە بەسەر سێ قۆناغدا کە شوێنی سەرهەڵدانی بووە دابەش کرێ و دوایە لەڕووی ناوەڕۆکەوە پۆلێنبەندی بکرێ، نەک لەڕووی فۆڕم و قسەی بێتام و لەزەت بە ناوی ئوستوورەشکەنی و نوێگرایی. ئەو سێ قۆناغە ئەمانەن:

١. ئەدەبی حوجرە یان مەلاکان کە: نالیی و مەلا مارف و... تێیدا سەرکەوتوون.

٢. ئەدەبی دیوەخان یان ماڵی خان و بەگەکان کە ئەم دوو پیاوە: میسباح و سالم و کوردی و... تێیدا سەرکەوتوون.

٣. ئەدەبی خانەقا یان تەکیە کە تایبەت بە شێخ و عارفەکانە و مەولەوی و مەحوی و ئاوات و وەفایی و ... تێیدا سەرکەوتوون. تا ئەو دوایییە کە قوتابخانە و مەدرەسە و زانکۆ داهات، هەموویان لەژێر چەتری خوێندنی نوێ کۆ بوونەوە و ئێستە خەریکن بە شەڕی کۆن و نوێ ئەدەبەکەمان لێڵ بکەن.

شاعیری گەل ئەوەیە بە هەموو قاڵبێکی شیعریی، لەسەر هەموو ناوەڕۆکی حەماسیی و ئەوینیی و فێرکاریی و پیشانگاییدا زاڵ بێ. ئەم جار شیعرەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە: یەکیان شیعری خۆش، ئەوی دیکەیان شیعری ناخۆش. جا لەهەر قاڵبێکدا بێت، هی هەر شاعیرێک بێت؛ چوون چێژبردن لەشیعر وەک خواردەمەنی وایە و پێویست ناکا ئەو کەسەی دەیخوا باسەواد بێ یان بێسەواد بێ یا دەوڵەمەند بێ یان فەقیر.

**یەکەم: تاهیربەگ**

بەهەشتیی: عەلائەددین سەجادی لەمێژووی ئەدەبە ئەدەبییەکەیدا، سەبارەت بە تاهیربەگ ئاوا دەفەرمێ:

شۆخ و شەنگی بنەماڵەی جافان، شاعیری دڵتەڕی دەستەی دڵسافان، لەبەهەشتی دەشتی شیعرا شۆڕەسوارێکی بەدیمەن، لەسرووشتی وەشتی عەشقا خوداپێداوێکی دەوڵەمەند، تاهیربەگی کوڕی وەسمان پادشای جافە و دایکی ناوی عادیلەخانمی کچی قادربەگی ساحیبقرانە. لەساڵی هەزار و هەشت سەد و هەفتا و پێنجی زایینی لەدایک بووە و لەساڵی هەزار و نۆسەد و هەڤدە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەهەڵەبجە نێژراوە.

کاتێ لەزانکۆی تەورێز پرۆپۆزالی ماستێری ئەدەبی فارسیم تەقدیم دەکرد؛ لەسەر ئەم ناوەڕۆکە گیرسامەوە: «کردان پارسی گوی» و لێشیان قوبووڵ کردبووم. یەکێ لەو فارسیوێژانە تاهیربەگی جاف بوو، یەکیشیان شێخ ڕەزای گەورە شاعیری تاڵەبانی. ئوستادی ڕاهنەمام دوکتۆر مەقسوودی بوو، کە لەئێراندا یەکێک لەبەناوبانگەکانی ئەدەبی فارسییە و بۆ خۆشی تورکی تەورێزی بوو. زیادە لەو حەوت کەسە کە من ناساندبوومن، بە تاهیربەگ و شێخ ڕەزا موعجیب بوو، دەیکوت پێم سەیرە ئەو دوو شاعیرە لەحەڵەبجەی وڵاتی عوسمانی بەم دوورە فارسییە ئەم فارسییە چاکە لەکوێ فێر بوون؟ ئەوە هەر من بووم داخ و دیق نەیدەهێشت وڵامی ڕاستەقینەی بدەمەوە کە بە داخەوە نەیدەزانی غەزەلەکوردییەکانی تاهیربەگ لەچ ئاستێکی ئەدەبی فارسی و کوردییدان، چوون ئەمە شتێکی نەگۆڕە، ئەسڵێکی قوبووڵ کراوە، زمانی دایکی پاراوترین و خۆشترین و لەبارترین زمانە بۆ شاعیرێک کە بیەوێ شیعری پێ بڵێ. ئیدی تۆلەوکەسانەی گەڕێ کە مەمکی دایکییان بەرداوە و قامکی پیاوانی بێگانە دەمژن. دوکتۆر مەقسوودی ئەم غەزەلەفارسییەی بۆخۆم خوێندوە:

درمان غم

زین لب که تو داری دل من غنچەی تنگ است
کس نیست که روزی زغریبان بکند یاد
روزی نشدی همره ما در چمنی خوش
درمان غم عشق بگویم که چه باشد؟
گفتم که بدررد جگر رستم دستان
آن سان سپه غم زدلم خیمه برآرا است
زنهار مرو هیچ سوی بیشەی عشاق
با قامت تو نازو نزاکت چه لطیف است
مژگان تو خونریزتر از تیر خدنگ است
جانا! مگر این شهر ز اقصای فرنگ است؟
این دل که تو داری نگر، از پارەی سنگ است
وصل است و بهار است و می و بربط و چنگ است
ز ابروت که تیغ کف پور پشنگ است
با لشکر شادی همه دم مایل جنگ است
چنگال غمش تیزتر از چنگ پلنگ است
با عاشق بیچاره خور و خواب، به جنگ است

با روی چو گل جامەی گلگون و قد سرو
(طاهر) بنگریار چه شوخ است و چه شنگ است!

هەزارنامەی کتێب

دیارە ئەم شیعرە سەبارەت بەم عەسر و دەمەی کە ئەدەبی فارسی لەو پەڕی هێزدا بوو. شاعیری کوردیش لەژێر کارتێکردنی ئەو غەزەلەناسکانەی سەعدی و حافز و مەولانا و سائیب خۆی لەو بەحرە قووڵە تاقی دەکردەوە. هیچ جێگەی گلەو گازندە نییە، بەڵکە شانازیشە ئەگەر ئەم شیعرە لەئاستی شاعیرانی دەرەجە دووی ئەو سەردەمەی فارسان‌دا بووبێ. ئێستا ناحەق دوکتۆر مەقسوودی ناگرم کە موعجیبی فارسییوێژی تاهیربەگ و شێخ ڕەزا بووبێ.

وەک باسم کرد؛ غەزەلی کوردی تاهیربەگ چوون بە زمانی دایکی وتوویە؛ ئەویش دایکێکی وەک عادیلەخانم کە دوای چەندین ساڵ ئاوا دیداری نێودەڵەتی

بۆ دەگیرێ، دیارە زۆر ڕەوانتر و دڵڕفێنترە لەفارسییەکانی. هەر لەوێ ئیزنم وەرگرت ئەم غەزەلەکوردییەی تاهیربەگیش بۆ مامۆستاکان وەخوێنم. خوێندمەوە هەرچەند ئەوان زۆرلەگەڵ ئەدەبی کوردی بێگانە بوون بەڵام نزیکی زۆری زمانی کوردی و فارسی بەتایبەت لەشیعری شاعیرانی پێشترماندا لەسۆنگەی مۆسیقا و کێش و قافیەوە هێنانییە سەر ئەو بڕوایە کە تاهیربەگ شاعیرێکی گەورەیە و حەیفە ئەو غەزەلەلێرە نەخوێنمەوە:

قەوس و قەزەح

تا بە کەی قوربان بناڵێم من بە ئێش و دەردەوە
ڕۆژی ئەووەڵ بوو کە زانیم من ئەبێ دێوانە بم
مەرحەمەتکە زوو بڕۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم
هەروەکوو قەوسوقەزەح با دەس لەگەردن دانیشین
یەک نەفەس چاکی نەهێنا کەعبەتەینی بەختەکەم
ئیلتماسی تاهیری بێچارە قەت سوودی نەبوو
دەس بە ئەژنۆ و قوڕبەسەردایم بە ئاهی سەردەوە
عاشقی تۆ نەوعی مەجنوون ها بە کێو و هەردەوە
نازی پاپۆشت ئەکێشم من بە تۆز و گەردەوە
تۆ بە سوخمەی ئاڵ و سەوز و من بە ڕەنگی زەردەوە
شەش دەرم گیراوە داماوم بە دەستی نەردەوە
تۆکە دایم شەڕفروشی بەو دڵەی وەک بەردەوە

**دووەم: ئەحمەد موختاربەگ**

شاعیری دووهەم: کە لەداوێنی ئەو دایکە دڵسۆز و سیاسەتمەدارەدا گەورە بووە، کوڕی چکۆلەی ئەو (واتە ئەحمەد موختابەگە)، کە دوازدە ساڵ پاش تاهیربەگ لەدایک بووە و هەر بە شاعیری دەسبەردار نەبووە و سەری هەوای سەروەری و حکوومەتداری تێدا بووە. ناحەقیشی نەبوو، کاتێک شاعیرێکی ڕووناکبیر مەزلوومی گەلەکەی هەست دەکا و بە ڕۆح دەیچێژێ:

ئیدی دێتە ئەو دونیایەوە، ئەویش جگە لەشاعیری لەقایمەقامییەوە هەتا نایبی پاڕلمانی عێراق بە دوو باڵی شیعر و سیاسەت دێتە مەیدان. هەروەک سەنایی شاعیری فارس دەڵێ:

زان بود درپیش شاهان دورباش
کای شدی نزدیکی شاهان، دور باش

بەداخەوە ئەم نزیکی پادشاییە بۆ هۆی ئەوەی قسە حەق و ڕەقەکانی ئەحمەد موختاریان بۆ قوبووڵ نەکرا، لەتەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بە گوللەی دژ مرۆڤێک پێکراو شەهید کرا، بەڵام بە بڕوای من لەسەتا پەنجای دیوانی شیعرەکانی خۆی و شاعیرانی سەردەمی بارتەقای ئەم قەسیدەی ئەحمەد موختار نابێ کە سەراسەر سەداقەت و پاکییە و دەبێتە بەردی بناغەی سەرهەڵدانی مافخوازی گەلی کورد و ئەگەر گەلفرۆشی نەبێ؛ کورد بەم ئاواتەی ئەحمەد موختارەوە ڕێگەی ئاسن دەباتە شاخی هەورامانەوە و دەستە دەستە لەئینگلیستانەوە خەڵکی بۆ سەیر و سەیاحەت دێن.

دێتە گوێم بە سۆز و شیوەن و گریانەوە
ناڵەی دڵمە لەحەسرەت خاکی کوردستانەوە

سەرچاوە:

١. مێژووی ئەدەبی عەلائەددین سەجادی
٢. دیوانی تاهیربەگ
٣. دیوانی ئەحمەد موختاربەگ
٤. ژنانی ناوداری کورد
٥. پارسی گویان کرد





# ئەحمەد موختاربەگی جاف



خەلیل عەبدوڵڵا

لەشێخ وواعیزوسۆفی، لەمەولا من کەنارئەگرم
پیاڵەی مەی بە یادی دیدەی مەستی نیگارئەگرم
لەشەوقی بەژن و باڵای تۆیە ئەی شۆخی پەری پەیکەر
لەباخا جێ لەسایەی عەرعەروسەرو و چنارئەگرم

ئەحمەد موختاربەگی جاف؛ کەسایەتییەکی نیشتمانیی وکۆمەڵایەتیی وشاعیروچیرۆکنووسێکی گەورە و پایەبەرزی کوردستانە، لەڕێی بەرهەمە ئەدەبیەکانیەوە خزمەتێکی زۆری بە بوارەکانی ئەدەب وکولتووری کوردستان کردووە.

ئەحمەدبەگی وەسمان پاشای محمەد پاشای کەیخوسرەوبەگی جاف -کە بە ئەحمەد موختاربەگی جاف ناسراوە-: ساڵی ١٨٩٨ لەئامێزی خێزانێکی ناوداری هەڵەبجە هاتۆتە دنیاوە، باوکی کەسایەتیەکی مەزن و سەرداری هۆزی گەورەی جاف بووە، عادیلەخانمی دایکیشی بە هەمان شێوە ژنێکی هەڵکەوتوو بووە.

ئەحمەد موختارلەشاری هەڵەبجە خراوەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ خوێندووە. لەڕێی مامۆستای تایبەتەوە زمان و ئەدەبی عەرەبیی و فارسیی و تورکیی و ئینگلیزیی خوێندووە.

ئەحمەد موختار؛ کەسایەتییەکی دیاری کۆمەڵایەتیی و ئیدارییش بووە و لەکۆتایی ساڵی ١٩١٨-١٩٢٥، قائیمقامی شاری هەڵەبجە بووە و خزمەتی باشی پێشکەش بە خەڵك و ناوچەکەی کردووە. دوو خول ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە و لەڕێی خەباتی پەرلەمانییەوە بەرگری لەمافەکانی گەلی کورد کردووە.

ئەحمەد موختار؛ شاعیرێکی گەورەیە، هەر لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە بایەخی بە شیعر داوە و لەژێر کاریگەریی شیعرەکانی تاهیربەگی برای، حافز و سەعدیی شیرازییدا بووە. خاوەنی چەندین شیعری بەرزی نیشتمانیی ونەتەوەییە، بە شیعرەکانی بەرگریی لەمافەکانی گەلی کوردستان کردووە.

بێ لەبواری نیشتمانی، ئەحمەد موختار چەند دەقێکی شیعری جوانی بۆ عیشق و خۆشەویستیی نووسیوە. ئەحمەد موختار هەموو شیعرەکانی لەدوو توێی دیوانێکدا چاپ کراوە و خاوەنی دیوانی خۆیەتی.

بێ لەشیعر، ئەحمەد موختار جاف چیرۆکیشی نووسیوە و لەو بوارەدا بە پێشەنگ و ڕچەشکێن دائەنرێت و خاوەنی چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ە کە لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوودا نووسیویەتی و ساڵی ١٩٧٠ د. ئیحسان فوئاد پێشەکیی بۆ نووسیوە و چاپی کردووە.

ئەم ئەدیب وکەسایەتییە گەورەیەی کورد؛ لە٥ی شوباتی ١٩٣٥، لەلایەن دەستێکی چەپەڵ و غەددارەوە تیرۆر کرا و لەگۆڕستانی عەبابەیلێی نزیك هەڵەبجە بە خاك سپێردرا.

دروود بۆ گیانی پاك و پیرۆزی ئەحمەد موختار بەگی جاف؛ شاعیر و چیرۆکنووس و ئیداریی وپەرلەمانتار.

لەخەوهەستن میللەتی کورد درەنگە خەوزەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ وهونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەسی مەزڵووم
بە گورجی بیبڕن ئەوڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە



# عیزەت بەگی جاف

خەلیل عەبدوڵڵا

عیزەت بەگ؛ کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانی کوردستانە و خزمەتێکی زۆری بە گەل و وڵاتەکەی کردووە. عیزەت؛ کوڕی وەسمان پاشا، کوڕی محەمەد پاشا، کوڕی کەیخوسرەوبەگی جاف، ناوی تەواوی ئەم کەسایەتییەیە و بە عیزەت بەگی جاف ناسراوە.

وەسمان پاشای باوکی کەسایەتییەکی گەورە و بە دیمەنی سەردەمی خۆی بووە و سەرداری هۆزی گەورەی جاف بووە، دایکیشی عادیلەخانم ژنێکی ناسراوو هەڵکەوتوو بوو. تاهیر بەگ و ئەحمەد موختاربەگی براشی دوو شاعیر و رووناکبیری دیار بوون و ئێستاش بە هۆی شیعرو بەرهەمەکانیانەوە بە نەمری ماونەتەوە.

عیزەت بەگ؛ ساڵی ١٨٩٥ لەهەڵەبجە لەدایکبووە و لەئامێزی ئەو خانەوادە ناودارەدا پەروەردە بووە و فێری خوێندنەوە و نووسین بووە. بێ لەزمانی دایک زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی و ئینگلیزی زانیوە. کە گەورە بووە لەسەر ڕاسپاردەی باوکی هاتۆتە شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بووە، لەو شارە سەرپەرشتی موڵك و زەویی و زارەکانیانی کردووە. لەبەرئەوەی کەسێکی دیار و زرنگ ووریا بووە، ساڵی ١٩٢٣ ماوەیەك کراوە بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بەڵام زۆرلەو پۆستەدا نەماوەتەوە.

عیزەت بەگ؛ کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە، هەر بۆیەش لەزۆربەی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا کاری کردووە و کەسێکی چالاك و هەڵسووڕاو بووە و ماڵەکەی شوێنی کۆبوونەوەی کەسایەتییە نیشتمانییەکان و نوێنەرانی چین و توێژەکانی شاری سلێمانی بووە.

لەدوای شکستی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی نەمرو کۆتایی هاتنی حکومەتەکەی؛ عیزەت بەگ و چەند کەسایەتییەکی سلێمانی ڕێکخراوێکیان درووست کرد بە ناوی هەیئەی وەتەنییە بۆ داواکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، ئەم ڕێکخراوە بڕوای بە خەباتی مەدەنیی و ئاشتیخوازانە هەبوو. لەڕێی خەباتی مەدەنیی ویاداشتەوە داواکانیان پێشکەش ئەکرد. زۆربەی ئەو یاداشت و مەزبەتانەی پێشکەش بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانی ئینگلیز و حکومەتی عیراقی ئەو سەردەمە کراوە، ناوو ئیمزای عیزەت بەگی بە سەرەوەیە.

رۆژی ١٠ی ئابی ١٩٣٠، وەکیلی مەندووبی سامی بەریتانیا و وەکیلی سەرۆکوەزیرانی عیراق هاتنە سلێمانی و لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەو شارە کۆبوونەوە و گوێیان لەداوا و خواستەکانیان گرت، عیزەت بەگ یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر بە جوامێرییەوە لەڕووی وەکیلی مەندووبی سامیی و وەکیلی سەرۆکوەزیرانی عیراق قسەی کرد و وتی: «میللەتی کورد تەنها عیبارەت نییە لەسلێمانی، لەزاخۆوە تا خانەقین هەموو داوای ئەم حەقە ئەکات و هیچ کوردێك کەرەتێکی تر لەگەڵ عیراقا نازی، بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بە حکومەتی مونتەدەبە ئەکەین، ئەگەر ئەویش نەیپرسی، شیکایەت ئەبەینە بەرعیسبەتولئومەم، کورد حکومەتێکی موستەقیلەی ئەوێ لەژێر ئینتیدابدا، بە هەموو هێزمانەوە بۆ ئەم غایەیە سەعی ئەکەین، ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە».

نەوشیروان مستەفا ئەمین کتێبێکی لەسەر ئەو قۆناغە داناوە، هێندە سەرسام بووە بەو قسانەی عیزەت بەگ، کتێبەکەی ناو ناوە: کوردستانی عیراق؛ سەردەمی قەڵەم و موراجەعات.

لەکۆتایی سییەکان تا ناوەڕاستی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەسێ خولی پەرلەمانیدا، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و نوێنەری شاری سلێمانی بووە. نوێنەرێکی ڕاستگۆ و چالاك و بەرگریکاری سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان بووە.

ئەم کەسایەتییە ناودارەی کوردستان، دوای خزمەتێکی زۆر بە گەل و نیشتمانەکەی، ساڵی ١٩٤٥، کۆچی دوایی کرد و چووە ڕیزی نەمرانی کوردستانەوە.

دروودی ڕێزو وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی عیزەت بەگی وەتەنپەروەر.

# ڕەچەڵەکی عادیلەخانم و هەڵوێستی تورکەکان لەبەرامبەر هاوسەرگیری لەگەڵ عوسمان پاشای جافدا



عادل صدیق عەلی

هەواڵنامەی کتێب

.لەدایکبووی ١٩٨٤/٧/٣، هەڵەبجە.
.قۆناغەکانی: سەرەتایی، ناوەندیی و ئامادەیی لە هەڵەبجە تەواو کردووە.
.بەکالۆریۆسی مێژوو/ زانکۆی سلێمانی «٢٠٠٦-٢٠٠٧»
.ماستەری مێژوو/ زانکۆی سلێمانی «٢٠١٤»
.مامۆستا لە بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی هەڵەبجە.
.بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری خاڵ.
.جێگری سکرتێری ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجە.
.خاوەنی چوار کتێبی چاپکراو و ژمارەیەك توێژینەوەی زانستی و وتاری بڵاوکراوەیە.

**دەروازە:**

کەم ژنی کورد لە باشووری کوردستاندا بە ڕادەی عادیلەخانم و حەپسەخانی نەقیب لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەیاندا چالاك بوون، هەربۆیە هەردووکیان ناویان لە تۆماری مێژووی کورد و بەرهەمی گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان و بەڵگەنامە نهێنییەکان و دۆکیۆمێنتەکانی «کۆمەڵەی گەلان»دا دیارە.«١» بە تایبەتی عادیلەخانم «١٨٥٩-١٩٢٤/٩/٢٨» «٢»، کە نزیکەی نیو سەدە ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لەو پانتاییە جوگرافییەی پێی دەوترێت هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان.

هەموو ئەوانەی لەبارەیەوە نووسیویانە کۆکن لەسەر ئەوەی خانم کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش و خاوەن ویستێکی ئێجگار بەهێز بووە و هەوڵی ئەوەی داوە دەسەڵاتی سیاسی و کاریگێڕی هەبێت و لەوەشدا سەرکەوتوو بووە. مرۆڤێکی وردبین ووریا وژیروقسەزان بووە. زۆر حەزی کردووە کە گۆڕانی بنەڕەتی و چاکسازی لە شێوەژیانی خێزانەکەی و شاری هەڵەبجەی ئەوکاتدا ئەنجام بدات. لە ڕووی شێوە و دیمەنیشەوە باسی ئەوە کراوە کە ژنێکی شۆخ و جوان بووە و هەمیشەش جلی جوان و ڕێکوپێکی پۆشیوە و خۆی ئارایشت کردووە. جۆرج مارتین لیز کە بەهاری ساڵی ١٩١٩ چاوی پێی کەوتووە، دەڵێ «ئەگەرچی خانم تەمەنی شەست ساڵە، بەڵام لەوە ناچێت یەك ڕۆژ لە چل لایدابێت» «٣».

لەبەرئەوە هاتنی ئەو بۆ هەڵەبجە ڕووداوێکی مێژوویی و گەورە بووە. لە ماوەیەکی کورتدا ناوبانگی بە هەموو ناوچەی شارەزوور و هەورامان و سلێمانی و شوێنانی دیکەدا بڵاودەبێتەوە. وا دیارە لە سەرەتادا جوانیی خانم سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە و ناوبانگی پێ دەرکردووە، بەڵام دواتر وردە وردە بە کار و ئاکارەکانی لە شێوەی بەڕێوەبردنی ماڵ و دیوەخان و عەشیرەت، بە میوانداریی و درووستکردنی سێ کۆشکی جوانی پاشایانە و بە پەیوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی و لە هەمووشی گرنگتر، بە کەسایەتیی پتەوو بەهێزی کاریگەری خۆی، دەبێتە یەکێك لە کەسایەتییە بەرز و بەناوبانگەکانی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان لە دوایین چارەکی سەدەی نۆزدەیەم و یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا. وەك ژنیش دەبێتە گەورەترین و ناودارترین ژن لە ماوەی دوو سەدەی دواییی مێژووی کوردستاندا . «٤»

ڕاستییەکەی؛ ئەو ئەوروپاییانەی کباسی عادیلەخانمیان کردووە و لە بارەوە نووسیویانە، کەم نیین، ئێلی بانیستەرسۆن، کە لەناو کورددا زۆرتر بە مێجەرسۆن ناسراوە «٥» «١٨٨١-١٩٢٣» «٦»، سی. جەی ئێدمۆندس «یان ئێدمۆندز» «٧» «١٨٨٩-١٩٧٩» «٨»، جۆرج مارتین لیز «١٨٩٨-١٩٥٥» «٩»، مێجەر نۆئێل «١٨٨٦-١٩٧٤»، گێرترووود بێڵ «١٨٦٨-١٩٢٦» و خاتوو لێند فێڵ؛ لەوانەن کە لە نزیکەوە چاویان پێی کەوتووە و ناسیویانە و لەبارەیەوە شتیان نووسیوە. ڤلادیمێر مینۆرسکیی-ش لە ساڵی ١٩١٤ چاوی پێی کەوتووە و دواتریش ئاڵوگۆڕی نامەیان هەبووە . «١٠»

سۆن؛ ماوەیەکی دوور و درێژ لە نزیکی خانمەوە ولە ماڵی عوسمان پاشا وعادیلەخانمدا ژیاوە. هەروەها ئێدمۆندز و لیز و بێل و نوئێلیش لە نزیکەوە ناسیویانە و لە نووسینەکانیاندا باسیان کردووە. ئەمانە هاموویان کارمەندی هێزی کۆڵۆنیالیستی بەریتانیی و سیخوڕی دەزگای هەواڵگری ئینگلیز بوون و «١١»، تەنانەت لیز و نۆئێل و ئێدمۆندز هەریەکەیان بۆ ماوەیەك جێگری حاکمی سیاسی ئینگلیزبوون لە هەڵەبجە . «١٢»

ئێمە لێرەدا بەپێی توانا و بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەستمان کەوتوون هەوڵ دەدەین تیشك

بخەینە سەر بەشێك لە ژیانی ئەو خانمە، لەوانە: ساڵی لەدایكبوون، ناساندنی پشتەكانی، ڕەچەڵەك و بنەماڵەكەی، سەرەتای هاتنی بۆ هەڵەبجە و هەڵوێستی توورکەکان لەوبارەیەوە و ....هتد.

**باسی یەكەم: ڕەچەڵەكی عادیلەخانم:**

عادیلەخانم كچی عەبدولقادر بەگی كوڕی حەمید بەگی كوڕی مەحموود بەگ كوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە «١٣»، زۆربەی سەرچاوەكان لەسەرئەوە كۆكن كە خانم لە ساڵی ١٨٥٩ لە شاری سنەی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان لە دایك بووە «١٤». لەوێشەوە هاتووە بۆ هەڵەبجە، ئەویش پاش ئەوەی كە لەگەڵ عوسمان پاشای كوڕی محەمەد پاشای جاف هاوسەرگیری كردووە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە و گومان لەلای خوێنەران درووست دەكات ئەوەیە، كە هەندێك لە كوردناسەكان و تەنانەت هەندێك لە مێژوونووسە كوردەكانی لەمەڕ خۆشمان لەسەری باوكییەوە ڕەچەڵەكی خانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی وەزیر«١٥» ی شاری سنە یاخود ئەردەڵانییەكان «١٦» و هەندێكی دیكەشیان عادیلەخانم بە نەوەی بنەماڵەی ساحێبقڕان «١٧» دادەنێن «١٨». ئەوە لەكاتێكدا وەزیر و وەكیل هەردووكیان یاریدەدەری ڕاستەوخۆی بەڕێوەبردنی میرنشینی ئەردەڵان بوون و وەكیل زیاتر ڕاوێژكار و دەمڕاستی والی بوو«١٩». دەبێ بڵێین بنەماڵەی ساحێبقڕانیەكێكن لە بنەماڵە دێرین و ناسراوەكانی هەردوو شاری سنە و سلێمانی سەردەمی میرنشینەكانی بابان و ئەردەڵان و تەنانەت دواتریش «٢٠». هەروەك بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی بنەچەی دایكیشی لە گۆڕێدایە، ئێمە لێرەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەكان هەوڵ دەدەین هۆكاری ئەو جیاوازییانە و پاشان ڕاستی هەریەكەیان بە جیا بخەینە ڕوو.

پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئەو جیاوازییە زۆرانە لەسەر ڕەچەڵەكی عادیلەخانم لەناو ئەو نووسەر و مێژوونووسانەدا دروستبووە كە قسەیان لەبارەوە كردووە؟! سەرچاوەی ئەو جیاوازییانە چین؟ بۆچی تائێستا ڕاستیی و درووستی ئەم بابەتە یەكلایی نەكراوەتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەم بابەتە دەبێت كەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و ئاوڕێك لە مێژووی كۆتاییەكانی میرنشینی بابان بدەینەوە، بۆ ئەوەی بە شێوازێكی وردتر هەڵوێستە لەسەر ئەم بابەتە بكەین و لەو ڕێگەیەشەوە بتوانین سەرەداوی ڕاستییەكان لەو نووسینە مێژووییانەدا بدۆزینەوە.

لە سەردەمی میرنشینی باباندا، بەخشینی پلەی بەرپرسیارێتیی گشتی شێوازێكی میراتگری هەبوو، بەڵام ئەم دیاردەیە پەیوەندیی بە بنەماڵەیەكی تایبەتەوە نەبوو، چونكە لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بنەماڵە حاكمەكان بەشێوەی ئاسایی لەناو گرووپی لێكجیاوازدا كۆدەبوونەوە. لە سلێمانیش بەند بووە بەوەی كاربەدەست بۆ هەركام لە حكومەتەكانی ئێران یان عوسمانی كێشی بیووایە یان لایەنگری هەریەك لەوانەی قبووڵ بكردایە، ئەو پەیوەندییە بە كەسانی لایەنگری ئەو حكومەتانە دەسپێردرا «٢١». یەكێك لەو بنەماڵە گرنگانەی كە لە سەردەمی بابانەكاندا دەسەڵاتێكی فراوانی هەبووە بنەماڵەی ساحێبقڕان بوون. بە وتەی ئێدمۆندس: یەكێك لە سوارەكانی داستانی «دوانزە سوارەی مەریوان» لەو بنەماڵەیە بووە، كوڕی ئەو ساحێبقڕانە كە ناوی «مەحمود باش چاوەش» بوو، فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی بابانەكانی دوایی بووە «٢٢».

بەڵام «حەمەبۆر» بۆچوونێكی دیكەی هەیە، ئەو پێیوایە هەر لە بنەڕەتدا بنەماڵەی ساحێبقڕان یەكێك بوون لە خانەوادە و بنەماڵە دێرینەكانی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان

و پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان، ئەم بنەماڵەیە پتر لە پێنج سەدە لەمەوپێشەوە هەتا ئێستا ناوی سەدان زانا و هۆنەر و جوامێر و گەورە پیاوی هەڵکەوتووی کۆمەڵگای کوردییان بۆ خۆیان بردووە. هەر بەپێی نووسینەکانی «حەمەبۆر»، ئەحمەد بەگی گەورە کە یەکێکیش بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان و لە شاری سنە نیشتەجێ بووە، لەسەرداخوازیی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابان کە ساڵی «١٧٤٧-١٧٦٣» فەرمانڕەوای میرنشینی بابان بووە؛ گواستوویەتییەوە بۆ قەڵاچوالانی پایتەختی ئەوکاتی بابانییەکان و کراوەتە فەرماندەی گشتیی سوپای میرنشینەکە و ڕاوێژکاری پاشای بابان.

ئەو ئەحمەد بەگە، باپیرەگەورەی ساحێبقرانەکانی شاری سلێمانیی و باشووری کوردستانە و بە «ئەحمەد بەگی گەورە» ناوی دەرکردووە، هەروەها «ئەحان»یشی پێ وتراوە، دوای ئەوەی کە چووەتە حەج بە «حاجی ئەحان» ناسراوە و، هاوکات هۆنەرێکی بەتواناش بووە بە نازناوی «شەوق»یەوە. دوای ئەوەی ئیبراهیم پاشای بابان پایتەختی میرنشینەکەی بۆ شاری سلێمانی «١٧٨٤» ئەگوازێتەوە، ئەحمەد بەگی گەورەش بە خێزان و دەستوپێوەندەکانییەوە دێتە سلێمانی و لە نزیک ماڵەکەی خۆیەوە مزگەوتێکی دروست دەکات، کە تائێستاش خانووەکەی و مزگەوتەکەش بە «حاجی حان» ناودەبرێت، دوای مردنی ئەحمەد بەگ، مەحمود بەگی کوڕە گەورەی کراوە بە وەزیری جەنگی میرنشینی بابان «٢٣». لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە لە سەردەمی میرنشینی باباندا، بنەماڵەی ساحێبقران یەکێك بوون لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری سلێمانی و، هاوکات خاوەنی پۆست و پلەوپایەی باڵا بوون لە ناو میرنشینەکەدا.

بە ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم و لە چوارچێوەی پرۆژەی چاکسازیی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەو دەوڵەتە هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستپێکرد بۆ لەناوبردنی قەوارە و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی هەرێمەکانی ناو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، لەنێویشیاندا ناوچەکانی کوردستان، ئەمەش مانای لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و بەستنەوەی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بە ناوەندەوە دەگەیاند «٢٤».

سیاسەتی بە ناوەندییکردن لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم «١٨٠٨-١٨٣٩» دەستی پێکرد، دەتوانین بڵێین سەردەمی ئەو؛ سەرەتای کۆتاییهاتنی میرنشینە کوردییە ڕەواکان بوو، سوڵتان مەحموود ئەم سیاسەتەی بە پاساوی چاکسازیی لەناو ئیمپڕاتۆریەتێکی لاوازدا گرتەبەر، سەرەڕای ئەم سیاسەتە سەرکوتکارانەیە، هەندێك لە میرنشینە کوردییەکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە خۆڕاگریی لە بەردەم دەوڵەتی عوسمانییدا مانەوە، بەڵام لە نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەوڵەتی عوسمانی توانی دەسەڵاتی ناوەندیی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا یەك لە دوای یەك بسەپێنێت «٢٥».

میرنشینی بابانیش وەك هەموو دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی تری کوردستان، بەر ئەو شاڵاوی داگیرکاریی و لەناوبردنەی سوپای عوسمانی کەوت، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٤٧ ئەحمەد پاشا میری بابان لە بەرامبەر سوپای عوسمانیدا بە سەرکردایەتی نەجیب پاشای والی شاری بەغداد تێکشکا و بە دەستگیرکراوی دوور خرایەوە بۆ ئەستەنبوڵ، حوکمی میرنشین درایە عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا، بەڵام بە پلەی قایمقام نەك میری میرنشین، سەربازگەیەکیشیان لە سلێمانی دانا کە لە

تورك پێك هاتبوو، عەبدوڵڵا پاشای قایمقام نزیکەی چوار ساڵ حوکمی کرد و بە داهاتنی ساڵی ١٨٥١، نامیق پاشای والی بەغداد بانگی کرد و لەوێوە بە کەلەپچەکراوی ناردی بۆ ئەستەنبوڵ، لەبری ئەو؛ ئیسماعیل پاشای تورك بە قایمقامی سلێمانی دامەزرێنرا، ئەویش دەستی کرد بە ستەم و زۆرداری لە شارەکەدا، بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان لە ساڵی ناوبراودا کۆتایی پێ هات و لە مێژووی کوردستاندا سەردەمێکی تازە دەستی پێکرد، دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتی عوسمانی شوێنی بنەماڵەی پشتاوپشت و ڕەوای بابانی گرتەوە «٢٦».

لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان و هاتنی سوپای تورك بۆ شاری سلێمانی هەروەك چۆن ژمارەیەکی زۆر لە بابانەکان پەرتەوازە بوون و ئەو شارەیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە بەغداد و ژمارەیەکیشیان وەك دەستبەسەر بە زۆر لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێکران «٢٧»، وەك «حەسەن فەهمی بەگی جاف «٢٨»» ئاماژەی بۆ کردووە، عەبدولقادر بەگی باوکی عادیلەخانمیش چیتر چاوی بەرایی نەهات لە سلێمانیدا بمێنێتەوە، بۆیە ڕووی کردە شاری سنە و هەر لەوێ گیرسایەوە «٢٩»، عادیلەخانم دواتر لەو شارە لەدایکبووە«٣٠».

دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونە تاڕادەیەکی زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە میرنشینی بابان لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی خۆماڵیی کوردی بووە و بە دەستی دەسەڵاتێکی بێگانەی وەك تورکە عوسمانییەکان ڕووخێنراوە، هاوکات بنەماڵەی ساحێبقڕان وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا خاوەن پۆست و پلەوپایەی گەورە بوون لە نێو ئەم میرنشینەدا، هەر بۆیە شتێکی سرووشتییە کە لەوە بە دوا عەبدولقادر بەگی باوکی عادیلەخانم شاری سلێمانی بەجێ هێشتبێت و لە شاری سنە بە یەکجاریی نێشتەجێ بووبێت،

ڕەنگە دوو نامەکەی نالی و سالم باشترین بەڵگەبن لەسەر ڕەوش و بارودۆخی سلێمانی دوای ڕووخانی میرنشینی بابان و هاتنی سوپای تورك بۆ ئەم شارە.

ئەدمۆنز-یش بەم شێوەیە باس لە ڕەچەڵەکی خانم دەکات: «لە ئەندامە ناودارەکانی بنەماڵەی ساحێبقڕان بریتیی بوون لە دوو شاعیر، بە ناوەکانی: مسەفابەگ «کوردی» و عەبدولڕەحمان بەگ «سالم»، -کە برازا و نەوەی ئەحمەد بوون-. هەروەها دوو نەوەی دواتریان ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی شاعیر و ساڵح زەکی بەگ «٣١» بوون، کە بە پلەی هەرە باشی حکوومەت گەیشت «مەبەستی ساڵح زەکی بەگ- نووسەر»، عادیلەخانی هەڵەبجە نەوەی ئەحمەد بەگی یەکەمە کە لە شاری سنە نیشتەجێ ببوو» «٣٢».

بەهەمان شێوەی حەسەن فەهمی و ئەدمۆنز، حەمەبۆر و جەمال بابانیش ڕەچەڵەکی خانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی ساحێبقڕان، حەمەبۆر لەم بارەیەوە دەڵێت: «مستەفابەگ «کوردی» و حەمید بەگ کە دوو لە کوڕانی مەحموود بەگی باش چاوشن، زۆر خۆشەویستی یەکتر بوون، پاش مردنی حەمید بەگ لە شاری سنە، مستەفا بەگ سەرپەرشتیی کردن و ئەرکی بەخێوکردنی عەبدولقادر بەگی برازای کە کوڕە بچووکی حەمید بەگ بووە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەو عەبدولقادر بەگە باوکی عادیلەخانمی خێزانی عوسمان پاشای جافە» «٣٣»، بەڵام حەمەبۆر نەیوتووە ڕۆیشتنی ئەم دوو کوڕە بۆ شاری سنە دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان و مردنی باوکیان بووە یاخود باوکیان لە ژیاندا بووە کە ئەوان سلێمانییان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردووەتە ئەو شارە، چونکە هەر بە گوێرەی نووسینەکانی حەمەبۆر لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان مەحمود بەگ «مەحمود باش چاوش» بە هاوکاریی

کەسێکی دیکە بە ناوی عەزیزبەگ شۆڕشێك دژی عوسمانییەکان بەرپادەکەن بۆ گێڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بابان، توورکەکان بە ناوی گفتوگۆکردنەوە بانگی دەکەن بۆ کەرکووك، بەڵام خیانەتی لێ دەکەن و لە کاتی نوێژکردندا پەلاماری دەدەن و دەیکوژن، گۆڕەکەشی لە پشت تەکیەی تاڵەبانییە لە کەرکوك «٣٤».

حەمیدەی کچی ئەحمەد موختارجاف شاعیریش، کە دەکاتە کوڕەزای عادیلەخانم، ئاماژە بەوە دەکات کە عادیلەخانم لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەی ساحێبقڕانی سلێمانییە، بە وتەی حەمیدە؛ ئەو خزمایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی لە نێوان بنەماڵەی ئەوان و ساڵح زەکی بەگ و ئەندامانی تری بنەماڵەی ساحێبقڕاندا هەبووە، سەرچاوەکەی بۆ بنەچەی عادیلەخانم گەڕاوەتەوە کە لە ڕەچەڵەکدا سەربەو بنەماڵەیە بووە «٣٥».

لە بەرامبەر ئەم بۆچوون و بەڵگانەشدا هەریەکە لە مێجەرسۆن و محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ڕەچەڵەکی خانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەی وەزیری سنە یاخود بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەردەڵانییەکان «٣٦».

مێجەرسۆن لەوەدا بەهەڵەدا چووە، چونکە سۆن دەڵێت: «عادیلەخانم، کچی ئەمانوڵڵاخان بووە»، دیارە مەبەستی ئەمانوڵڵاخانی والی ئەردەڵانە، ی. ئ. ڤاسیلیەڤاش، عادیلەخانمی هاوسەری عوسمان پاشای جاف و عادیلەخانمی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر و ژنی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵانی بەیەك زانیوە، نە بۆچوونی سۆن و نە بۆچوونی ڤاسیلیەڤا هیچیان ڕاست نین، چونکە ئەمانوڵڵاخانی والی «١٧٧٥-١٨٢٤» «٣٧» و عوسمان پاشای جاف «١٨٤٧-١٩٠٩» هاوچەرخ نەبوون.

عادیلەخانمی خێزانی عوسمان پاشای جاف، کچی عەبدولقادر بەگی نووسەری کتێبی «سیر الاکراد «٣٨»» ە «٣٩». ئەگەر تەماشا بکەین عەبدولقادر بەگ پاشگری بابانی بۆ خۆی داناوە«٤٠»، ئەوەش زیاتر ڕاستیی ساحێبقڕانیبوونی عادیلەخانم دەسەلمێنێت. ئەوە لە کاتێکدا عادیلەخانمی خێزانی ئەمانوڵڵاخان «٤١» کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر و دایکی خوسرەوخانی ناکام بووە.

هەرچی محەمەد ئەمین زەکی بەگ-ە، بەم شێوەیە باس لە خانم دەکات: «ئەم کەڵەژنە -عادیلەخانم- لە خانەدانی کۆنی ئەردەڵانە» «٤٢» . گومانی تێدا نییە ئەمین زەگی بەگیش لەو بۆچوونەیدا سوودی لە نووسینەکانی سۆن وەرگرتووە «٤٣» و بەوهۆیەشەوە کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە، خۆ ئەگەرواش نەبێت ئەوا بە پێی ئەو بەڵگانەی کە ئێمە لە سەرەوە خستماننەڕوو ئەو ڕاستییە دەسەلمێت کە ناوبراو لەو بۆچوونەیدا بەهەمان شێوەی مێجەرسۆن ڕاستیی نەپێکاوە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خانم لە بنەماڵەی ساحێبقڕانی سلێمانییە و هەموو بەڵگە بەهێزەکانیش پشتگیریی لەم بۆچوونە دەکەن.

تا ئێرە ئەوەمان ڕوون کردەوە کە خانم لە بنەماڵەی ساحێبقڕانە، نەك ئەردەڵانییەکان یاخود بنەماڵەی وەزیری شاری سنە، ئەوەش لە بیر نەکەین ئەوەی خستمانەڕوو تەنها لەسەری باوکییەوە بووە، نەك بنەچەی دایکی.

سەبارەت بە دایکی عادیلەخانم زۆربەی سەرچاوەکان و ئەوانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان باسی کار و چالاکیی خانمیان لە ماوەی ژیانیدا کردووە، خۆیان لەو باسە نەداوە، ڕەنگە ئەوەش لەبەرئەوە بووبێ کە زانیارییان لەو بارەیەوە لە بەر دەستدا نەبووە، یاخود بە پێویستیان نەزانیبێ ئاماژەیەکی ئەگەر کورتیش بێت بەو لایەنە بدەن.

لەم بارەیەوە د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ڕەچەڵەکی دایکی خانمی گەڕاندۆتەوە سەر بنەماڵەی وەزیرییەی شاری سنە، ئەویش لە پەراوێزێکی کورتدا ئەو باسەی کردووە و

زۆری لەسەر نەڕۆیشتووە، چونکە باسەکەی لە بنەڕەتدا ئەو نەبووە «٤٤»، ژنە کوردناسی دانیمارکی «هێنی هارۆلد هانسن»یش ڕەچەڵەکی خانمی بردۆتەوە سەر بنەماڵەی «وەزیری- ئەردەڵانی» کە ئەو بەوشێوەیە ناوی هێناوە «٤٥»، بێگومان هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونە ڕاست نیین، چونکە هەردووکیان عادیلەخانمی خێزانی ئەمانوڵاخانی والی ئەردەڵان و عادیلەخانمی خێزانی عوسمان پاشای جافیان تێکەڵ کردووە، ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە عادیلەخانمی عوسمان پاشای جاف، نە لە باوکەوە و نە لە دایکەوە لە بنەماڵەی وەزیرییەی شاری سنە نییە، بەڵکو عادیلەخانمی خێزانی ئەمانوڵاخان کە کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر بووە لە بنەماڵەی وەزیرییەیە نەك عادیلەخانمی خێزانی عوسمان پاشای جاف «٤٦»، ئەو بەڵگانەشی کە لە بەردەستی ئێمەدان ڕەچەڵەکی دایکی عادیلەخانم دەبەنەوە سەر بنەماڵەیەکی تری شاری سنە، ئەویش بنەماڵەی بەناوبانگی «وەکیل»ی ئەو شارەیە، بۆ پشتیوانییکردنی ئەم بۆچوونەشمان بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە چەند بەڵگەیەك بکەین:

عەلی ئەکبەر خانی سنجابی؛ کە ماوەیەك بەر لە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و لە ساڵی ١٩١٨ و بۆ ماوەی هەژدە ڕۆژ لە شاری هەڵەبجە، لە ماڵی عادیلەخانمدا ماوەتەوە و میوانی ئەوان بووە، لە تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەی خۆیدا، بەم شێوەیە باس لە ڕەچەڵەکی ئەو خانمە دەکات: «لەبەر ئەوەی عادیلەخانم لە خزمانی «وکیل ئەلملکی سنەییە«، ڕێکوپێکیی و ماڵ و سفرە و خوانی ئەو وەکو گەورەکانی ئێران وابوو، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ عوسمانییەکاندا نەبوو» «٤٧».

ئەگەرچی سنجابی ئاماژەی بەوە نەکردووە کە خانم لەسەری دایکییەوە لە بنەماڵەی وەکیلەکان بووە یاخود لەسەری باوکییەوە، حەسەن فەهمی بەگیش لەسەری دایکییەوە خانم دەباتەوە سەر بنەماڵەی «وەکیل»ی شاری سنە «٤٨».

د. عەبدوڵڵا مەردۆخیش، باس لەوە دەکات کە ئەو بە تەواوەتی ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە عادیلەخانم لە دایکەوە لە بنەماڵەی «وەکیل»ەکانی سنەیە، تەنانەت ئەو بنەماڵەیە هەتا ئێستاش شانازی بەو خانمەوە دەکەن و بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن. مەردۆخ؛ ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە لە ئەنجامی هەواڵپرسین و گەڕانێکی زۆردا بەو دەرەنجامە گەیشتووە و ئەو ڕاستییەی ساغ کردووەتەوە «٤٩». عادیلەخانم لەبەرئەوەی لە شاری سنە هاتووەتە دنیاوە و، لەوێ و لە ماڵی خاڵوانی «وەکیلەکان» گەورە ببوو، زۆرتر بە سنەیی دەناسرا «٥٠».

هەر بە گوێرەی نووسینەکانی ناوبراو؛ پەیوەندیی خزمایەتیی و ژن و ژنخوازی نێوان هەردوو بنەماڵەی «ساحێبقڕان» و «وەکیل» بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە محەممەد ڕەشید بەگی وەکیلی، لە سەردەمی دەسەڵاتدارییدا لەناو میرنشینی ئەردەڵان، لەگەڵ بنەماڵەی جوامێرئاغای بابان، کە دەکاتە باپیرە گەورەی عەبدولقادربەگی باوکی عادیلەخانم، خزمایەتی پێك هێنابوو، خوشکێکی ئەحمەد بەگ –ئەحمەدبەگ کە بە ساحێبقڕان بە ناوبانگ بووە و لە کوردستانی باباندا بە کاری وەزیرییەوە خەریك بووە-، لە کوڕەکەی خۆی فەتحعەلی بەگ مارەکردووە. بەم شێوەیە لەم هەرێمەی کوردستانیشدا محەممەد ڕەشید بەگ بووبووە خاوەن ناو و دەسەڵات. لە سەردەمی عوسمان پاشادا «١٢٠٠ك/ ١٧٩٠ز» ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان، پەیوەندیی لەگەڵ میری باباندا تێکچوو و پەنای بۆ کوردستانی ئەردەڵان برد و لە ماڵی خوشکەکەی لە شاری سنە گیرسایەوە. بە گوێرەی نووسینەکانی نوسەری (سیرالاکراد)

بنەماڵەی جوامێر ئاغا، لایەنگری دەوڵەتی ئێران بوون، بە تایبەت شازادە عەباس وەلیعەهدی کوڕی فەتحعەلی شا «٥١».

زنجیرەی باو و باپیرانی عادیلەخانم هەرچۆنێك بێت، لەوڕاستییە ناگۆڕێت کە خانم کچی شاری سنەی پایەختی میرنشینی ئەردەڵانە. گرنگیی ئەم ڕاستییە لەوەدایە کە ئەو لەناو فەرهەنگێکدا گەورەبووە کە تاڕادەیەکی زۆر لە فەرهەنگی ئەوکاتەی شارەزوور و سلێمانی و جاف جیاواز و پێشکەوتووتر بووە. لێرە، لە باشووری کوردستان فەرهەنگی عوسمانی زاڵ بووە و تاڕادەیەکیش فەرهەنگی عەرەب، بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کاردی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێراندا بووە.

ئەم جیاوازییە دەبێتە بنچینەیەکی قایم و پتەو و سەخت لە کەسایەتیی عادیلەخانمدا، بەڵام لەو دەوروبەرەیشدا کە تیایدا ژیاوە و لە بەڕێوەبردنیدا بەشداریی کردووە. کەسایەتی عادیلەخانم لە گەشەکردن و ڕازاندنەوەی هەڵەبجەدا، لە شێوەی ژیانی وەسمان پاشای جافدا، لە کەسایەتی کوڕەکانی و بەتایبەتیش لە کەسایەتی ئەحمەد موختاردا ڕەنگی داوەتەوە. هەموو ئەم ڕەنگدانەوە و کارکردەش بە لای چاکسازیی و بووژانەوە و گەشەکردن و هونەر و ئەدەب و بیناسازیدا شکاوەتەوە. کەواتە هاتنی عادیلەخانم لە سنەوە بۆ هەڵەبجە و شووکردنی بە وەسمان پاشای جاف؛ دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی تازە لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا، کە نزیکەی پەنجا ساڵ، تا کۆتایی ژیانی عادیلەخانم، بە ئاشکرایی لەژێر کارکردی ئەودا دەبێت. بەڵام دوای کۆچی خانمیش، ئەم کارکردە لە ژیانی شاری هەڵەبجەدا، لە ژیانی کوڕەکانی وەسمان پاشا و عادیلەخانم و نەوەکانیاندا و لە ژیانی بەگزادەکانی جافی هەڵەبجەدا هەر بەردەوام بووە «٥٢».

## باسی دووەم: هاتنی عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە و هەڵوێستی تووركەكان بەرامبەری

تەوەرەی یەکەم: هاتنی عادیلەخانم بۆ هەڵەبجە:

لە باسی پێشوودا ساڵی لەدایکبوون و ڕەچەڵەکی (عادیلەخانم)مان لە هەردوو سەری دایك و باوکیەوە ڕوون کردەوە و بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەر دەستدا بوون؛ ڕاستییەکانمان خستەڕوو... لایەنێکی دیکەی ژیانی خانم کاتی هاتنی ئەوە بۆ شاری هەڵەبجە، ڕوونتر بڵێین ئەو کاتەی کە عادیلەخانم شووی بە عوسمان پاشای جاف کردووە و پاشانیش گواستنەوەیەتی لە شاری سنەوە بۆ هەڵەبجە.

چەندین بەڵگە و بۆچوونی مێژوویی هەن کاتی شووکردنی عادیلەخانم بە عوسمان پاشای جاف دەگەڕێننەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، واتە ئەو کاتەی کە خانم هێشتا تەمەنی «١٦-١٨» ساڵ بووە، بۆچوونی واش هەن ساڵی ١٨٩٥ وەك ساڵی شووکردنی عادلەخانم بە عوسمان پاشا دیاریی دەکەن.

ئەم لایەنەش دیسان جێگای مشتومڕە و شایەنی ئەوەیە لەسەری بووەستین و لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکاندا کەمێك هەڵوێستەی لەسەر بکەین، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانین بە دەرەنجام و ڕاستییەکان بگەین.

زۆرێك لەو نووسەر و مێژوونووسانەی لە سەرژیانی تاهیربەگ و بنەماڵەکەی نووسیوویانە ئەویان وەك کوڕی خانم ناساندووە، هەر لەنێو ئەو نووسینانەدا عادیلەخانم وەك دایکی هەردوو شاعیر «تاهیربەگی جاف و ئەحمەد موختارجاف» ناوبراوە، ئەمە لە کاتێکدا جگە لە عەلادین سەجادی وەك نووسەرێکی گەورە کە ساڵی ١٨٧٥ وەك ساڵی لەدایکبوونی تاهیربەگ دیاریی کردووە «٥٣»، زۆربەی نوسەران ساڵی ١٨٧٨ بە ساڵی لەدایکبوونی ئەو دەزانن «٥٤»، هەر خودی سەجادی خۆشی ئاماژەی بەوە

کردووە کە تاهیربەگ کوڕی عادیلەخانمە «٥٥».

عادیلەخانم زۆرجار لە کاتی گفتوگۆکردن و قسەکردندا تاهیر بەگی وەك کوڕی خۆی ناوبردووە، بۆ نموونە کاتێك ئەدمۆنز پرسیار لە خانم دەکات سەبارەت بەو ماوەیەی کە مێجەرسۆن لە ماڵیان بووە و گومانکردنیان لە ئەو، لە وەڵامدا خانم دەڵێت: «لە بیرمە ڕۆژێکیان تاهیربەگی کوڕم هاتە لام و وتی پێموایە ئەو غوڵام حسەینە ئەوروپی بێ، بەڵام من وتم هەرچۆنێك بێت ئەو میوانی ئێمەیە و نابێ ئێمە خۆمان لە کارێك وەردەین کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە» «٥٦».

یەکێکی دیکە لە بەڵگەکان ئەوەیە کاتێك محەممەد پاشای باوکی عوسمان پاشا؛ لە لایەن کەرەموەیسییەکانەوە دەکوژرێت «١٢٩٩ك/ ١٨٨١ یان ١٨٨٢ز»، عوسمان پاشا خەفەتی زۆری بۆ دەخوات و زۆر داخلەدڵ دەبێت بۆ تیرەی کەرەموەیسییەکان و تۆڵەکردنەوە لێیان، بەو هۆیەشەوە ماوەیەکی زۆر نە خۆی شۆردووە و نە خۆی گۆڕیوە، زۆرجار عادیلەخانمی شارستانی تکای لێکردووە کە خۆی بشوات و خۆشی بگۆڕێت، عوسمان پاشا و مەحموود پاشا کە برای دایك و باوکی یەکترن و لە دایکەوە دەگەڕێنەوە سەر کەرەموەیسییەکان و دایکیان لەناو بەگزادەکانی جافدا بە «نەنە پیرۆز» ناسرابوو «٥٧».

بەڵگەیەکی دیکە -کە مێژووی شووکردنی خانم بە عوسمان پاشای جاف بۆ ساڵانێکی بەر لە ساڵی ١٨٩٥ دەگێڕێتەوە-: ئەو بۆچوونەی حەسەن فەهمییە کە پەیوەندیی بە هاتنی نامیق بەگی میرئاڵایەوە هەیە، نامیق بەگ لە لایەن حکوومەتی عوسمانییەوە بۆ تاپۆکردنی زەوییەکانی شارەزوور لەسەر سوڵتانی عوسمانی نێردرا بوو بۆ هەڵەبجە بۆ لای مەحموود پاشای جاف، ئەم سەردانەی نامیق بەگ لە ساڵی ١٨٨٨ ئەنجام دراوە، لەوکاتەدا مەحموود پاشا کەسی یەکەمی ناو عەشیرەتی جاف بووە و هاوکات قایمقامی هەڵەبجەش بووە.

مەحموود پاشا هەر زوو لە مەبەستی هاتنی نامیق بەگ گەیشت، چونکە دەمێك بوو حکوومەتی عوسمانی لە دەسەڵاتی مەحموود پاشا لە ناوچەکەدا کەوتبووە گومانەوە، بە تایبەتی دووژمنانی مەحموود پاشا هەمیشە ڕاپۆرتیان دژی ناوبراوگەیاندووەتە کاربەدەستانی حکوومەتی عوسمانی و ئەوانیش بەدوای هەلێکدا گەڕاون بتوانن مەحموود پاشا لە پلەی قایمقامێتی هەڵەبجە و سەرکردایەتییکردنی عەشیرەتی جاف بهێننە خوارەوە و لایبەرن.

لەبەرئەوە مەحموود پاشا زۆر بایەخ بە نامیق بەگ نادات و وەك هەر میوانێکی تر لە دیوەخاندا دایدەنێ و خزمەتی دەکات. پاش مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان هەردوولادا، سەرەنجام نامیق بەگ لەسەر مامەڵە و میوانداریی مەحموود پاشا لە خۆیی و شێوازی قسەکردنی مەحموود پاشا بەرامبەر بە سوڵتانی عوسمانی دڵگیر دەبێت و هەڵەبجە بە جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ناو عەشیرەتی جاف و دەبێتە میوانی عوسمان پاشای برای مەحموود پاشا، بە پێچەوانەی مەحموود پاشاوە، عوسمان پاشا و عادیلەخانمی خێزانی -کە لەوکاتەدا هەواریان لە زەڵم بووە-: میوانداریەکی جوانی دەکەن و ڕێزێکی زۆر لە نامیق بەگ دەگرن، کاتێکیش نامیق بەگ دەگەڕێتەوە، عوسمان پاشا هەزار لیرەی ئاڵتوونی پێشکەش دەکات. دواتر لەسەر ڕاپۆرتی نامیق بەگ، مەحموود پاشا لە سەرکردایەتی عەشیرەتی جاف و قایمقامێتی هەڵەبجە دوور دەخرێتەوە و دەکرێت بە والی شاری ئوورفە، لەبری ئەو عوسمان پاشای برای دەکرێتە قایمقامی هەڵەبجە «٥٨».

بێگومان ئەمە ساڵی ١٨٨٨ ڕووی داوە، جگە لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی «٥٩» هەریەکە لە کەریم بەگی فەتاح بەگی «٦٠» برازای

مەحموود پاشا و عوسمان پاشا و محەمەد ئەمین زەکی بەگ «٦١» و حەسەن فەهمی بەگی جاف باسیان کردووە، ئەوەش ڕوونە کە ئەمین زەکی بەگ و حەسەن فەهمی لە نووسینەکانی خۆیاندا سەبارەت بەو بابەتە سوودێکی زۆریان لە نووسینەکەی کەریم بەگ وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە؛ نە کەریم بەگ و نە محەممەد ئەمین زەکی بەگ لەم کێشمەکێش و کرداری میوانداریيەدا هیچ کامیان باسی عادیلەخانمیان نەکردووە، بەڵکو تەنها حەسەن فەهمی بەگ باسی خانمی کردووە «٦٢».

بەڵگەیەکی دیکە؛ ئەووێنەیەی عادیلەخانم و عیزەت بەگ و ئەحمەد موختاری کوڕیەتی کە لە کتێبەکەی مینۆرسکییدا هاتووە«٦٣»، لە خوارووی وێنەکەدا نووسراوە: «خاتوو عادیلەخانمی عوسمان پاشای جاف و ئەحمەد موختاری کوڕی، کە منداڵە بچووکەکەیانە و، عیزەت بەگی کوڕی کە منداڵە گەورەکەیانە» «٦٤».

جێگەی خۆیەتی لێرەدا هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم وێنەیە بکەین، ئەم وێنەیە وەک دەردەکەوێت لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا گیراوە، چونکە لە وێنەکەدا وا دەردەکەوێت هەردوو منداڵەکە تەمەنیان لە نێوان ٤-٥ ساڵییدا بێت و خودی خانمیش وەک ژنێک دەردەکەوێت کە تەمەنێکی کردبێت، لە کاتێکدا عیزەت بەگ لە ساڵی ١٨٩٥ لە دایک بووە و ئەحمەد موختاریش لە ساڵی ١٨٩٨ لە دایک بووە.

قسەکەی ئێمە ئەوەیە؛ بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی تێناچێت عادیلەخانم لە پاش دوو منداڵ ئەو هەموو جوانیی و قەشەنگییەی کە ئەوی پێ ناسرابوو لە ناوچەکەدا لە پاش هاتنی بۆ هەڵەبجە لە دەست دابێت و ڕەنگی ژنێکی لەو شێوەیەی لە وێنەکەدا دەردەکەوێت بە تەمەنی لێنیشتبێت! «پێویستە ئەو وێنەیە دابنرێت» لەکاتێکدا نە خانم و نە عوسمان پاشاش لە خەڵکانێکی کەمدەرامەت و چین و توێژێکی فەقیر نەبوون، هەتا سەختی ژیان و نەبوونی و کەمدەرامەتی زوو چۆکیان پێ بدات و ئەو جوانییەی خانم هەیبووە لێی بستێنێت بەو خێراییە. بە پێچەوانەوە عوسمان پاشا جگە لەوەی یەکێك بووە لە بەگزادە و سەرکردە ناسراوەکانی عەشیرەتی جاف و خاوەن موڵك و ماڵێکی زۆر بووە لە ناوچەکانی هەڵەبجە و شارەزوور و سلێمانیدا، هاوکات خاوەنی پۆست و پلەوپایەی بەرز بووە لە حکوومەتی ئێران و پێشتر فەرمانڕەوای جوانڕۆ بووە لەو کاتەی پەنایان بردووەتە بەر ئێران، دواتریش بۆ ماوەی بیست ساڵ قایمقامی هەڵەبجە بووە.

چ نووسەرانی خۆمان و چ کوردناسەکانی سەردەمی خۆیان و تەنانەت خودی بەگزادەکانی جاف خۆشیان کە باسی ماڵی عوسمان پاشا و خانمیان کردووە باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوان ئەورووپاییانە و لە ترۆپکی خۆشگوزەرانیدا ژیاون «٦٥».

ئەمە لە کاتێکدایە جوانیی ژنانی کورد لە گەلێ لێکۆڵینەوەدا جێگەی باسکردنی ئەوان بووە، بەتایبەت لە گەشت و گەڕان و کتێب و یاداشتنامەی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و زانا ئەورووپییەکاندا کە پووختەی بیروڕای ئەوان لەو بوارەدا ئەوەیە «هەموو ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان» کە جوانیی ژنانی کورد جوانییەکی سرووشتییە و لەسەر ئەوەش پێك هاتوون ئەو جوانییە تەمەنێکی کورتی هەیە و لە ساڵانی لاوێتی تێناپەڕێت. بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنانە تاڕادەیەك زۆر زانستییانە نابێت، ئەگەر سنوورێك یان جیاوازییەك لە نێوان ژنانی کورددا دانەنرێت. کە دیارە بەپێی کاروفرمان و ئەرکیان و بەپێی ناوچە و شوێن، شار لەگەڵ لادێدا و بەپێی پلەی کۆمەڵایەتیی و گوزەرانی ئابووریی و خۆراك و جۆری ژیان بردنە سەریان ئەو جوانییەش

دەگۆڕێت، ئەگەرئەوە سیمای گشتی ژنانی کورد بێت -دیارە ناوچەی هەڵەبجەش دەگرێتەوە- ئەوا مۆرکی تایبەتیش ڕەنگێ بڵێین تاڕادەیەك لە ژنانی ئەو ناوچانەدا هەیە، کە مەبەست ناوچەکانی هەڵەبجەیە بە تایبەتیی کچانی جاف و بەگزادەکانی جاف، کە ئەوکات هەڵەبجە وەك دڵی عەشیرەتی جاف تەماشا دەکرا. پیرەمێردی شاعیر؛ گەلێك جارلە کچانی جاف دوواوە و لە «دوو ئاوانەکە»یدا زیاترلێی دوواوە و گۆران-ی شاعیریش وەستایانە وێنەی هەمان جوانیی دەکێشێت.

پیرەمێرد دەڵێت:

بۆپێم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف
وێنەی شیرینی نازدارانی جاف

گۆران-یش دەڵێت:

لای من چ جامی نەشئە چ میحرابی دینی عەشق
ئەم چاوو، ئەوبرۆی کچە کوردێکی جافییە

لە پەندی پێشینانیشدا «کچە جاف» نموونەی شۆخ و شەنگوی و جوانوی و گەورەیی و بەختەوەریی بووە، بۆیە وتراوە «ئەڵێی کچە جافیان بۆ دابەزاندووە»، کەوابوو نکۆڵی لە جوانیی ژنان لەو ناوچەیەی کە خانمی بۆ هێنراوە ناکرێت «٦٦».

ئەی دەبێت خانم لە سەرەتای هاتنیدا بۆ هەڵەبجە چەند جوان وشۆخ بووبێت بەوشێوەیە ناوو ناوبانگی جوانیی ئەوبە ناوچەکانی شارەزوور و هەڵەبجە و هەوراماندا بڵاوبووەتەوە و بووەتە باس و خواسی خەڵکانی ئەم ناوچەیە لەوکاتەدا.

فەقێ عەبدولقادری ڕەباتی؛ کە ماوەیەك میرزای تایبەتی ماڵی پاشا بووە، لەبارەی جوانی خانمەوە دەڵێت: «میرزای تایبەتی ماڵی عوسمان پاشای جاف بووم، مەحرەمی ماڵی پاشا بووم، وەك یەکێك لە خێزانەکانی ئەو ماڵە. جوانیی خانمی عوسمان پاشا لە هەموو ئەوولاتەدا ناوی دەرکردبوو. مێووژە ڕەشکە لە سایەی گەردنیا دیار بوو، مرۆڤ هەر حەزی دەکرد سەیری ئەو باڵا نەونەمامە و گۆنا ئاڵەی بکات، بە ڕاستیی خودا یەکێك لەوشیرین نەمامانەی کە درووستی کرد بوو عادیلەخانمی عوسمان پاشا بوو، ئەمە لە ڕووی جوانی و نازداریدا، لە ڕووی سالاریشدا مەگەرهەرتەنها لە دەست خانمی عوسمان پاشا بهاتایە کە فەرمانڕەوایی و عەشیرەتداری هەموو عەشیرەتی جافی بکردایە تا دەڕۆیشتە سنە و سلێمانی وبانە وشاقەڵا. چەند ساڵ بوو لە دڵمدا ببوو بە گرێ کە جارێك خانمم ببینیایە لەوکاتەی کە لە خەو هەڵدەستا، چونکە واگومانم دەبرد کە ئەو جوانییەی خانم هەیەتی بەهۆی داو و دەرمانەوەیە و دەمێك بوو ئەم بڕوایەم هەبوو. بە شوێن هەلێکدا دەگەڕام، تا بەیانییەکیان ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت، لەوکاتەی کە هێشتا خانم لە خەو هەڵنەستابوو، بە بیانووی هێنانی قەڵەم و کاغەزێك ڕۆیشتمە ئەو ژوورەی خانمی لێ نووستبوو، بە حوکمی ئەوەی مەحرەم بووم؛ دەمتوانی هاتوچۆبکەم، لەوکاتەی سەرم کرد بە ژوورەکەیدا، عادیلەخانم گۆشە کوڵڵەی سەر تەختەکەی لادا و لەناو جێگاکەی ڕاستبوویەوە و زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام هەستانێکی وەها هەروەك مانگ لە کەل بێتە دەرەوە ئاوا بوو، بە ڕاستی خانمم لە جۆشی نیوەڕۆ و ئێوارەدا چۆن بینی بوو، لەو کاتەشدا کە لەناو جێگەکەیدا سەری هەڵبڕی هەر بەو شێوەیە بوو، منیش تۆزێك لە زەردەخەنەکەی تەریق بوومەوە.

خانم وتی: فەقێ قادرا!، ئەزانم بۆچی هاتووی؟ وتم بۆچی هاتووم خانم؟ خانم وتی: لەم کاتەدا بۆ ئەوە هاتووی کە من ببینی بزانی ئەو جوانییەی هەمە لە کاتەکانی تردا بەهۆی داودەرمانەوەیە یاخود هەر هی خۆمە؟! فەقێ قادر من داوودەرمان ناکەم، خودا هەردوو بەهرەی جوانیی و ماڵی پێداوم، بە داوودەرمان و بە پیسکەیی، کوفرانەی ئەودوو بەهرەیە ناکەم!

وتم خانم چۆنت زانی کە من بۆئەوە هاتووم؟ وتی: بەوەدا زانیم هەرکە سەرتکرد بە ژوورەکەدا لە پێشدا سەیری منت کرد، پاشان چاوت گێڕا بۆ لای قەڵەم و کاغەزەکە. بە ڕاستی ئیتر باوەڕم بەوەش هێنا کە لێهاتوویی و زیرەکی خانمی عوسمان پاشای کرد بوو بەو خانمەی بتوانێ دەستە جڵەوی هەموو عەشیرەتەکەی بگرێتە دەست، پاشان وتم: وەڵلا ئەوەی ڕاستی بێت خانم ڕاست دەکەی بۆ ئەوە هاتووم، خۆ هیچ لۆمەیەکم ناکەی؟ وتی: کوڕم! تۆ کوڕی ئێمەی و ئەگەر ئێمە تۆمان بە کوڕی خۆمان دانەنایە تۆش بەو جۆرە سەربەست نەدەبووی لە هەموو ژوور و بەری ئەم سەرایەدا» «٦٧» .

کەواتە هەر دەبێ ئەو جوانییەی خانم هەیبووە لە تەمەنی لاوێتییدا بووبێت نەك لە تەمەنی ٣٥ ساڵیی و بەرەو سەرەوە؛ وەك ئەوەی هەندێك لە نووسەران باسی دەکەن و دەڵێن خانم لە ساڵی ١٨٩٥ شووی بە عوسمان پاشای جاف کردووە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە؛ بۆچوونی مێجەرسۆن-ە لەمەڕ ئەم بابەتە، سۆن کە ماوەی شەش مانگ خزمەتکار و میرزای ماڵی عوسمان پاشا و خانم بووە و بەوهۆیەشەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ بەگزادەکانی جاف بە گشتیی و عادیلەخانم و تاهیربەگی کوڕی بە تایبەتی پەیداکردووە، کە ئەوکات خانم لە تەمەنی ٥٠ ساڵییدا بووە.

سۆن بەشێکی کتێبەکەی «رحلة متنكر.... » بۆ باسکردنی ئەو ڕۆژانە تەرخان کردووە کە لە هەڵەبجە و لە ماڵی خانمدا ژیاوە و زانیارییەکی ئێجگار زۆری لەسەر ئەو بنەماڵەیە بۆ ئێمە گواستووەتەوە. هەر ئەمەش وامان لێ دەکات هەڵوێستەیەکی وردتر لەسەر بۆچوونەکەی ئەو بکەین سەبارەت بە خانم و تاهیربەگی کوڕی، چونکە بۆچوونەکەی سۆن بە تەواوەتی پێچەوانە و دژە لەگەڵ تێکڕای ئەو بۆچوون و بەڵگانەی ئێمە پێشتر خستمانن ڕوو سەبارەت بەم بابەتە. ئەی دەبێت ئەو بۆچوونەی سۆن لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەمە پرسیارە سەرکییەکەیە کە ئێمە دەبێت لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستماندان وەڵامی بدەینەوە.

لە باسی پێشوودا ئەوەمان خستەڕوو کە هاتنی خانم لە سنەوە بۆ هەڵەبجە و بەهێزیی کەسایەتیی ئەو و توانای بەڕێوەبردنی عەشیرەتەکەی، وای کردبوو مێجەرسۆن و محەمەد ئەمین زەکی بەگ و زۆر نووسەر و مێژوونووسی دیکە ڕەچەڵەکی عادیلەخانم ببەنەوە سەر بنەماڵەی وەزیری سنە یاخود ئەردەڵانییەکان، دیسان هەمان بابەت بووەتە گرفت و سۆنی تووشی هەڵەیەکی دیکەش کردووە سەبارەت بە سەرەتای هاتنی خانم بۆ هەڵەبجە و تاهیربەگی کوڕی. با لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە و بزانین بۆچی مێجەرسۆن کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە.

لێرەشدا دیسان پێویست دەکات کەمێك بگەڕێینەوە دواوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەمان ڕوونتر وەربگرینەوە، ئەمانوڵڵاخانی گەورە کە یەکێکە لە والییە دەسەڵاتدار و هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەردەڵان «٦٨»، لە ماوەی ژیانیدا چەندین ژنی هێناوە، یەکێك لە ژنەکانی «سەروناز خانم» بووە و پێشتر ژنی فەتح عەلی شای دەوڵەتی قاجاری بووە و بە دیاریی بەخشیویەتی بە ئەمانوڵڵاخان، هەروەها ئەمانوڵڵاخان کچی فەتح عەلی شا کە ناوی «حوسنی جیهان خانم»ە بۆ کوڕەکەی «خوسرەوخان» کە بە خوسرەوخانی ناکام ناسراوە مارە کردووە، دواتر خوسرەخان دەبێتە والیی ئەردەڵان و دەبێتە هاوسەری «ماه شەرەف خانم» کە بە مەستورەی شاعیر ناسراوە«٦٩».

یەکێکی تر لە ژنەکانی ئەمانوڵڵاخان،

عادیلەخانی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیرە، کە پێشتر دەزگیرانی نەسروڵڵا بەگی وەکیل بووە و بەر لە گواستنەوەی، ئەمانوڵڵاخان، نەسروڵڵا بەگی کوشتووە و عادیلەخانی کچی میرزا ئەحمەدی لە خۆی مارە کردووە، خوسرەوخانی ناکام کوڕی ئەو عادیلە خانمەیە «٧٠».

هەڵەکەی سۆن لێرەوە دەست پێ دەکات، چونکە مێجەرسۆن عادیلەخانی «مەبەست خانمی عوسمان پاشایە» بە کچی ئەمانوڵڵاخان داناوە، کە دیارە مەبەستی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان بووە، ڤاسیلیڤیاش، خانمی عوسمان پاشای جاف و عادیلەخانی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر و ژنی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی بە یەك زانیووە«٧١» .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا: هیچ یەکێك لەو دوو بۆچوونە لەگەڵ ڕاستییەکاندا یەك ناگرنەوە، چونکە ئەمانوڵڵاخانی والی و عوسمان پاشای جاف هاوسەردەم و هاوچەرخی یەك نەبوون «٧٢». سەربارى ئەوەی باوکی خانمی پاشا ناوی میرزا ئەحمەد نییە، بەڵکو ناوی عەبدولقادربەگی ساحێبقڕانە«٧٣». ڕەنگە هەر ئەو بۆچوونە هەڵەی سەرەوە بووبێ وای لە هەندێک خەڵك کردووە کە بڵێن عادیلەخانم بە بێوەژنی شووی بە عوسمان پاشای جاف کردووە.

مێجەرسۆن ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەم شووکردنەی خانم ساڵی ١٨٩٥ بووە، هەرئەمەش سۆنی خستووەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەزیاتر لە چەند شوێنێکی کتێبەکەیدا زۆر بەدڵنیاییەوە بڵێت تاهیربەگ لە هاوسەری یەکەمی عوسمان پاشایە نەک عادیلەخانم «٧٤» .

هەرخودی مێجەسۆن ئاماژەی بەوەش کردووە یەکێك لەو کارانەی خانم لە هەڵەبجەدا پێی هەستاوە دروستکردن و بنیادنانی سێ کۆشك بووە، یەکێك لەو کۆشکانەش، کۆشکەکەی خۆیان بووە کە بە «کۆشکی عوسمان پاشای جاف» ناسرابوو، ئەم کۆشکە ساڵی ١٨٩٣ «٧٥» دەست کراوە بە دروستکردنی و ساڵی ١٩٠١ تەواو کراوە، بەو پێیەش بێت دروستکردنەکەی ماوەی هەشت ساڵی خایاندووە، مێژووی کۆتاییهاتنی کۆشکەکەش لە بەشی سەرەوەی دەروازەی ناوەڕاستییدا بە دێڕێك کە بەزمانی عەرەبی نوسراوە لەگەڵ نووسینی ساڵە کۆچییەکەیدا بەم شێوە نەخشێنراوە و تۆمارکراوە: «انا فتحنا لك فتحا مبینا، قدختم هذا البینا و العالی فی شهر محرم فی السنة ١٣٢١ الهجریة»، کە دیارە ساڵی دەستکردن بە دروستکردنی کۆشکەکە ساڵی ١٨٩٣یە، ئەمەش دوو ساڵ بەر لەو مێژووەیە کە سۆن وەك ساڵی ١٨٩٥ شووکردنی خانم بە عوسمان پاشا دیاری دەکات «٧٦» .

ئەدمۆنز-یش لەگەڵ ئەوەی ئەو بەشەی کتێبەکەی سۆن کە تەرخانی کردووە بۆ باسکردنی ئەو ڕۆژانەی وەك خزمەتکار لە ماڵی عادیلەخانمدا کاری کردووە وەك سەرنجڕاکێشترین بەشی کتێبەکەی سۆن ناوی دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا پەنجەی بۆ ئەو هەڵەیەی سۆن ڕاکێشاوە کە تاهیربەگی بە کوڕی ژنی یەکەمی عوسمان پاشای جاف ناساندووە و ئەو هەڵەیەی بۆ ڕاست کردۆتەوە «٧٧».

**تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی توورکەکان بەرامبەر هاوسەرگیریی عادیلەخانم و عوسمان پاشای جاف**

عوسمان پاشای جاف لە ماوەی ژیانیدا «١٨٤٧-١٩٠٩»: دوو جار هاوسەرگیریی کردووە، خێزانی یەکەمی ناوی «مەنیجەخان» بووە «٧٨» و لە بەگزادەکانی هەورامان بووە، خێزانی دووەمیشی بریتییە لە عادیلەخانم «٧٩» .

لە ڕاستییدا خزمایەتی پاشا و بەگزادەکانی جاف لەگەڵ بنەماڵەی ساحێبقڕان بۆ مێژوویەکی

کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەپێی نووسینەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگ، دایکی محەممەد پاشای جاف و دایکی مەحموود بەگی عەبدوڵلا ئاغا -کە لە بنەماڵەی ساحیبقڕانە-، خوشك بوون و هەردووکیشیان کچی محەممەد بەگی مووسابەگی خورماڵ بوون، هەر بە پێی نووسینەکانی کەریم بەگ؛ دوای هەرەسی میرنشینی بابان، مەحموودبەگی عەبدوڵلائاغا، بە هۆی ئەو خزمایەتییەوە، پەنای بۆ محەممەد پاشای جاف بردووە، ئەویش دەیگرێتە خۆی و لە ناو پشتماڵەی جافدا شوێنی بۆ دابین دەکات «٨٠».

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین شووکردنی عادیلەخانم بە وەسمان پاشای جاف چەندە کۆمەڵایەتیی بووە، هێندەش ڕەنگی سیاسی لێ نیشتووە. وەسمان پاشا، قایمقامی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە هەڵەبجە. ئەو هەر قایمقام و کاربەدەستێکی ئاسایی نەبوو، چونکە یەکێك بوو لە دوو برای هەر بەهێزی سەرکردەی عەشیرەتی جاف، ئەوی دیکەیان مەحموود پاشای جاف بوو. عوسمانییەکان دەیانویست بە هۆی عوسمان پاشاوە دەست لە کاروباری ناوخۆی عەشیرەتی جاف وەربدەن. ئەم بایەخدانەی عوسمانییەکان بە عەشیرەتی جاف هۆیەکەی، لەلایەکەوە، ئەوەبوو کە جاف گەورەترین عەشیرەتی کورد بوو لە باشووری کوردستان و لە لایەکی ترەوە ئەوان لە هەر دوو دیوی سنووری عوسمانی و ئێرانیدا هەبوون و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەیانویست عەشیرەتی جاف بە لای خۆیاندا ڕابکێشن و نەهێڵن لە ئێرانییەکان نزیك ببنەوە. لەبەرئەوە کاتێك وەسمان پاشا ئەوەی ئاشکرا کرد کە دەیەوێت عادیلەخانم بخوازێت، توورکەکان زۆر دژایەتییان کرد «٨١»، چونکە خانم لە بنەماڵەیەکی گەورەی ئۆرستۆکراتی شاری سنە بوو، ئەم کارەش نیگەرانیی و دڵەڕاوکێی لای کاربەدەستانی توورك درووست کرد، چونکە هەر توورکەکان بوون کە ژنی یەکەمیان بۆ خواستبوو، تابتوانن عوسمان پاشا زیاترلە ماوەکانی پێشووتر لە خۆیان نزیك بخەنەوە، بەڵام خواستنی ژنێك لە لایەن پاشاوە لە بنەماڵە و خێزانێکی ناوداری شاری سنە -کە زیاتر لایەنگری فارسەکان بوون- ، کارێکی قبوڵکراو نەبووبە لای توورکەکانەوە، چونکە زۆر باش دەیانزانی عادیلەخانم دەبێتە پشتوپەنا و دەسەڵاتێکی بەهێز بۆ عوسمان پاشا و نزیکبوونەوەی ئەو لە ئێرانییەکان، هەربۆیە شتێکی سرووشتی بوو کە توورکەکان دژایەتیی ئەم کارە بکەن.

بۆیە توورکەکان کەوتنە بەرهەڵستییکردن و بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ لەناوبردن و پووچەڵکردنەوەی ئەم لایەنگیریی و دەسەڵاتە نوێیە بۆعوسمان پاشا، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بێ ئەنجام دەرچوون و پیلانەکانیان سەری نەگرت. ڕەنگە ئەو گوێپێنەدانەی عوسمان پاشا بەو هەڵوێستەی توورکەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە عەشیرەتی جاف و بەتایبەتییش بەگزادەکان هەرگیز نەیانویستووە بچنە ژێرباری داواکاری نەیارەکانیانەوە و ئەو نیمچە سەربەخۆییەی لە مێژوویەکی کۆنەوە هەیانبووە لە دەست بدەن، لەو پێناوەشدا باجی زۆریان داوە«٨٢» .

لەبارەی کارەکانی خانمەوە دوای هاتنی بۆ هەڵەبجە، سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کۆمەڵێك کاری گەورە و گرنگ کردووە، بەڵام بە کورتیی دەتوانین وای دەربڕین کە خانم لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك دیاردەی فەرهەنگیی و شارستانییانەی پێشکەوتووی هێنا بۆ هەڵەبجە و بۆ ئەو ناوچەیەی کوردستان و بۆ ناو ژیانی پاشا و بەگزادەکانی جاف. کە ئێمە لێرەدا بواری باسکردنیانمان نییە و دەکرێت لە نووسین و توێژینەوەیەکی تری تایبەت بەو بوارەدا باس بکرێن «٨٣».

سەرچاوەکان:

١. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ب١، ٢٠٠٨، ل: ١٩٣.

٢. لە بارەی ڕۆژی مردنی عادیلەخانم-هوە ڕۆژنامەی ژیانەوە لەژێر ناونیشانی (وفاتی مؤسف) دەنووسێت: روژ یكشمبه ٢٨ ايلول، خان بهادر عادلەخانم له البجه بأجل موعود وفاتی كرد بەناوی عمومەوە و زور بە أسفەوە بيانی تعزيت لە مخدومان مشاور الها اكين وتمنای رحمت وغفران لە حضرت بارهی تعالى اكين. ژ. ٦، ساڵی یەکەم، ١٩٢٤/١٠/٣.

٣. فەرهاد شاکەلی: لە بناری شنرۆێوە تا ناوەڕاستی سیروان (ژیان و مەرگی شاعیری نیشتمانپەروەر ئەحمەد موختار جاف) گ. ڕامان، ژ. ٢٥٨، ٢٠١٨/١١/١٦، ل: ٦٣.

٤. هـ. س، ل: ٦٦.

٥. مێجەرسۆن لە ڕۆژی ١٨٨١/٨/١٦ لە شاری «گینستگتۆن» لە ئینگلتەرا لە دایك بووە، وەك دەرکەوتووە سۆن لە بنەڕەتدا ئینگلیز نەبووە، بەڵکو لە قەرەچ «گیپسی»یەکانی ناوچەی وێلز بووە لە ئینگلتەرا، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٨ زانکۆی کامبریجی بە پلەی شەرەف تەواوکردووە، زمانی فەرەنسی بە باشی فێربووە و حەزی لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کردووە، لە ساڵی ١٩٠٢دا نێردراوە بۆ ئێران و لە بانکێکدا کاری کردووە، لە پاش ساڵێك لە تاران بە باشی فێری زمانی فارسی دەبێت و عومەری خیام وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. دواتر دەڕوات بۆ شیراز و خۆی بە لێکۆڵینەوە لە بارەی ئیسلامەوە خەریك دەکات، شەوانە بە بەرگی مەلایەتییەوە دەڕواتە لای مەلاکان لە مزگەوت، ساڵی ١٩٠٥ هەر لە شیراز مسوڵمانبوونی (شیعە) خۆی ڕادەگەیەنێت، بەڵام لەژێرەوە هەر (مەسیحی) بوو، هەمان ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا، پاش ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، هەرلەوێ ناوی خۆی دەگۆڕێ بە (میرزا غوڵام حسەینی شیرازی) و گەشتە نهێنییەکەی دەست پێ دەکات بە ناوچەکانی ئێران و کوردستاندا. دواتر خۆی دەگەیەنێتە کرماشان هەر لەوێش دەبێتە بەڕێوبەری لقی بانکی کرماشان و لەگەڵ ئەوەشدا دەست دەکات بە فێربوونی زمانی کوردی. پاش بەسەربردنی ساڵێك «١٩٠٦-١٩٠٧» لە کرماشان، کوردییەکی باش فێر دەبێت، ساڵی ١٩٠٧ واز لە کارەکەی دەهێنێت و دەست دەکات بە گەڕان بە کوردستانی خوارووادا، مێجەرسۆن لەو گەشتەیدا لە ماوەی نێوان ساڵانی «١٩٠٧-١٩٠٩» خۆی گەیاندە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و لە نزیکەوە لە ژیانی کورد و باری کوردستانی کۆڵییەوە. سۆن ماوەی شەش مانگ لە ماڵی وەسمان پاشا کاری کردووە، بە درێژایی ئەو ماوەیە مێجەرسۆن وەك کەسێکی چالاك و زیرەك ئیشوکارەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووە، هەر لەبەرئەوەش تاهیر بەگ سۆنی زۆر خۆش ویستووە. ساڵی ١٩٠٢ بووە بە (معتمد)ی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە شاری (موحەممەرە)، ساڵی ١٩١٣ کراوە بە جێگری کونسوڵی وڵاتەکەی لە (قەسری شیرین)، ساڵی ١٩١٥ لە لایەن هەڵمەتی دەزگاکانی دۆزینەوە (حملە استكشافيە)وە بۆ خزمەتێکی دەستیاو (اعارە) لەگەڵ دەزگا جاسوسییەکانی وڵاتەکەی دەکەوێتە مەشقکردن، لەهەمان ساڵدا بانگ کراوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی (بصرەتایمز) بکات، ساڵی ١٩١٦ کاری چاودێریکردنی سیخوڕە ئەڵمانییەکانی پێ سپێردراوە و کراوە بە جێگری کونسوڵی وڵاتەکەی لە دیزەفولی ئێران. دوای داگیرکردنی خانەقین لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ساڵی ١٩١٧ کراوە بە حاکمی سیاسی ئەو شارە. لە نێوان ساڵانی «١٩١٩-١٩٢١» حاکمی سیاسی شاری سلێمانی بووە. جگە لەوانەش سۆن سەرپەرشتی دەرکردنی هەردوو ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتنی) کردووە. ساڵی ١٩٢١ سۆن گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی و لە ئابی هەمان ساڵدا لەلایەن پادشای بەریتانیاوە لە کۆشکی(بەکینگهام) خەڵات کراوە. لە ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٤ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عادل صدیق: عادیلەخانم؛ کەسایەتیی و ئەردەڵانیبوون و ساحێبقڕانییبوونی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ٢٠١٠، ل: ٥٩-٧٤.

٦. بڕوانە: میجرسون: رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت. فوادجميل، ج١، ط١، بغداد، ١٩٧٠، ص: ٢٦٢-٣٤٥. سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و: مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل: ٥٢-٥٣ و ١٢٣-١٣٠.

٧. ناوی تەواوی «سیسل جۆن ئێدمۆندس»ە، لەناو کورددا زیاتر بە ئەدمۆنز ناسراوە، ساڵی ١٨٨٩ لە دایك بووە، کۆلێجی کامبریجی تەواوکردووە، ساڵی ١٩١٠ قوتابییەکی وەرگێڕ بووە لە کونسوڵی گشتی بەریتانیا. لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، ساڵی ١٩١٣ بوو بە وەکیلی یاریدەدەری کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە (بوشەهر) و ساڵی ١٩١٥ بوو بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی هێزەکانی بەریتانیا لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران، دواتر لە ساڵی ١٩١٩ لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران بە هەمان پلە، ساڵی ١٩٢٢ ئەرکێکی تایبەتیی لە باشووری کوردستاندا پێ سپێردراوە، ماوەیەکی کەمیش جێگری حاکمی سیاسی هەڵەبجە بووە، دواتر لە ڕاوێژکاری بەشەوە بووە بە پشکنەری بەڕێوەبەرایەتی لە حکوومەتی عێراقدا و پەیوەندیدار بە هێزە سەربازییەکانی بەریتانیای ناوچەی کەرکوك و سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٤دا. لە ساڵی ١٩٢٥ ئەرکی ئەفسەری پەیوەندیی لە لیژنەی نێودەوڵەتی لە کێشەی موسڵ پێ سپێردراوە، ساڵی ١٩٢٦ بووە بە یاریدەدەری ڕاوێژکاری ناوخۆیی عێراق، ساڵی ١٩٢٨ بووە بە کونسوڵ و لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٤٥ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە، لە حکومەتی عێراق وازی لە خزمەتگوزاری هێنا دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٨ نیشانەی «ڕافیدین»ی پێ بەخشرا لەلایەن حکومەتەکەی خۆیەوە، ساڵی ١٩٤٨ بە پلەی وەزیر لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا دامەزرا، تا لە ساڵی ١٩٥٠ خانەنشین کرا، خاوەنی کتێبە بەناوبانگەکەی «کورد، توورك، عەرەب»ە. عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: ئەحمەد موختار بەگی جاف، سلێمانی، ٢٠٠٠، پ٣، ل: ٢٢٥-٢٢٦.

٨. بڕوانە: سیسیل جۆن ئێدمۆندس: کورد تورك عەرەب، و. حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٩. G.M.LEES: Tow years in south Kurdistan, ١٤ march ١٩٢٨, journalof the central Asian society, VOL, XV, Part III, p٢٥٣-٢٧٧..

١٠. کورد، و: حەمەسەعید حەسەن حەمەکەریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤، ل: ١٦٣-١٦٥؛ مینۆرسکی و کورد، و. ئەنوەر سوڵتانی، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦، ل: ٢٥-٢٦؛ عادل صدیق: عادیلەخانم، ل: ٨٢.

١١. فەرهاد شاکەلی: س.پ، ل٦٣

١٢. بڕوانە: عادل صدیق: هەڵەبجە «١٨٨٩-١٩٣٠»، چ١،

چاپ و پەخشی نووسەر، ب. ش، ٢٠٠٨، ل: ٨٧-١٧٧؛ عادیلەخانم، ل: ١٠١-١٢٧؛ چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١، ل: ١٧٥-١٩٠.

١٣. حەمەبۆر (محەممەد مستەفا حەمەبۆر): چەپكێ لە هەڵبەستی بڵاونەكراوەی مستەفابەگ «كوردی» ساحێبقڕان، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل: ١٦؛ عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپخانەی معارف، سەردەشت، ١٩٥٢، ل: ٢٢٨-٢٢٩. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دیوانی تاهیربەگدا بەم شێوەیە ڕەچەڵەكی خانم دەستنیشان كراوە «عادیلەخانم كچی عەبدولقادر بەگ كوڕی ڕۆستەم بەگ كوڕی ئەحمەد بەگ» واتە باپیری عادیلەخانم بە ناوی «ڕۆستەم بەگ» هاتووە نەك حەمید بەگ، د. عەبدوڵڵا مەردۆخ-یش باوكی عەبدولقادر بەگ وەك ڕۆستەم بەگی بابانی ئەناسێنێت. بڕوانە: «دیوانی تاهیر بەگی عوسمان پاشای جاف: دیوانی تاهیربەگ، چ٣، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٦، ل:b؛ دام و دەزگای دەرەبەگیی بنەماڵەی وەزیرەكانی كوردستانی ئەردەڵان، گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژ. ١، ٢٠٠٨، ل: ٢٧٣-٢٧٤، پ١.

١٤. عادل صديق: هەڵەبجە، ل: ٧٥.

١٥. سەبارەت بە ڕەچەڵەكی بنەماڵەی وەزیرد. عەبدوڵڵا مەردۆخ دەنووسێت: «بنەماڵەی وەزیربە ڕەچەڵەك كورد نیین و دەچنەوە سەر كەسێك بەناوی خواجە ئیبراهیم كوڕی خواجە یوسفی بەززاز «كوتاڵ، قۆماشفرۆش» كە لە ساڵی ١٠٢٢ك/١٦١٣ز: هەڵۆخان «٩٩٦-١٠٢٥ك/ ١٥٨٧-١٦١٦ز»، لە ئەسفەهانەوە هێنایە قەڵای حەسەن ئاوا، ئەم بنەماڵەیە لە جووەكانی ئەسفەهان بوون. خواجە ئیبراهیم لە بەر شارەزایی لە نوسین و حیساب و بازرگانیی و بە گشتی كارگێڕیی و حساباتی ماڵ و موڵك، هەڵۆخان لە دامودەزگای خۆیدا دایمەزراند. پاشان لە سنە بوون بە خاوەن موڵك، بۆ هەموو جێگایەك پەلیان هاویشت و بە هەر شێوازێكی خیانەت یاخود سیاسەت، توانیان هەموو دوژمنەكانی خۆیان بنبڕبكەن و بگەنە بەرزترین پلەوپایە و گەورەترین دەرەبەگی ناوچەكە.... هەروەك لە ڕێگەی ژن و ژنخوازیشەوە لەگەڵ زۆربەی بنەماڵە ڕەسەن و كاربەدەستەكانی ناوچەكەدا بوون بە خزم و لەم ڕێگایەوە ڕادەی سنووری نفووز و دەسەڵاتی خۆیان بەرینتر كرد...»، هتد. بڕوانە: س.پ، ل: ٢٧٨؛ عومەر خدر خدر: س. پ، ل: ١٩٤-١٩٦. نووسەرێكی دیكە دەنوسێت: «بنەماڵەی وەزیری، كە لە هەموو خەڵكی سنە داراتر و بە دەسەڵاتتر بوون، لە سەردەمی خان ئەحمەدخانی سێیەمەوە، هەر وەزیر بوون و ناوبانگیان هەبووە. یەكەمین باپیریان ناوی خواجە حەمە یوسفی سوورەدزەیی بووە و یەكەمین كەسێكیان كە بووەتە وەزیر، میرزا عەبدوڵڵای یەكەمە، بەدوای ئەودا میرزا ئەحمەد، میرزا عەبوڵڵای دووەم، میرزا فەرەجوڵڵا، میرزا جافر، میرزا ڕەزای وەزیر. مشیر دیوان و ئاسەف ئەعزەمیش -كە كوڕانی حەمەڕەزای وەزیربوون-، پیاوی خاوەن دەسەڵات بوون». مەستوورە؛ مێژووی ئەردەڵان، و. مامۆستا هەژار، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل: ١٨٤، پ١.

١٦. میجرسون: رحلة متنكر، ج٢، ص: ١٦١؛ رحلة متنكر، ج٢، ص: ٢٨٧؛ سلێمانی ناوچەیەك، ل:١٢٧؛ محەمەد ئەمین زەكی بەگ: تاريخى سلێمانی و وڵاتی، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل: ١٣٥.

١٧. دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە خالید بەگی كوڕی بەهرام بەگی نەوەی سورخاب بەگە، سورخاب بەگ، كوڕی پێنجەمی خۆی، بەهرام بەگ وەك شازادەی ڕواندز و ئامێدی دامەزراند، لە سەردەمی حكوومەتی خان ئەحمەدخانی یەكەم «١٠٢٥-١٠٤٦ك/ ١٦١٦-١٦٣٦ز»، چەند كەسێك لە نەوەكانی خالید بەگ گەڕانەوە كوردستانی ئەردەڵان و لەوێ جێگیربوون، كاری وەكیلییان لە ئەستۆگرت، بە كەسەكانی ئەم بنەماڵەیان دەگووت بەگ، ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بۆ ماوەی نزیكەی سێسەد ساڵ پۆستی وەكیلییان بە میرات بۆ مابووەوە. دەزگای باجوەرگرتن لە دەستی وەكیلدا بووە، دانان و ڕێكخستنی لیستی باجەكان و تەنانەت كۆكردنەوەی باجیش دەكەوتە چوارچێوەی دەسەڵاتی وەكیل. بڕوانە: عومەر خدر خدر: س. پ، ل: ١٩٧-٢٠٣؛ مەستوورە: س. پ، ل: ٦٧-٦٨؛ د. عەبدوڵڵا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٦٦-٢٦٧.

١٨. ئەدمۆنز: س.پ، ل: ٨٨؛ حەسەن فەهمی بەگی جاف: مێژووی هۆزی جاف و مەحموود پاشای جاف، چاپخانەی دێكان، ١٩٩٩، پ٢، ل: ٧٠.

١٩. د. عەبدوڵڵا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٦٦-٢٦٧. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پێگە و پلەوپایەی ئەم دوو بنەماڵەیە و پەیوەندییەكانیان لەگەڵ میرەكانی ئەردەڵان و ململانێی نێوانیان، بڕوانە: ڤاسیلیڤا: س. پ، هەولێر، ١٩٩٧؛ د. عەبدوڵڵا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٥٦-٢٨٦؛ عومەرخدرخدر: س. پ، ل: ٨٩-١٠١.

٢٠. جەمال بابان و ئەوانی تر: سلێمانی شارە گەشاوەكەم، ب٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل:٦٧؛ ئەدمۆنز: س. پ، ل: ٨٨.

٢١. ئەدمۆنز: س. پ، ل: ٨٨.

٢٢. هـ. س. پ، ل: ٨٨.

٢٣. حەمەبۆر «محەمەد مستەفا حەمەبۆر»: چەپكێ لە هەڵبەستی بڵاونەكراوەی مستەفابەگ «كوردی» ساحێبقڕان و كورتەیەكی ژیاننامەی، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل: ١٢-١٦.

٢٤. د. سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردی، چ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكراوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل: ٢٩؛ پۆڵ دۆمۆن: سەردەمی تەنزیمات «١٨٣٩-١٨٧٨»، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل: ٦٤.

٢٥. د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: كوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەكەمی جیهانی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل: ٣٢ و ٣٣.

٢٦. هـ. س، ل: ٤٨؛ ئەدمۆنز: س. پ، ل:٨٨، محەممەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، ب١، لەندەن، ١٩٩٠، ل: ٢٢٨.

٢٧. محەممەد ڕەسوڵ هاوار: س. پ، ب١، ل: ٢٢٨.

٢٨. حەسەن فەهمی بەگ كوڕی عەلی بەگی كوڕی مەحمود پاشای جافە، لە دایكیشەوە كوڕی ناهیدەخانمی كچی عادیلەخانمە، واتە دەبێتە كچەزای عادیلەخانم و عوسمان پاشای جاف، لە ١٩٠٥/١١/١٦ لە هەڵەبجە لەدایكبووە، بە منداڵی لە لای مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی، یەكێك بووە لە سەرۆكەكانی عەشیرەتی جاف، بەشێكی زۆری كاتەكانی بە كاری كشتوكاڵكردن و بەڕێوەبردنی كاروباری عەشیرەتەكەیەوە بەسەر بردووە، هەروەها خاوەنی ژمارەیەك وتاری بڵاوكراوەیە

لە گۆڤاری گەلاوێژدا، جیا لەوانەش ژمارەیەك کتێبی نووسراو و وەرگێڕدراوی هەیە، لەوانە: مێژووی هۆزی جاف و مەحموود پاشای جاف، پاڵەوانی زەند، گەڕانەوەی دە هەزاریۆنانییەکە...، ناوبراو چوار جار «١٩٤٨، ١٩٥٣، ١٩٥٤ و ١٩٥٨» لەسەر پشکی هەڵەبجە بووە بە پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عێراق، ناوبراو خاوەنی ژمارەیەك پارچە شیعرە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی، لە ١٩٧٣/٦/١٨ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. «محمد علی الصویرکي: معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث فی کردستان وخارجها، مطبعة مؤسسة حمدی للطبع والنشر، بنکەی ژین، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص: ٢١٩».

٢٩. تۆفیق بەگ -کە یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی ساحێبقڕان-، بەم شێوەیە سەرگوزشتەی ئاوارەبوونی بنەماڵەکەی بۆ عەلادین سەجادی گێڕاوەتەوە: «بنەماڵەی ساحێبقڕان لە ئەحمەد بەگی گەورەوە دەست پێ دەکات، ئەحمەد بەگ یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان، لاوچاك و سوارچاك بووە، ڕووی کردبێتە هەر دوژمنێك شکاندوویەتی، هەر لەبەرئەوەش ناویان ناوە «ساحێبقڕان-خاوەن نگین». ئەحمەد بەگ تەنها مەحمود بەگی کوڕی دەکەوێتە وڵاتی بابانەوە، دەبێت بە وەزیری جەنگی میرنشینی بابان.... مەحموود بەگ پێنج کوڕی هەبووە: ئەمین بەگ، حەمید بەگ، مستەفا بەگ، داود بەگ، ئیبراهیم بەگ. ئەمین بەگ دەڕوات بۆ وڵاتی عوسمانی و دەبێتە دەفتەرداری ویلایەتی حیجاز و لە شاری مەککە دەمرێت، لەوێش ئێستا نەوەی هەیە. حەمید بەگیش دەڕوات بۆئێران ولە شاری سنە جێگیردەبێت، قادربەگ وکوڕی تری لە پاش بەجێ دەمێنێت، عادیلە خانمی خێزانی عوسمان پاشای جاف کە بە خانمی عوسمان پاشا بەناوبانگە کچی ئەو قادر بەگەیە، ئەو بنەماڵەیە تائێستاش لە ئێران و شاری سنە نەوەیان زۆرە. مستەفا بەگ کە ناسراوە بە «کوردی»، یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکان. داود بەگیش دەڕوات بۆ شاری مەککە بۆلای ئەمین بەگی برای، ئەویش هەرلەوێ دەمرێت، لە پاش خۆی دوو کوڕی لێ بەجێ ماوە بە ناوەکانی: عوسمان بەگ، حسەین بەگ. عوسمان بەگیش دوو کوڕی هەبووە: عوسمان بەگ و شەوکەت بەگ، حسەین بەگیش دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی: صالح زەکی بەگ و داود بەگ. پێنجەم کوڕی -واتە ئیبراهیم بەگ-، کوڕێکی هەبووە بەناوی فەتاح بەگ، فەتاح بەگ سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی: تۆفیق بەگ، نووری بەگ، شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد بەگ». عەلادین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، سەردەشت، ١٩٥٢، ل: ٢٢٨-٢٢٩.

٣٠. حەسەن فەهمی بەگی جاف: س. پ، ل: ٧٠، پ٢؛ عادل صدیق: س. پ، ل: ٧٥.

٣١. ساڵح زەکی بەگ، کوڕی حسەین بەگ، کوڕی داود بەگ، کوڕی مەحمود بەگە، لە بنەماڵەی ناسراوی ساحێبقڕانە، لە ١٨٨٦/٣/٦ لە هەڵەبجە لە دایك بووە، هەر بە منداڵی دایکی مردووە و باوکیشی بە دوایدا کۆچی دوایی دەکات. عوسمان بەگی مامی دەیگرێتە خۆی، لە سلێمانی و بەغداد خوێندویەتی، ساڵی ١٩٠٢ ڕوو دەکاتە ئەستەنبوڵ، دەچێتە خوێندنگای جەنگی، لە ساڵی ١٩٠٦ لەو خوێندنگایە بە پلەی مولازم خوێندن تەواو دەکات، ساڵی دواتر پەیوەندی دەکات بە فەیلەقی شەشەمی سوپای عوسمانی لە میسۆپۆتامیا، بەشداری شەڕی یەکەمی جیهانی کردووە و لە شەڕی شوعەیبەدا بریندار دەبێت. دواتر دەکرێتە موقەدەم، ساڵی ١٩٢١دا واز لە سوپای تورکی دەهێنێت و دەگەڕێتەوە عێراق، لە ئازاری ١٩٢٢ دەکرێتە قایمقامی ئاکرێ، دوای تێکچوونی شۆڕش گۆڤاری «دیاریی کوردستان» بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی لە بەغداد دەردەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٢٦ دەگەڕێتەوە سەرکاری بەڕێوەبەرایەتی و دەکرێتە بەڕێوەبەری ناحیەی قەزانیە، پاشان هی ناحیەی شارەبان و عەفەك و قایمقامێتی چەمچەماڵ. پاش ئەمانەش دەگوێزرێتەوە و دەکرێتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ «١٩٣٠»، ساڵی «١٩٣٣» دەکرێتە قایمقامی کۆیە، دواتریش ئامێدی، لە ئایاری ١٩٣٥ دەکرێتە پارێزگاری سلێمانی، تەمموزی ساڵی دواتر دەکرێتە پاریزگاری دیالە، هەمان ساڵ دەگوێزرێتەوە و دەکرێتە سەرۆکی تەسویەی مافی زەویوزار، هەمان فەرمانی لە کەرکووك و مووسڵ و کووت بینیوە. ساڵی ١٩٣٩ دەکرێتە پاریزگاری هەولێر، لە ئایاری ١٩٤١ خانەنشین دەکرێت. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٢ دەیگەڕێننەوە و دەیکەن بە پشکنەری بەڕێوەبەرایەتی و لەو پایەدا دەمێنێتەوە هەتا لە ١٩٤٤/١٢/١٣ لە بەغداد کۆچی دوایی دەکات. زمانەکانی عەرەبی و تورکی دەزانی و شارەزای زمانی فەڕەنسی و فارسی بووە و بە زمانی کوردییش شیعری نووسیوە. «میر بەصری: ناودارانی کورد، ل: ١٧٦-١٧٧؛ محمد علی الصویرکی: م. س، ص: ٣٥٩.

٣٢. ئەدمۆنز: س. پ، ل: ٨٨.

٣٣. حەمەبۆر: س. پ، ل: ١٦؛ جەمال بابان و ئەوانی تر: س. پ، ب٣، ل:٦٧؛ عادل صدیق: هەڵەبجە، ل: ٧٤.

٣٤. حەمەبۆر: س. پ، ل: ١٧.

٣٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حەمیدەی کچی ئەحمەد موختار جاف، ٢٠٠٦/١٢/١٦، سلێمانی.

٣٦. رحلة متنکر، ج٢، ص: ١٦١؛ رحلة متنکر، ج١، ص: ٢٨٧؛ سلێمانی ناوچەیەك، ل: ١٢٧؛ تاریخی سلێمانی و وڵاتی، ل: ١٣٥.

٣٧. بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی سەردەمی حکومڕانی ئەمانوڵڵاخان «١٧٩٩-١٨٢٤»، بڕوانە: عومەر خدر خدر: میرنشینی ئەردەڵان لە نێوان ساڵانی «١٧٩٩-١٨٦٧»، چاپخانەی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٤، ل: ٨٩-١٠١.

٣٨. ئەم کتێبە، لە لایەن عبدالقادر بن رستم بابانی لە ساڵی «١٢٨٦ك/ ١٨٧٠ز»، بە زمانی فارسی نووسراوە، بە ناوی «ڕەوشی کوردان». وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی. کتێبەکە جگە لەوەی بەشێکی باشی بۆ مێژووی ئەردەڵان تەرخان کراوە، باسی میرنشینەکانی بابان و سۆران و موکریانیش دەکات. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە نووسەرەکەی کوڕی یەکێك لە بنەماڵە دیارەکانی بابانییەکانە، ئاوارەی ئێران بوون و لە سنە نیشتەجێ بوون، عەبدولقادر خۆی شاهیدی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی کۆتایی میرنشینەکە بووە. ئەوهی لەم کتێبەدا جێگەی سەرنجە: یەکەم، بەشێکی زۆری ساڵەکانی ڕووداوەکان تێکەڵاوکراون و پاش وپێشیان زۆرە وبە دروستی نەنووسراون. دووەم، بەشێکی ژیان و ناوی میرەکانی تێکەڵاو کردووە. وەرگیراوە لە: عومەر خدر خدر: س. پ، ل: ١٣.

٣٩. بە وەرگرتن لە: د. عەبدوڵڵا مەردۆخ: س. پ، پ١، ل: ٢٧٣-٢٧٤؛ ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و. ڕەشاد میران، هەولێر، ١٩٩٧، ل: ١٥٠.

٤٠. عادل صدیق عەلی: عادیلەخانم، ل: ٢٢.

٤١. ئەمانوڵڵاخان چەندین ژنی هێناوە، سەرچاوەکان تەنها

ئاماژەیان بەناوی چواریان کردووە، کە ئەوانیش بریتین لە: خوردەخانم کچی محەمەد ئاغای قادربی و خوشکی ئەبولحەسەن بەگی باوکی مەستوورە بووە، دووەمیان، عادیلەخانی کچی میرزا ئەحمەدی وەزیر و دایکی خوسرەوخانی ناکام بووە، سێیەمیان، کچی پیاوێکی سەرافی سەقزی بووە و دایکی محەمەد حەسەن خان بووە، چوارەمیان، سەروناز خانم ژن یان کەنیزەکی فەتح عەلی شای ئێران بووە کە دوای هێنانی، ئەمانوڵلاخان ناوەکەی گۆڕیوە بۆ قوبازەر خانم. بڕوانە: عومەر خدر خدر: س. پ، ل: ٨٩-٩٠.

٤٢. محەمەد ئەمین زەکی بەگ: س. پ، ل: ١٣٥.

٤٣. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، چ٢، چاپخانەی دۆست، هەولێر، ٢٠٠٧، ل: ١١٢.

٤٤. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: دیوانی ئەحمەد موختارجاف، چاپخانەی (الادیب)، ١٩٨٦، پ٤، ل: ٨.

٤٥. ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد، ١٩٨٣.

٤٦. د. عەبدوڵلا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٧٦.

٤٧. د. کریم سنجابی: ایل سنجابی ومجاهدت ملی ایران (خاطرات علی ئەکبەرخانی سنجابی و سالارمقتدر)، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠ی شەمسی، ل: ٥٤٢-٥٤٣.

٤٨. حەسەن فەهمی بەگی جاف: س. پ، پ٢، ل: ٧٠.

٤٩. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. عەبدوڵلا مەردۆخ، سلێمانی، ٢٠٠٩/٤/٢٨.

٥٠. د. عەبدوڵلا مەردۆخی: س. پ، پ١، ل: ٢٧٤.

٥١. هـ س، ل: ٢٧٠.

٥٢. فەرهاد شاکەلی: س. پ، ل: ٦٥.

٥٣. مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغداد، ل: ٤٨٩.

٥٤. د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ؟؟؟؛ ئەدمۆنز: س. پ، ل: ١٩٢؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: س. پ، ل: ١٨٩.

٥٥. مێژووی ئەدەبی کوردی، ل: ٤٧٢.

٥٦. کورد، توورك، عەرەب، ل: ١٩٥.

٥٧. حەسەن فەهمی بەگی جاف: س. پ، ل: ٤٢؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ، س. پ، ل: ١٢٣؛ کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، دار الکتب والوثائق، بەغداد، ١٩٩٥، ل: ٥٨.

٥٨. حەسەن فەهمی بەگی جاف: س. پ، ل: ٤٦؛ کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: س. پ، ل: ٦٧؛ سامان سەڵاح: س. پ، ل: ١١٣ و ١١٤؛ محەممەد ئەمین زەکی بەگ: س. پ، ل: ١٣٣.

٥٩. سامان سەڵاح: س. پ، ل: ١١٣-١١٤.

٦٠. کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: س.پ، ل: ٦٧.

٦١. تاریخی سلێمانی، ل: ١٣٣.

٦٢. مێژووی هۆزی جاف، ل: ٤٦.

٦٣. بۆ سەیری ئەم وێنەیە بڕوانە: مینۆرسکی: کورد، و. حەمەسەعید حەسەن حەمەکەریم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، ١٩٨٤، ل: ١٦٤؛ فەرهاد شاکەلی: س. پ، ل: ٦٤.

٦٤. مینۆرسکی: کورد، ل: ١٦٤.

٦٥. شاکر فەتاح: گەشتی هەڵەبجە و هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣دا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٤، ل: ٦؛ عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: ئەحمەد موختار جاف؛ شاعیر و مرۆڤ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل: ١٠٦، پ٢٩؛ واسیلی نیکیتین: کورد و کوردستان، و: خالید حسامی «هێدی»، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨، ل: ٣٠٠.

٦٦. عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س. پ، ل: ١٠٥-١٠٦.

٦٧. عەلادین سەجادی: ڕشتەی مرواری، ب٦، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل: ٢٦٩-٢٧٠.

٦٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورد وعەجەم، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل: ٥٦٩.

٦٩. هـ س، ل: ٥٩٦-٥٩٧؛ محەممەد حەمەباقی: میرنشینی ئەردەڵان- بابان- سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل: ٣٢.

٧٠. د. عەبدوڵلا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٧٣.

٧١. میجرسون: رحلة متنكر، ص: ١٥٦-١٦١؛ د. عەبدوڵلا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٧٣، پ١؛ ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: س. پ، ل: ١٥٠.

٧٢. د. عەبدوڵلا مەردۆخ: س. پ، ل: ٢٧٣، پ١.

٧٣. عادل صدیق: هەڵەبجە، ل: ٧٥؛ تاهیربەگی عوسمان پاشای جاف: س. پ، ل: b.

٧٤. میجرسون: رحله متنكر، ج٢، ص: ٢٧٩.

٧٥. مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل: ١٢٨؛ عادل صدیق: س. پ، ل: ٧٠؛ عبدالرقیب یوسف: فن العمارة فی كردستان؛ قصر عثمان ثاشا جاف فی حلبجة، جریدة العراق، ١٩٨٠/٦/٢٨، ص: ٣.

٧٦. بۆ زیاتر شارەزابوون لە مێژووی دروستکردنی ئەم کۆشکە و ئەو شێواز و هونەرە ئەندازیارییەی تیایدا بە کارهاتووە، بڕوانە: «عبدالرقیب یوسف: م. س».

٧٧. کورد، توورك، عەرەب، ل: ١٩١، پ١٧.

٧٨. ئەدمۆنز دەڵێت: ژنی یەکەمی عوسمان پاشا ناوی «نەوسوودخان» بووە، بەڵام پێناچێت ئەم بۆچوونەی ئەو ڕاست بێت، چونکە لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ مەحمود پاشا مێردی عادیلەخانم بووە. «کورد، توورك، عەرەب، ل: ١٩١».

٧٩. عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: س. پ، ل: ٢٣.

٨٠. تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، چ١، ١٩٩٥، ل: ١٧٤.

٨١. فەرهاد شاکەلی: س.پ، ل: ٦٦-٦٧.

٨٢. مەیجەرسۆن: سلێمانی ناوچەیەك، ل: ١٢٧؛ رحلة متنكر، ج٢، ص: ٢٨٧-٢٨٨؛ عادل صدیق: س. پ، ل: ٧٢.

٨٣. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کارەکانی خانم؛ بڕوانە: عادل صدیق عەلی: عادیلەخانم، ل: ٤٦-٥٥.

هەواڵنامەی ژنان

# لە بارەی خانمەوە



## حەکیم مەلا ساڵح

حەکیم ساڵح عەبدولکەریم
شاعیرو ئەدیب و لێکۆڵەرو مێژوونووس
ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجە لە دایک بووە
ساڵی ١٩٧٧ لە بەشی شەریعەی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە
لەبەر بارودۆخی سیاسی نەیتوانیوە خوێندنی زانکۆ تەواو بکات
ساڵی ١٩٧٨ وەک فەرمانبەر لە بانکی هەڵەبجە دامەزراوە
ساڵی ١٩٨١ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ ماوەی ساڵێک زیندانیی کراوە
پاش ئازادبوونی لە زیندان، ساڵی ١٩٨٢ دەبێت بە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
خاوەنی (٢٦) کتێبی چاپکراوە و (٨) کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم شاژنە لەبنەماڵەی ساحێبقڕانی سلێمانییە، پاش دروستبوونی کێشەیەك، بنەماڵەکەیان کۆچ دەکەن بۆ شاری سنە، پایتەختی ئەوسای میرنشینی ئەردەڵانییەکان و خانم لەو شارە لەدایك دەبێت...

وەکو لەپیرانی قەدیممان بیستووە؛ کاتێک خانم پێدەگات، وەسمان پاشای جاف –کە پیاوێکی کورتە باڵا بووە و قۆز نەبووە-؛ دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بیێتە هاوسەری عادیلەخانم، بۆ ئەو مەبەستەش شێخ حەمەمینی عەبابەیلێی بە ناوی وەسمان پاشاوە دەنێرن و پاش یەکترببینن خانم ڕازی دەبێت شووی پێ بکات، بەڵام کاتێک بە بووکی دەیهێنن و وەسمان پاشا دەچێتە لای، دەڵێت من شووم بە تۆ نەکردووە و خۆی نادات بە دەستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ سنە و ناچار دەبێت قبوڵی بکات، بەڵام بە مەرجی ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری کاروباری جافە نیشتەجێکانی هەڵەبجە، شارەزوور و ناوچەکانی: زەردۆیی، کۆکۆیی، نەوڕۆڵی، شەمێرانی و تاوگۆزی.

وەسمان پاشا و عادیلەخانم بەم شێوەیە پێکدێن، خانم لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا بەرپرسێکی هۆشیار و بەتوانا و دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر و میهرەبانی لێ دەردەچێت، بە تایبەتی لەچارەسەرکردنی کێشە عەشایەری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

لەبەڕێوەبردنی کۆشکەکەشیاندا باش دەردەکەوێت و ژمارەیەك خەڵکی دەستکورت لەسەر کار دادەمەزرێنێت و ژیانیان بۆ دابین دەکات. هەر لەو سەروبەندەدا ئەم کەسایەتییە سیاسییانەی ئینگلیز ماڵی پاشا دەکەنە جێگەی حەوانەوە: مەیجەرسۆن، کاپتن بێڵ، گرینهاوس و کاپتن لیس. ئەم سیاسییانە؛ زۆر سوود لەخانم خۆی و ئەحمەد موختاری کوڕی، وەردەگرن و هەڵوێست و بەرنامە و بۆچوونیان بە هەند وەردەگرن.

ئەو دەمە کە کێشە و ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتی ئینگلیز و شێخ مەحموود دەگاتە ترۆپک؛ ئەمان بە ئینگلیزخواز ناودەبرێن و بە چاوی خراپ سەیریان دەکرێت و پاشانیش کێشەی لێ دەبێتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو سەروبەندە ئینگلیزەکان دەسەڵاتیان بەسەر زۆرینەی زەویدا هەبووە و سەردەمی دروستکردنی حکومەت بووە بۆ گەلەژێردەستەکان و نەهێشتنی ستەمی داگیرکەران. عادیلەخانم ئەم ڕاستییەی لەدەستدا بووە و زانیویەتی کە دەرمانی کوردی ژێردەستە لەدەست ئینگلیزەکاندایە نەك دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری و سەفەوییەکان .

خانم بەو پێیەی ئەم ئەرکەی بەجێ هێناوە لەلایەن دەستەڵاتدارێتی ئینگلیزەوە نازناوی (خانبەهادور) وەردەگرێ کە بە واتای شاژنێکی لێوەشاوەیە. بە پێویستی دەزانم لێرەدا دەقی ئەو خەڵاتنامەیەی سەرکردە ئینگلیزەکان بە خانمیان بەخشیوە؛ لەفارسییەوە بکمە کوردی و لێرەدا بڵاوی بکەمەوە:

خاتوونی هێژا و هۆشیار (عادیلەخانم)، خێزانی هێژا و خوالێخۆشبوو وەسمان پاشا، خوا گۆڕەکەی نوورانیی کات، لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەوپەڕی توانا و چالاکیی نوواندنەوە، سەرگەرمی سەرکەوتن و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خەڵك و چاودێرییکردنی کاروبارەکان و سەقامگیرکردنی ئاسایش بووە و ئێستاش بەردەوام سەرگەرمی نابووتکردنی نەیارەکانیەتی لەگەڵ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی

نێوان دانیشتوانی هەڵەبجە و لادێکانی دەوروبەریدا، ئەمە لەکاتێکدا لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەتی مەزنی بەریتانیادا ڕێکەوتنێکی تازە گرشەی لێوە دەهات، ناوبراو هەوڵێکی لەبەرچاوی دا لەبارەی بەڕێوەچوونی کارە پێویستەکان و درێژەدان بە سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاساییش بەتایبەتی لەگەڵ ئەو حاکمە سیاسییانەی دەوڵەتی مەزی بەریتانیا دابنابوون و سۆزێکی زۆری نوواند بۆ چاودێرییکردنیان و هەم هاوکارییکردنیان.

بەم هۆیەوە حەزرەتی پایەدار و شکۆمەند، لێپرسراوی سوپاکەمان لەعێراق، بەوپەڕی شەیدایی و منەتبەخشینەوەیەك تۆماری ڕازاوە و خەڵاتی پلەی (خانبەهادوور)ی بەخشییە خانمی گەورە، ئەو ئەم فەرمانە بەجێ و شایستەی دەرکردووە بۆ ناوبراو کە شایانی خۆیەتی و جێگای گرتووە .

ئەمەش بە بڕیاری پایەبەرز لێپرسراوی گشتی سوپاکەمان بووە و بە فەرمانی حاکمی شاهانەی گشتی بووە لەعێراقدا، بە بڕیاری لفتننت ژەنەڕاڵ (ئەی، تی، وڵسن) حاکمی شاهانەی گشتی لەعێراقدا.

لفتننت؛ ژەنەڕاڵ ئەی، تی، وڵسن

قایمقامی حاکمی شاهانەی بەریتانیا لەعێراق

عادیلەخانم؛ جگە لەکاری ئیداریی و سیاسیی، هەوڵیشی داوە هەندێک کاری دیکە بکات، لەنموونەی: ژوورێـك لەکۆشکەکەدا بکاتە کتێبخانە تا ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە و میوانە خوێندەوارەکانیان سوودی لێ وەربگرن. بایەخێکی باشی داوە بە شاعیرانی ئەو سەردەمە کە بریتی بوون لە: کوڕەکانی؛ تایەربەگ و ئەحمەد موختار جاف، حەمدون، گۆران، مەلا کەریم، ناتیق، شێخ محەمەدی شێخ حسەین (حیلمی)، مەلا حەسەنی قازی، شاهـۆ، حەمە ئەمینی خدر، عەلی باپیر ئاغا (کەمالی)، کە لەو ساڵانەدا ماڵی لـەهەڵەبجە بووە، لەگەڵ: شێخ سـەلام عازەبانی، میرزا مارف و سەعید فـەوزی، کـە هەمـوویان لەژووری تایبەتی کۆشەکـەکەیاندا کۆبوونەتەوە و کۆڕیان گرتووە . لەو سـەروبەندەدا بە بوونی ئەم کۆمەڵە شاعیرە، هەڵەبجە نازنـاوی شاری شـاعیرانی پێ براوە .

کارێکی گرنگ و پڕ بایەخی دیکەی ئەم شاژنە ئەوە بووە کە زۆر هەوڵی داوە شێخ مەحموودی حەفید نێوانی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئینگلیزدا تێك نەدات، بەڵام شێخ کەوتە ژێر کاریگەریی کەسە نزیکەکانیەوە، بەتایبەتی شێخ قادر و شێخ حەمە غەریب کە ئینگلیزیان بە بێ دین داناوەو بە لایانەوە کوفر بووە شێخ مەحموود لەگەڵیاندا بساچێ، هەر ئەوەش وای کرد ئینگلیزەکان گەشتە گیانیان و شاری سلێمانییان بۆردوومان کرد و شێخیش بە کەسە نزیکەکانیەوە ڕاونرا بۆ دۆڵی سورداش و بنکەی لەگوندی جاسەنەدا دامەزراند.

شەڕەکانی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزدا زیانێکی گەورەی گەیاند بە جەستەی کورد و کوردستان و لەدەستدانی هەلی زێڕین، بەڵام ئەگەر هاودەنگ بوایە لەگەڵ عادیلەخانم ئەوا بە ئاسانی چارەنووسی کورد بە سەربەخۆیی دەگەیشت، بەڵام تائێستاشی لەگەڵدا بێت هەر باجی ئەو هەڵەیە دەدەین کە شێخ مەحموود لەدەستی داین.

هەواڵنامەی کتێب



# دەقئاوێزان لەشیعری کوردیدا

## شیعرەکانی «ئەحمەد موختاربەگی جاف و تاهیربەگی جاف» بە نموونە



**پ.ی. د. شنۆ محەممەد مەحموود**

هەوڵنامەی کتێب

پ. ی. د. شنۆ محەممەد مەحموود حسێن

لەدایکبووی ١٩٧٠

بڕوانامە: دبلۆم، پەیمانگای مەرکەزی مامۆستایان، هەولێر، ١٩٩٢

بەکالۆریۆس، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢.

ماجستێر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦

دکتۆرا، زانکۆی صلاح الدین، ٢٠١١

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستییە

لە چەند فێستیڤاڵ و کۆنفرانسێک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بەشداربووە

مامۆستای بەشی فارسی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی:

دەقئاوێزان لە ڕەخنەی کوردیدا چەمك و زاراوەیەکی نوێیە بە تایبەتی لە ناوەندە ئەکادیمییەکەدا. دەقئاوێزان لە سالانی شەستی سەدەی ڕابردوو بە تەواوەتی خۆی چەسپاند لە ڕەخنەی ئەدەبیدا و لە بەرانبەر چەمکی بونیادگەری وەستایەوە، کە جەختیان لەسەر داخرانی دەق دەکردەوە، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەیش لە دوای بونیادگەری هاتنە ئاراوە بە تایبەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، کە گرنگییان بە کرانەوەی دەق دەدا، هەموو ئەمانە هاندە ربوون بۆ ناساندنی زاراوە و چەمکی دەقئاوێزان.

لە ڕەخنەی کوردیشدا و لە سەرەتادا ئاشنا نەبوون بە چەمکی دەقئاوێزان و تەنیا هەڵوێستەیان لەسەر وەرگرتن و دژبینی ئەدەبی دەکردەوە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیی و تێکەڵبوون بە ڕۆشنبیریی جیهانی و کرانەوەی دەرگای وەرگێڕان و گەشت و گۆڕینەوەی بیروبۆچوون؛ بووە هۆی درووستکردنی پەیوەندیی لە نێوان میللەتاندا، ئەمەیش وایکرد کە ئەدەبیش لە وەرگرتنی بیرو ڕەهەندی جیاوازدا بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە ببینێت و خوێنەریش هەوڵی داوە باکگراوندی ڕۆشنبیریی خۆی لەو ناوەندەدا دەوڵەمەند بکات و زیاتر ئاشنا بێت بە ڕۆشنبیریی و ئەدەبی گەلان و بچنە ناو قوڵاییەکانی دەقەوەو لێرەوە دەقئاوێزان لەنێو ئەو دەقانەدا بدۆزێتەوە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەق بە بێ دەقئاوێزان نابێت.

لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە ڕێژەی وەرگرتن و داهێنان و توانای نووسەران دەردەکەوێت، چونکە دەقئاوێزان بۆتە بنەمایەکی گرنگ لەناو دەقەکاندا. بەم پێیە لە ڕەخنەی نوێدا گرنگیی و بایەخی بۆ دەق و سەرچاوەکانی پێکهێنانی دەقی نوێدا هەیە، بەپێی ئەمەش هەموو دەقێك بەشداره لە درووستبوون و پێکهێنانی دەقی تردا، بەم شێوەیە واتا کۆتایی نایەت و دەق لە داخراویی و کلۆمکردن ئازاد دەبێت.

هەوڵمان داوە بەپێی یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزان چەند دەقێکی شیعری هەردوو شاعیر شی بکەینەوە، بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی توێژینەوەکەمان ئەنجام داوە.

### بەشی یەکەم:

### زاراوە و چەمك و پێناسەی دەقئاوێزان

### زاراوەی دەقئاوێزان

زاراوەی دەقئاوێزان لای ڕەخنەگر و نووسەر و ئەدیبەکانی ڕۆژئاوا لە سالانی دوای سەرهەڵدانی بونیادگەرییەوە هاتۆتە ناو ناوەندە ئەدەبییەکانەوە، ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسیدا زاراوەی (inter text tualite)ی بۆ دانراوە (احمد الذعبی، ١٩٩٥، ٩).

زاراوە فەرەنسییەکەیش لە سەرچاوەی کرداری لاتینی (tettere)یەوە وەرگیراوە، کە واتای چنین (حبکە) دەگرێتەوە، بەمەش واتای (inter text) واتای ئالوگۆڕی دەق دەگەیەنێت. (د. احمد ناهم، ٢٠٠٤، ١٤) لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (inter textuality) بە واتای چنراو یان چنین دێت.

لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیشدا زاراوەی (التناص) بەکارهاتووە و جێگیر بووە، بەڵام چەندین زاراوەی تریشی بۆ بەکارهاتووە، وەك ئەمانە: (التناص او التناصية)، (تداخل النصوص أو النصوص المتداخلة)، (النص الغائب). (محمد فتاح، ١٩٨٥، ١١٩).

دەقئاوێزان لە زمانی فارسیدا

زاراوەی (بینا متنی) لە گۆڤار و فەرهەنگە ڕەخنەییەکاندا بۆ بەکارهاتووە (د. بهرام بغدادی، ١٣٧٨، ١١٢). هەروەها (پیام یزدانجو)ش لە کاتی وەرگێراندا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (گراهام آلن، ١٣٨٠، ٢). ناودەق یان نێودەق و هەندێك جار دەروونی دەقیش دەگرێتەوە.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەم زاراوەیە زۆر نوێیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە بێ ئاماژەدان بە ناوی زاراوەکە باس کراوە و ئاماژەی پێدراوە، بەڵام (عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی) ڕەخنەگر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا یەکەم کەسە زاراوە و چەمکی دەقئاوێزانی پێناساندووین و کاری زۆری لەسەر کردووە. (عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، ١٩٩٧، ٢٥).

## چەمك و پێناسەی دەقئاوێزان

بە پێی توێژینەوەی ڕەخنەیی ڕۆژئاواییەکان؛ یەکەم کەس کە ئاماژەی بە چەمکی دەقئاوێزان کردووە زانای ڕووس (میخائیل باختین)ە، باختین لە کتێبی (الماركسية و فلسفة اللغة)دا ئاماژەی پێ داوە و بە کاری هێناوە، ئەو دەنووسێت: «هەموو دەقێك تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە وەرگرتن و خواردنەوە و گۆڕینی دەقی تر» (عبدالله الغزامی، ١٩٨٥، ٣٢١). ساڵی ١٩٢٩ ئاماژەی بەوە داوە کە لە هەناوی دەقەکاندا گەلاڵە بووە، ئەمەش بە لاساییکردنەوە بێت یان گەڕانەوە بێت بۆ دەقەکان یان هەر شێوازێکی تری وەرگرتن بێت، (ایما اکشنینی، ١٣٨١، ١٤).

لێرەدا دەقی نوێ پێکهاتەیەکە لە وەرگرتن و هێنانی ئیجا لە دەقی شیعر و هەندێك جار بە شێوازێك لاساییکردنەوەیشی تێدەکەوێت.

بەم شێوەیە هەموو دەقێك تێکەڵە و پێکهاتەیەکی دەقی پێش یان هاوزەمانی خۆی لە هەناویدا هەڵگرتووە، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە بەشێوەیەکی نهێنی یان ئاشکرا.

باختین پێی وایە دەق بریتییە لە فرەدەنگی و دیالۆگیزم، باختین لە پەخشانیشدا گرنگی بە دەقئاوێزان داوە، بۆچونی وا بووە شیعر هەموو تایبەتمەندییەکانی دەقئاوێزان لە خۆ ناگرێت، بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەوە سەلمێنرا کە پێویستە لە شیعردا خوێندنەوە بۆ دەقئاوێزان بکرێت و بەم شێوەیە بۆچوونی باختین دەربارەی دەقئاوێزان لە شیعردا ئەوەیە کە شیعر زۆر تەمومژاویی و نادیار و ئاڵۆزە و قووڵیی پێوە دیارە لە بەرانبەر ڕۆماندا، چونکە دەقئاوێزانی دیالۆگی لە ڕۆماندا بەشێوەیەکی ڕوون دیار و بەهێزە، کە دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی تێبینی بکرێت بە پێچەوانەی شیعرەوە. (عبدالوهاب ترو، ١٩٨٩، ٧٧).

(جولیا کریستیفیا) یەکەم کەسە کە باسی لە چەمکی دەقئاوێزان کردووە، جولیا کریستیفیا دەقئاوێزانی وا شیکردۆتەوە کە لە پەیوەندییەکی بەردەوامی ئاڵوگۆڕی نێوان دەقێك و دەقەکانی تردایە، جولیا کریستیفیا ئەم چەمکەی لە دیالۆگی (الحوارية)ی باختینەوە وەرگرتووە و لەسەر ئەو بنەمایەی باختین پەیوەندیی نێوان دەقەکانی بە دیالۆگیزم (الحوارية) ناودەبات و بۆچوونی وایە هیچ دەقێك لە دیالۆگ بێبەری نییە.

(دەق بریتیی نییە لە تەنێکی زمانەوانی قوفڵدراو بەسەر خۆیدا، بەڵکو کراوەیە و بە زۆری بەبێ ئاگایی نووسەر تێکەڵ بە دەقی تر بووە، تا کار دەگاتە ئەوەی (بۆرخیس ١٨٩٩- ١٩٨٦) بڵێت: لە هیچ دەقێکدا بابەتی تازە نییە، بەڵکو هەموو بابەتەکان پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، تەنیا ئێمە سەرلەنوێ لە

هەواڵنامەی کتێب

چوارچێوەیەکی تردا دایدەڕێژینەوە). (علی طاهر، ٢٠١٩، ٣).

بەمشێوەیە دەق دەرگای والایە بەڕووی دەقەکانی تری پێش یان هاوزەمانی خۆیدا بەبێ ئاگا یان بە ئاگایی نووسەر و بەرەو داهێنان و واتای بەرزتری دەبەن.

دەقئاوێزان لای جولیا کریستیفیا یەکێکە لە سیما بنەڕەتییەکانی دەق کە هەواڵەی دەقەکانی پێش خۆی یان هاوچەرخیمان دەکات، ئەم چەمکە لە کۆتایی شەستەکانەوە لەلایەن (جولیا کریستیفیا)وە جێگای تێڕوانین بووە و لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆی فەرزکردووە.

زاراوەی دەقئاوێزان (inter textulity) لە چەند توێژینەوەیەکی زانستیدا لە ساڵی (١٩٦٦-١٩٦٧) دەرکەوت ئەم توێژینەوانەش لە هەردوو گۆڤاری (تیل کویل telquel) و (کریتیك critic)دا بڵاوبوونەوە، (عبدالقادر الرباعی، ٢٠٠٢، ٢٠٢) بەم شێوەیە زاراوەی دەقئاوێزان یەکێکە لە داهێنانەکانی جولیا کریستیفیا، ئەمەیش پشت ئەستوور بووە بە پرنسیپی گفتوگۆی (باختین) لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە (دیستۆڤسکی لە ساڵی ١٩٢٩) دا. (ئاوارە فەرەیدون، ٢٠١١، ١٥)

(جولیا کریستیڤا ئەوەی ڕەت کردۆتەوە کە دەق هەبێت لە تێکەڵاوبوونی دەقی تر بێبەش بێت، وتویەتی هەموو دەقێك بریتیە لە تابلۆیەکی هەمەڕەنگ (فسیفساء) لە وەرگرتن و هەموو دەقێك لە دەقەکانی تر دەخواتەوە و دیالۆگی لەگەڵدا دەکات). (عبدالله الغذامی، ١٩٩٨، ٣٢٢).

(جولیا کریستیفیا دەڵێت: هیچ دەقێك سەربەخۆو دابڕاو نییە لە دەقێکی تر). (ابراهیم مصطفی، ٢٠٠٧، ١٣)، دەقەکان هەموویان لە دەقی ترەوە شت وەردەگرن و دەبنە سەرچاوە بۆ دەقی تر.

ڕۆڵان بارت دەڵێت: (دەقئاوێزان دوا سنوور نییە، ئەمەش دوا یاسایە) (سعید علوش، ١٩٨٥، ٢١٥)، هەموو دەقێك پاشماوەی دەقەکانی پێشووتر و هاوکات لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. «لە پشتی دەقەوە دەقی تر هەیە لێی دەخواتەوە و دەیمژێت بە ئاگایی یاخود بەبێ ئاگایی» (ماجد یاسین، ٢٠٠٣، ٧).

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە لە پشتی دەقەوە دەقی تر هەیە، بەڵام ڕێژەی مژینەکە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت بەوەی دەقە نوێییەکە توانیبێتی دەقە سەرچاوەییەکە تێپەڕێنێت و شتێکی باشتر و فراوانتر بخوڵقێنێت.

فۆکۆ لە بارەی دەقئاوێزانەوە دەڵێت: گوزارشتکردنێك گریمانەی گوزارشتکردنێکی تر نەکات بوونێك نییە کە لە خودی خۆیەوە هەڵهێنجرابێت، بەڵکو لە ئەنجامی زنجیرە ڕووداوی یەك لە دوای یەکە لە دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵەکانیاندا. (عبدالله الغذامی، ١٩٩٨، ١٣٢).

(دۆمنیك مانجینو) دەڵێت: «دەقئاوێزان کۆمەڵێك پەیوەندییە کەوا دەقێك بە کۆمەڵێك دەقی ترەوە دەبەستێتەوە و خۆی تێدا نمایش دەکات» (ب. م. دوبیازی، ٢٠٠٠، ١١٥). ئەم نمایشەی کە دەقی نوێ دەیکات لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەوەیە کە لە دەقەکانی ترەوە وەری گرتووە.

(ڕۆبرت سونر) پێناسەی دەقئاوێزان دەکاتو دەڵێت: (دەق دەڕژێتە ناو دەقی ترەوە تا مەدلولی تازە بە پێی هۆشیاریی و ناهۆشیاریی نووسەر بەرجەستە بکات)، (عبدالله الغذامی، ١٩٨٥، ٣٢٢).

هەموو پێناسەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە دەقئاوێزان لە ئەنجامی پەیوەندیی دەقەکان بە یەکتر و هێنانی کۆمەڵێك وشە و

دەستەواژە و فیکر و بۆچوون لەو دەقانەوە و تەوزیفکردنیان لە دەقە نوێیەکەدا و دووبارە نمایشکردنیان بە شێوەیەك کە دەقە نوێیەکە بەرەو فراوانبوون و باڵایی دەبات.

**یاسا و جۆرەکانی دەقئاوێزان:**

أ. یاساکانی دەقئاوێزان: ئەو یاسایانەی کە دەقەکانی پێ شیدەکرێتەوە دابەشی سێ یاسا دەبن:

١. یاسای جووینەوە (دووبارەکردنەوە) الاجترار

جووینەوە بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەق نائامادە بەبێ گۆڕانکاریی و دیالۆگ لەگەڵیدا و دەقەکە بەرەو باڵابوون نەکشاوە و تەنیا دووبارەی کردۆتەوە یان بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە کە کار لە جەوهەر و کرۆکی بابەتەکە ناکات، ئەمەش لەبەر پیرۆز سەیرکردن و ڕێزگرتن لە چەند دەقێك و سەرچاوەکان بە تایبەتی ئایین و ئەفسانەکان. (احمد ناهم، ٢٠٠٠، ٤٣).

٢. یاسای هەڵمژین (الامتصاص)

هەڵمژین قۆناغێکی باڵایە لە خوێندنەوەی دەقی نائامادەدا، ئەم یاسایە کە لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرنگیی بە دەق و پیرۆزییەکەی دەدات و بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کە مامەڵەکردنەکە بزوێنەر و گۆڕهێنەر بێت و دەقە ڕەسەنە بنەڕەتییەکە ڕەت ناکاتەوە و بەشداردەبێت لە بەردەوامیی و کرۆك و جەوهەرەکەیدا و شیاوی تازەکردنەوەیە، (احمد ناهم، ٢٠٠٤، ٤٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم هەڵمژینە دەقە نائامادەکە واتە ناوەڕۆك یان وشەیەك یان بیرێك لە دەقی سەرچاوە وەردەگرێت و بۆ جارێکی تر لەناو دەقە نوێیەکەدا دادەڕێژرێتەوە و بە شێوەی هەڵمژین، بێ ئەوەی ئەم بیرو وشانە لە دەقە نوێیەکەدا دیاربێت، ڕەخنەش لە دەقەکە ناگرێت، بەم شێوەیە دەقە نائامادەکە لە ناو ناچێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

٣. یاسای گفتوگۆ- دیالۆگ (الحوار)

دیالۆگ بەرزترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە کە تێیدا دەقە سەرەکییەکە دیاردەی نامۆبوون بە هەرشێوازو قەبارەیەك بێت دەشکێنێت و بوار بۆ هیچ پیرۆزییەك لە گفتوگۆکەدا نامێنێتەوە، شاعیر یان نوسەر زۆر لە دەقەکە ڕادەمێنێت، بنەما سەرەکییەکان دەگۆڕێت، دیالۆگ گۆڕانکاریی دەقی نائامادەیە و هەڵیدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تێدا دەکات، لە دۆخی سەقامگیرییەوە بۆ دۆخی بزاوتن. (محمد بنیس، ١٩٨٥، ٢٥٣).

ب. جۆرەکانی دەقئاوێزان: سێ جۆری سەرەکیی هەیە:

١. دەقئاوێزانی دەرەکی (التناص الخارجي):

دەقئاوێزانی دەرەکی ئەو دەقئاوێزانەیە کە نووسەر یان شاعیر دەقەکەی لە نووسەرانی هاوچەرخی یان نووسەرانی پێش خۆی کە بۆ سەردەمە جیاجیاکان دەگەڕێتەوە وەرگرتووە. (سعید سلام، ٢٠١٠، ١٣٢).

٢. دەقئاوێزانی قۆناغی (التناص المرحلي):

ئەو دەقئاوێزانەیە کە لە نێوان نەوەیەك و یەك قۆناغی زەمەنیدا ڕوودەدات، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك ڕوودەدات، ئەوانەش نزیکایەتی ژیانی کولتووریی و کۆمەڵایەتی لەلای هەریەکێك لەو شاعیرانە یاخود داهێنەرانە یان هەردوو نووسەر و داهێنەرەکە لایەنگریان بۆ یەك بیروبۆچوون و ئایدۆلۆجیا و دەستەیەکی ئەدەبی دەبێت و لەگەڵ ئەوەی زمانەکەشیان یەك دەبن و یەك میراتیان لەکاتێکی دیاریکراودا هەیە.

٣. دەقئاوێزانی خودیی (التناص الذاتي):

بریتیە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی ڕابردوو لە سنوورێکی ئازاددا، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە نووسەر لە دەقێکی ئێستای یان ڕابردووی خۆی دالێك یان چەند وشە و دەستەواژەیەك وەردەگرێت و لە دەقێکی نوێدا بەکاری دەهێنێت و دەقی نوێی لێ بەرهەم دێنێت. ئەمەیش بەپێی یاساکانی دەقئاوێزان ڕوودەدات وەك (جووینەوە) اجترار، (هەڵمژین) امتصاص، (دیالۆگ) حوار، کە زۆرجار زەمەنێکی زۆر لەنێوان دەقەکاندا هەیە، شاعیر خۆی بە قۆناغ و شێوازی شیعری خۆیەوە بەستۆتەوە.

**میکانیزمەکانی دەقئاوێزان (آليات التناص):**

١. کشاندن، پەرەپێدان، فراوانکردن (التمطيط): کرداری پەرەپێدان و گەشەسەندنی دەقە لەلایەن پێکهاتەی وشەوە، واتە وشەیەکی سەرەکی تێدایە، ئەو وشەیە (تەوەرە) فراوان دەکرێت، بە هاوواتاکانی یان ئەو وشەیە بە چەند شێوەیەك گەردان دەکرێت لەناو دەقە شیعرییەکەدا. ئەحمەد موختار دەڵێت:

وەکو ڕەشماری زامارپێچ ئەخۆم من
کە دیم وەستاوە زوڵفت چین لەسەر چین
بە ماچی لێوی تۆ ئەیدەم ئەگەر بێ
قبوڵی کەی لە من تۆ چین و ماچین

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ١٠٨)

لێرەدا ئەحمەد موختار هەرچەندە قافیە و ڕەگەزدۆزی ئەمانەی بەکارهێناوە، بەڵام بەر میکانیزمی گشتاندن (التمطيط) دەکەوێت (چین، چین، ماچین) لە چاوگی (چنین)ەوە وەرگیراون و دەقەکەی کشاندوە و سێبەری دەقی شیعری (چین و ماچین)ی نالی بەسەرەوەیە.

میکانیزمەکانی گشتاندن (التمطيط) بریتین لە: دووبارەبوونەوە (التكرار)، ڕاڤەکردن، هاوسێیەتییکردن (المجاورة)، الباراكرام و التصحيفية (تۆبۆگرافی). میکانیزمەکانی کورتکردنەوەش بریتیین لە: ئاماژەدان، لابردن، کورتکردنەوە، وەرگرتن و تێهەڵکێش. سەرچاوەکانی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار بەگی جافدا بریتیین لە: سەرچاوەی ئەدەبی، ئەفسانەیی، ئایینی، کولتووریی، کەسایەتی، مێژوویی، داستانی، شوێن، بابەتی.

**بەشی دووەم:**

**دەقئاوێزان و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی ئەحمەد موختاربەگی جاف و تاهیربەگی جافدا**

بەپێی بوونی جۆر و یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزان گوزەرێك بە ناو شیعرەکانی ئەحمەد موختاربەگی جاف و تاهیربەگدا دەکەین و تیشك دەخەینە سەر دەقە شیعرییەکانیان. ئەحمەد موختار دەڵێت:

شەشی ئەیلوول ئەزانن ئێوە ئەی قەومی وەفا کردار
ئەوە ڕۆژێ بوو دوژمن قەتڵ و عامی کوردەکانی کرد

دەقئاوێزانەکە بە شێوەیەك ئاماژە بە ڕووداوی مێژوویی دەکات و سەرچاوەی بنیاتنانی دەقەکەی لە مێژوو وەرگرتووە، کە خۆی لە مێژووی کارەساتی شەشی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠) بەردەرکی سەرای سلێمانیدا دەبینێتەوە، کە خەڵکی شاری سلێمانی دژی هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراق بوون و داوای سەربەخۆیان دەکرد. دوژمن قەتڵ و عامی کوردەکانی دەکرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەورۆژگارە بووە و شاعیر بەم شێوەیە

هەڵوێست وەردەگرێت و هاوزەمان لەناو کارەساتەکەدا بووە، لە جۆری دەقئاوێزانی قۆناغییە. ئەحمەد موختار دەڵێت:

شاعیرانی کورد، بەسە باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول و یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن
زووبەزووتا ئیش لە دەست دەرنەچووە، سا هەوڵێ بدەن

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٣٤)

ناوەڕۆکی دەقەکە دەقئاوێزانە لەگەڵ شیعرێکی حاجی قادری کۆیی، کە ئەویش هەمان پرسیار ئاڕاستەی شاعیران و خەڵك دەکات کە لەو قۆناغەی شیعری کوردی پێش ڕۆمانسیزمدا، کە خۆیان بۆ باسە گرنگەکان و جدییەکان تەرخان کردووە، وەك حاڵ و ژیان و بارودۆخی دژواری میللەتی کورد، تا بیر لە ڕزگارکردنی بکەنەوە و ئیتر بەسە باسی ڕوومەت و خەت و خاڵ و زوڵف، پێویستە هەموو هەوڵ و تەدبیرێکی ئەو وەزعە بکەن و قۆناغێکی ترە لە بەرپرسیارێتی گەل و خاک و نیشتمان، نەک پیاهەڵدان بە جوانیەکانی یاردا. حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

باسی زوڵفی درێژ و چاوی بە خەو
نەبڕاوە بووە تڕی خوسرەو

(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل: ٢٣٥)

ناوەڕۆکی شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی گواستراوەتەوە بەپێی یاسای هەڵمژین و میکانیزمی ئاماژەدان بە (باسی زوڵف و چاو) و کاکۆڵی ئاڵۆزاوەوە بۆ ناو دەقە نوێیەکە. ئەحمەد موختار دەڵێت:

ڕەفیق هیچ غەم مەخۆخۆشی ڕابوێرە فرسەتە ئێستە
بزانە تۆ لە دنیا بۆ چەند ڕۆژێ میوانی

دەقئاوێزانی لەگەڵ چوارینەیەکی شیعری خەیامدا کردووە و بەپێی یاسای تواندنەوە، دەقەکەی خەییام سێبەری بە سەر دەقەکەی ئەحمەد موختارەوە جێ هێشتووە، هەمان مەبەستە بەڵام بە واژەی جیاواز. پێویست بە خەم و پەژارە و دڵتەنگی ناکات، چونکە تۆ تەمەنێکی کورتت هەیە، بۆیە بە خۆشی بژی و لەم دنیایەدا میوانیی و ژینی هەتاهەتایی نییە تا غەمی لێ بخۆیت، دنیا بۆ کەس نامێنێت. لێرەدا شاعیر چۆتە ناو بابەتە فەلسەفییەکانی ژیانەوە. خەیام دەڵێت:

هەڵسە غەم مەخۆ، دنیا وەك بایە
بە شادی بژی، دەرچۆ لەم کایە

(شێخ سەلام، چوارینەکانی خەیام، ل: ٤٥)

بێستوون ئێستەش کە وەقتێ لالەی لێ سەوز ئەبێ
باسی خوێنی دیدە و داخی دڵی فەرهاد ئەکا

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٥٤)

دەقئاوێزانی لەگەڵ داستانی خۆشەویستیی شیرین و فەرهادی (خانای قوبادی)دا کراوە کە داستانەکە بەشی کوردیشی پێوەیە، لێرەدا پەیوەندی لێکئالانەکە لەگەڵ ئەم داستانە ڕۆژهەڵاتییەدایە لە سەر بنەمای جیاوازیە. لێرەدا گوڵی لالە بە سرووشتی خۆی پەڕەکانی سوورە و ناوەکەشی ڕەشە، ئەمەش لێکچواندنێکە بە فرمێسکی خوێنینی فەرهاد و دڵی سووتاوی لە دووری شیرین، بە مرۆڤکردنی کەرەستەکانی سرووشتە و وێنەکە

لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیات نراوە. لێرەدا دەقئاوێزانەکە بەر یاسای دیالۆگکردن کەوتووە لەگەڵ ڕووداوەکانی داستانی شیرین و فەرهاددا دیالۆگ دەکات. هەروەها هونەری جوانی باسی تیلنیشانی لەنێوان سووری پەڕەکانی گوڵەکە و ناوە ڕەشەکەیدا بەکارهێناوە، کە لە خەم و پەژارەی لێکدابڕانی ئەو دوو خۆشەویستەدا بێستون گەواهیدەرە.

سەیری ڕەقیب کە وەك سەگە بۆ مانگەشەو بە شەو
هەرلوورە لوورییە لە فیراقی جەماڵەکەت

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٦٨)

ئەم دەقئاوێزانە لەگەڵ پەندێکی پێشینانی کوردیدا بە پێی یاسای جووینەوە (دووبارەکردنەوە) لێك ئاڵاون. پەندی پێشینانەکەش (سەگ بە مانگەشەو وەڕینە) لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیات نراوە و سوودی لە ناوەڕۆکی ئەو پەندە وەرگرتووە بۆ بنیاتنانی شیعرەکەی خۆی. لێرەدا (ڕەقیبی) چوواندووە بە سەگ و یارەکەی خۆشی بە مانگەشەو، تەنیا لە دوورەوە وەک سەگ دەلوورێنێت، ناتوانێت بگات بە جەماڵی مانگەشەوئاسای تۆ.

دەمت خونچە، قەدت سەروە، لەبت لەعلی بەدەخشانە
عەجەب شۆخێکی غەدداری فیدای ئەوزوڵفی تاتانم

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٨٠)

لەگەڵ دەقێکی نالیدا دەقئاوێزانی لە شێوازدا کردووە و لەڕووی لێکچوواندنی وێنەییەوە هەمان بیر و کەرەستەی شیعرەکەی نالی کۆچ پێ کردووە بۆ ناو دەقەکەی خۆی و بەر یاسای جووینەوە (دووبارەبوونەوە) کەوتووە. لێرەدا باسێکی بچووکیی دەم و ڕێکیی و بەرزیی باڵا و زوڵفی یارە و کورتبڕییەکی زۆریان تێدا کردووە. نالی دەڵێت:

لەبت میم و قەدت ئەلف و زوڵف جیم
دەزانی بەم سیانە تالبی چیم

(دیوانی نالی، ل: ٣١٢)

سەلیبی زوڵفی تۆم خستۆتە گەردن، بووم بە نەسڕانی
ئیتر قوربان بکە ڕەحمێ نە دینم ما نە ئیمانم
(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٨٢)

لێرەدا شاعیر فیکرە و وشەکانی بنیاتنانی ئەم دەقەی لە داستانی شێخی سەنعانەوە هێناوە و دەقەکەی خۆی لەسەر بنیات ناوە بە پێی یاسای (جووینەوە و دووبارەکردنەوە) هیچ گۆڕانکارییەکی واژەیی و واتایی تێدا ڕوونەداوە، تەنها جووینەوەی داستانەکەیە. شێخی سەنعان لە تەمەنی پیریدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچە گاورێکەوە و لە دینی ئیسلام وەردەگەڕێت و دەبێتە نەسڕانی، شاعیر دەڵێت منیش بەهەمان شێوەی شێخی سەنعان لە دین دەرچووم تەنیا چاوەڕێی ڕەحمی تۆم.

شێخی ئیرشاد و مورید و سالیك و سۆفی و فەقێ
ئەو بە یەك نواڕین بە جارێ کافر و بێ دین ئەکا...
شەهد و شەکەر، ئەی قوربان بازاڕی شکا یەکجار
لەووەقتەوە وا دەرکەوت لەعلی لەبی شیرینت

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٦٧)

ئەم دەقە بەپێی (دەقئاوێزانی خودیی) لە دەقێکی تری خۆیەوە وەریگرتووە بە پێی یاسای

جووینەوە تەنیا هێنانی وشە و دەستەواژەیە بۆ بنیاتنانی دەقێکی تر و هیچ گۆڕانکارییەك و بەرەوپێشچوونێك رووی نەداوە. ماچی لێوەکانی تۆ ئەوەندە شیرینن، بازاڕی شەهد (هەنگوین)، (شەکر) ڕەواجی نەماوە و کەس نایکرێت و پارەی پێ نادات، بەرزڕاگرتنی شیرینی لێوی یارە لەبەرانبەر هەنگوین و شەکر!

لە سایەی ماچی لێوی ئەوشکا بازاڕی تۆ قەنناد
بە پوولێ ناکرێ کەس ئێستە باری شەهد و هەنگوینت

(دیوانی ئەحمەد موختار، ل: ٦٨)

بخوێنن چونکە خوێندن بۆدیفاعی تیغی دوژمنتانە
هەموو ئانوسەعاتێ عەینی قەڵغانوسوپەرتانە
... ... ...
دەمێکە لەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لە سایەی عیلمەوە ئیمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە

هەواڵنامەی کتێب

ئەم دوو دێڕەی ئەحمەد موختار جاف لەگەڵ دوو دێڕی شیعری حاجی قادری کۆییدا دەقئاوێزان و لێکئاڵانی بیر و وشەو سێبەری دەقەکەی حاجی بەسەرەوەیە، دیارە بەر یاسای تواندنەوە کەوتوونو هەریەك لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی پێشکەوتن دەکاتو دەیکاتە بنەمای سەرکەوتنی میللەتو پێشکەوتنی وڵات، ئەمەش وایکردووە هەردوو شاعیرە لە خەمی بەردەوامی عیلمو دەوڵەتو دەستەیەکی چەکداری نیزامی بەشێوەی سوپا پارێزەری ئەم دەستکەوتەبن، بەڵام مەخابن هێشتا بۆ سەردەمی ئەوان هیچ شتێك لە ئارادانەبوو.

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

ببینە یەك لە تەعلیم و لە نووسین
جلوبەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین

(دیوانی حاجی قادر، ل: ٢٣٣)

... ... ...
بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە

(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل: ٢٥٤)

کە دولبەرخۆی نوواند خورشیدی خاوەرزووفیراری کرد
خەجاڵەت ما وبە زەردی عەزمی پشتی کۆهساری کرد

لەو بەیتەی سەرەوەدا؛ ئەحمەد موختار جاف، دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقێکی نالیدا کردووە بە هەمان واتا و کەرەستە و بیرەوە و تەنیا دووبارەکردنەوەی دەقەکەی نالییە بە کەمێك دەسکارییەوە بەپێی یاسای جووینەوە.

لە خەوفی تەلعەتت ڕۆژهە روەکو شێت
بە ڕووزەردیی هەڵات و کەوتە کێوان

(نالی)

ئەحمەدبەگ پێنج خشتەکییەکی لەسەر دێڕێك شیعری تاهیربەگ بنیات ناوە: ئەحمەدبەگ دێڕێك شیعری تاهیربەگی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، بەمەش شیعرەکەی فراوان کردووە، لە ڕووی واتاوە ئەو دێڕە تەواوکەری شیعرەکەی ئەحمەد موختارە لە وەسفی بوونی یار لای هەردووکیان بۆ مانەوەی جوانیی یار و سرووشتی ئەو کەرەستانەی کە لێکچوواندنی بە هەموو وەفا و ڕووی جوان و بەرزیی باڵا و قەدی یار و عەشق و خۆشەویستی لای هەردووکیان ئیتر چ پێویست ئەکات گریە و ناڵە و بێدادیی لە دووریی یار، چونکە یار بوونێکی ڕۆحیی و ماددی لای هەردووکیان هەیە.

دەقی پێنج خشتەکی (ئەحمەدبەگی برای تاهیربەگ)

موققەدەرئەرنەبێ ئاخرلە میهری مەهـ ورووخانم چی
کە من گوڵزاری ڕووی تۆم بێ لەسەیری گوڵستانم چی
قەدو باڵایی تۆ خۆش بێ لەسەرووی بوستانم چی
کە عەشقی تۆ لە سەرمایە لە تانەی واعیزانم چی
موققەدەرئەرنەبێ ئاخرلەمیهری مەهـ ورووخانم چی
لە ناڵەناڵی نیوەشەو لە ئاهی بەربەیانم چی

(دیوانی تاهیربەگ، ل: ١٣١)

تاهیربەگ دەڵێت:
لە سایەی تیغی ئەبرۆی تۆ، لە ڕۆژی حەشردا جانا
بیحەمدیلا حیسابی من لەگەڵ جەمعی شەهیدانە

(دیوانی تاهیربەگ، ل: ٧٥)

تاهیربەگ دەقەکەی خۆی لەسەر فیکرەی دەقێکی مەستوورەی ئەردەڵان بنیات ناوە و ساتی دەقئاوێزان و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو دەقەدا بۆ شوکرانە و شەهیدبوونیەتی لەگەڵ دەستەی یار و دڵخوازان و ئەمەش دەستکەوتێکی گیانیی و ڕۆحییە بۆ شاعیر، مەستوورەیش بەهەمان شێوە خۆی بە سەرقافڵەی شەهیدانی عەشق و خۆشەویستیی ئەژمار دەکات و هیچ باکی نییە، چونکە بە دەستەجەمعی حەشردەکرێن، دەقئاوێزانەکە بەر یاسای دیالۆگ و هەڵمژین کەوتووە، لەگەڵ دەقەکەی مەستوورەدا دیالۆگ دەکات، مەستورە ئەم شیعرەی بۆ هاوسەرەکەی وتووە. مەستوورە دەڵێت:

لە کوشتن گەردنت ئازاد دەکەم گەربێتە سەرقەبرم
بە ڕۆژی جومعە بەنێژی لەلای جەمعی شەهیدانت
کەسێ تۆکوشتبێتت لە ڕۆژی حەشرا زەحمەتی نادەن
ئەگەروەك من لە ئەم دونیایە سووتابێ لە هیجرانت

(مەستوورە ئەردەڵان)

تاهیربەگ دەقێکی دیکەی هەیە دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقێکی مەحوی-دا بەپێی یاسای دیالۆگ و گفتوگۆ. لە هەردوو دەقەکەدا شاعیران ئامادەی کوشتنن لەلایەن یارەکانیانەوە، لە دەقەکانی تاهیربەگدا (جەژنی قوربانە) و قوربانیی دەوێت، ئەمەش جارێکیتر دەقئاوێزانە لەگەڵ چیرۆکی قورئانی پیرۆزدا کە باسی قوربانییکردنی حەزرەتی ئیسماعیل لەلایەن باوکیەوە دەکات، بەڵام لای مەحوی تەنیا کوشتن و قوربانییدان بەس نییە، بەڵکو بە خوێنی یار خەنەبەندانی بۆ ڕۆژی جەژن دەوێت، دەقەکەی تاهیربەگ سێبەری دەقەکانی مەحوی بەسەرەوەیە.

کەدادی یەئسی خۆمم بردە لا، ئەم عارفە توند بوو
وتی ئاخر سبەینێ جەژنە خوێنی تۆ لە پێ دەگرم

(مەحوی)

ڕۆژی تەرەب وفەسڵی گوڵ ووەختی بەهارە
یاران گوڵەکەم، کوا کە دەمی بۆس وکەنارە
گوڵزاری ئیرەم سوورەی زیبای قەدی تۆیە
گۆشەی چەمەن وڕوویی گوڵ وپایی چنارە

(دیوانی تاهیربەگ، ل: ٦٢)

ئەم دەقەی تاهیربەگ دەقئاوێزانیشی لەگەڵ ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا کردووە، کە دەفەرموێت: «ارم ذات العماد، التي لم يخلق مثلها في البلاد»(قورئانی پیرۆز، سوورەتی

هەواڵنامەی کتێب

الفجر). ئەڵێن شەداد؛ کە پاشایەکی زۆر زاڵم بووە، باخی ئیرەمی درووست کردووە، گوایە بەهەشتی ڕووی زەوییە، پڕیەتی لە میوەی زۆر و ژنی جوان، بەڵام بە هۆی دونیاپەرستیی و ستەمکارییەکەیەوە؛ خوای گەورە گیانی لێ دەسێنێت و باخەکەشی وێران دەکات.

لێرەدا تاهیربەگ ڕازاوەیی و جوانیی و نازداریی یارەکەی خۆی بە لاوە سەرنجڕاکێشتر بووە، چونکە ئەو باخە ناودارەی چوواندووە بە جوانیی و ناسکیی و قەد و باڵای یارەکەی بە پێی یاسای دیالۆگ و گفتوگۆ دەقەکەی خۆی بنیات ناوە و دەقئاوێزانێکی بەرەوپێشچوونی واتای دەقەکەی تاهیربەگ نیشان دەدات.

## سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز

یەکەم؛ کوردی:

١. ئاوارە فریدون قادر، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی ئەنوەرقادر محەمەد، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زمان، ٢١١.

٢. چوارینەکانی خەیام، وەرگێڕانی شێخ سەلام، انتشاراتی کوردستان، سنندج، چاپی یەکەم، ١٣٩٣.

٣. دیوانی تاهیربەگی جاف، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەو ئامادەکردنی: حەسەن گۆران، دەزگای نوسینی گۆران، چ٢، ٢٧١١ کوردی.

٤. دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەممەد، ١٩٨٦.

٥. دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، محەممەدی مەلا کەریم، انتشاراتی کوردستان، چ٣، سنندج، ١٣٨١.

٦. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، چ٢، ئازەربایجانی غەربی، سەردەشت، ١٣٨٣.

٧. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، لێکۆڵینەوە و پێشەکی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی ٣، چاپخانەی تاران، ٢٠١٨.

٨. شنۆ محەممەد مەحموود (د)، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردییدا بە نموونەی (پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی زمان، ٢٠١١.

دووەم؛ عەرەبی:

٩. إبراهيم مصطفى محمد الدهون (د)، التناص في شعر ابي العلاء المعري، عالم الكتب الحديث، الاردن، ٢٠٠٧.

١٠. احمد الذغبي، التناص نظريا و تطبيقا، مكتبة الكتاب، اربد ١٩٩٥.

١١. احمد ناهم، التناص في شعر الرواد، بغداد، ط١، ٢٠٠٤.

١٢. ايما الشنينى، التناص (نشأة المفهوم).

١٣. ب. م. دوبيازى، نظرية التناص، تعريب مختار حسين، دار النشر المغربية، دارالبيضاء، ٢٠٠٠.

١٤. ربى عبدالقادر الرباعى (د)، البلاغة العربية وقضايا النقد المعاصر، التضمين والتناص نموذجا، صيغة الاولى، دارالجريد، عمان، ٢٠٠٢.

١٥. سعيد سلام، التناص التراثي، ط١، عالم الكتب الحديث، عمان، الاردن، سنة ٢٠١٠.

١٦. سعيد علوش (د)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دارالكتاب اللبناني، ط١، بيروت، ١٩٨٥.

١٧. عبدالله الغذامي، الخطيئة والتفكير في البنيوية التشريحية ودراسات أدبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط٤، ١٩٩٨.

١٨. عبدالله الغذامي، الخطيئة والتفكير من البنيوية الى التشريحية، ط١، جدة، ١٩٨٥.

١٩. عبدالمنعم عجب النيا، التناص في القصيدة الحديثة البيان، رابطة ادباء الكويت، عدد (٣٥٥)، سنه ٢٠٠٠.

٢٠. عبدالوهاب ترو، تفسير وتطبيق مفهوم التناص في الخطاب النقدي المعاصر، مجلة الفكر العربي المعاصر، بيروت، عدد (٦٠-٦١)، ١٩٨٩.

٢١. ل يرذل، النقد الادبى، بدون سنة الطبع، وەرگێڕانی: شنۆ محمد محمود.

٢٢. ماجد ياسين المعاضرة، التناص وتلقى الدراسات في الشعر العباسي، الكندى للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٣.

٢٣. محمد بنيس، ظاهرة الشعر المعاصر في المغرب، مقاربة بنيوية تكوينية، دار التنوير للطباعة والنشر، دارالبيضاء، ط٢، ١٩٨٥.

٢٤. محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعري (استراتيجية التناص) ط٢، دار التنوير للطباعة والنشر، لبنان، ١٩٨٥.

سێیەم؛ فارسی:

٢٥. بهرام بغدادى (د) فرهنگ، اصطلاحات نقد ادبى از افلاطون تا عصر حاضر، چاپ اول، انتشارات فكر روز، تهران، ١٣٧٨.

٢٦. گراهام الن، بينامتنيت، ترجمه پيام يزدان جو، جلد اول، نشرى مركزى، تهران، ١٣٨٠.

چوارەم؛ گۆڤارەکان:

٢٧. على طاهر حسين (د)، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس-دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (B)، ژمارە (٥٩)، ٢٠١٩.

٢٨. عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، دەقئاوێزان و نوێگەرێتی ئەدەبیمان، گۆڤاری ئێستا، ژمارە (٣)، ١٩٩٧.



ئەحمەد موختاربەگی جاف



تاهیربەگی جاف

هەواڵنامەی کتێب

# بەهای ژن لەشیعرەکانی تاهیربەگی جاف-دا



پ. ی. د. مهاباد کامیل عەبدوڵڵا

هەزارنامەی کتێب

لەدایکبووی پارێزگای هەڵەبجەیە
بەشی کوردی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین، ١٩٩١
ماجستێرلە زانکۆی سەڵاحەدین. ١٩٩٦
دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠
بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەرلە ٢٠١٥
١٢ لێکۆڵینەوەی زانستیی بڵاوکردووەتەوە
کارگێڕی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامانە
دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامانە
بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانەی ناوەندیی و چاپخانەی زانکۆی سلێمانییە
مامۆستایە لە بەشی کوردی، کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی

**دەروازە:**

تاهیربەگ ساڵی ١٨٧٨ زایینی لە دایك بووە و ساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە. لە ژینگەیەکی گونجاودا ژیاوە و جیاواز لە هاوسەردەمەکانی خۆی زۆر بە خانەوادەکەیەوە پەیوەست بووە، لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ بووە، دایك و باوکی و ماڵە باپیرانی لە بەگزادەکانی ئەو سەردەمە بوون، لە باوکەوە زیاتر پەیوەست بوون بە ژیانی میللی و سروشت و ڕاوو شکارەوە، لە لای دایکیشیەوە پاکیزەیی و ڕۆحی هونەریی بۆ مابووەوە.

عادیلەخانم دایکیەتی، کە دەکاتە کچی عەبدولقادربەگی ساحێبقڕان و یەکێك بووە لە شاژنە دیارەکانی ئەمارەتی ئەردەڵان و هەموو خۆشەویستییەکی خۆی بە تاهیربەگ بەخشیبوو، ئەم خۆشەویستییە پاڵپشتێکی باش بوو بۆ تاهیربەگ تا خۆی بخاتە نێو دنیای شیعرەوە و بە ئاسانی هەموو شتێکی بۆ فەراهەم ببوو، کەچی هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ئەو هەستی دایکایەتییە لە شیعرەکانی تاهیربەگدا نابینینەوە.

باوکی تاهیربەگ قائیمقامی هەڵەبجە بووە، زۆر زوو هەستی کردووە کوڕەکەی تەنها خەریکی خۆشي و ڕابواردن و شکاری خۆیەتی و هیچ مەیلێکی بۆ حوکمداریی و گرتنەدەستی دەسەڵات نییە.

تاهیربەگ هەوڵی داوە لە ڕێی ڕاووشکارەوە تێکەڵی خەڵک بێت، بە شیعرەکانیدا دیارە وەك سۆفییەك و بگرە خەیامئاسا ژیاوە، ئەو تەنها ژیانی ڕۆژانەی خۆی ژیاوە و بۆ ئەو ڕۆژە ژیاوە کە تێیدا بووە. سەرباری ئەوەش؛ هەستی بە خۆشییەکانی ژیان نەکردووە، زۆربەی شیعرەکانی باس لە ناشرینیی ژیان و بێئومێدی دەکەن، هەرچەند ژیانێکی کورتیشی هەبووە، بەڵام هەوڵیداوە لە نهێنیی ژیان تێ بگات.

عەشق؛ دیارترین بابەتی شیعریی تاهیربەگە و لە زۆر باریشدا عەشقێکی یەکلایەنەیە؛ ئەگەر کەسێکیش لە پشت شیعرە دڵدارییەکانیەوە هەبێت نادیارە و تاهیربەگ خۆشی هەر بە نادیاری هێشتوویەتیەوە. لە هەندێك لە شیعرەکانیدا بابەتی ئایینیش هەیە، بە شیعرانەدا وا دەردەکەوێت کەسێکی ئیماندار بووە، هەرچەندە لەو سەردەمەدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەر شاعیرێکیش نووسینی شیعری ئایینی بووە.

تاهیربەگ توانستێکی بەرزی خەیاڵ و بەرجەستەکردنی هەبووە، زۆربەی جار دیاردە سرووشتیەکانی خواستووە بۆ وەسفی خۆشەویستەکەی، شێوازی جوان و هەستناسکیی وای لێکردووە لەو لێکچوواندنانەدا باڵادەست و هونەرمەند بێت، ئەو هونەرەی لە شیعرناسییدا بە جوانی باییس (حسن التعلیل) ناو دەبرێت. شاعیر لە شیعرەکانیدا لە وەسفی خۆی و مەعشووقەکەیدا هونەرکاری زۆری نواندووە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی تاهیربەگ خۆدوواندنە (قسەکردن لەگەڵ خوددا)، هەوڵی زۆریشی داوە خۆشەویستەکەی بۆلای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام بێ سوود بووە. شیعرەکانی لە ڕەوانبێژیی و واتادا پێکهاتەیەکی زۆر جوان و ڕوونیان هەیە، هەر چەند وشەکانی کورتن، بەڵام تێگەیشتنیان ئاسانە، زمانێکی پاراوی لە شیعردا بە کار هێناوە، ئەمەش وا لێك دەدرێتەوە لە دایکیەوە ئەمەی وەرگرتبێت.

تاهیربەگ شارەزای زمانی فارسی، عەرەبی و فەرەنسی بووە، هەروەها شێوەزاری هەورامیی زانیوە و شیعریشی پێ نووسیوە.

## پەسنی ژن و شرۆڤەی چەند نموونەیەکی شیعریی تاهیربەگ

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی شیعرەوە، ژن یەکێکە لە بابەت و ناوەڕۆکە گرنگەکانی. کاتێك لە شیعری کلاسیك دەڕوانین بابەتی ژن وەك کەرەستەیەکی شیعریی بوونی هەیە، شاعیرە کلاسیکەکان وێنەیەکی تایبەتیی ژنیان پیشان داوە، تاڕادەیەك ژن وەك بوونەوەرێکی ئازاربەخش وێنا کراوە. سەربارى ئەوەش؛ زۆرینەی شیعرەکانیان پیاهەڵدان بووە بە شان و باڵیاندا، باسیان لە جوانیی بەژن و باڵا و ڕووخسار و لارولەنجەیان کردووە، هەروەها پاکیی و بێگەردیی خۆشەویستی بە ڕوونی لە شیعرەکانیاندا بەر چاو دەکەوێت.

باسکردنی چاوی گەش و گەردنی بەرز و پرچی ڕەشمار... هتد، یەکێك بووە لە مەرجەکانی شاعیرێتی، لەگەڵ ئەوەی وەکو لە پێشەوە ئاماژەی پێ درا؛ زۆرجار ژنان بە ئازاربەخش و بێوەفاش ناوبراون.

خۆبەختکردن لە پێناو مەعشوقەکاندا و تووانەوەیەکی مەعنەویی، زۆرجار خەڵوەتکێشان لە پێناویاندا بابەتی شیعری کلاسیکی بووە، بەڵام لە شیعری کلاسیکدا باسی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی و ئازاد یی ژنان نەکراوە، تەنانەت بەرامبەر چەوساندنەوەشیان بێدەنگ بوون، شیعری کلاسیکی کوردی شێوازێکی وێنەسازی ناپەسەند و دیمەنی هەڵسوکەوتی ژنانی کورد لە زۆربەی شیعرەکاندا بەرچاو دەکەوێت. شاعیرە کلاسیکە پیاوەکان؛ هەمیشە خۆیان بە بەدبەخت و کوژراوی ژنان وێنا کردووە و سەرچاوەی ناخۆشییەکانیشیان هەر ژنان بوون، بەڵام لە قۆناغی دواتر؛ بە تایبەتیی لە حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەوە وێنەی ژنان لە شیعری پیاواندا گۆڕانکاری بەسەردا هات، مەلای گەورە دەنووسێت:

بڵێن بە قەومی کوردان
دەستی من و دامێنتان
عەیبە بە حەقی ژنان
ژنهێنان و تەڵاقدان
ژن زینەتی دونیایە
ئەمانەتی خودایە

بێکەسی شاعیریش دەڵێ:

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

خۆشەویستی پێداویستییەکی بنەڕەتیی مرۆڤە، هیچ مرۆڤێك بەبێ خۆشەویستی ناتوانێت لە ژیان بەردەوام بێت، چونکە حاڵەتێکی ڕۆحییە و پەیوەست نییە بە هیچ بارودۆخ و بەرژەوەندییەکی خودییەوە. لە سەرجەم قۆناغەکانی شیعردا کەم تا زۆر خۆشەویستی بوونی هەبووە، بەڵام بە شێوازی جیاواز، خۆشەویستی ژنیش بابەتێکی خورتییە لە شیعردا.

لەم باسەدا بەهای ژن لە شیعرەکانی تاهیربەگدا هەڵبژێردراوە، چەمکی بەهاش بە واتای باشترکردن و جوانترکردنی ئەو کەرەستە مادیی و مەعنەوییانەی لە دەوروپشتی مرۆڤدا هەن. بەها پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە، هەمیشە کۆمەڵگا بڕیار لەسەر بەبەهاکردنی کەرەستەکان دەدات، لێرەدا ئاماژە بەو بەهایانە لای شاعیر دەدەین.

کولتوور و ڕۆشنفکری کۆمەڵگاکان

بەهای کەرەستەکان دەنرخێنن، واتە سیستمی بەها لەلایەن کولتوورەوە دروست دەکرێت و تاکەکانیش پەیوەستن بەو کولتوورەوە، سیستەمی بەها ڕەنگدانەوەی کۆی گشتی تێڕوانینە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی کۆمەڵگایە.

لێکۆڵینەوە لە شیعر دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان باس لە خۆشەویستی و ئەوین کراوە، ئەوەش پەیوەستە بەو سۆزو خۆشەویستییەی بۆتە هەوێنی لەدایکبوونی شیعر.

ئەم بابەتە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زیاتر بەرچاودەکەوێت، بەڵام بە هیچ جۆرێك باس لە ئازار و ناخۆشیی ژن نەکراوە، بگرە ژن وەك سەرچاوەی ئازاری ئەوان وێنا کراوە، ئەم بابەتەش لەوەوە نەبووە کە هەستیان بە چەوساندنەوە نەکردبێت بە بەڵگەی ئەوەی باس لە چەوساندنەوەی چینێك دەکات بە دەست دەرەبەگ و پیاوی دەسەڵاتدارەوە و باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش کراوە، ئەوەی کە باس نەکراوە بارو حاڵی ژنان بوو لەو سەردەمانەدا، لە کاتێکدا ژنان لە سادەترین ماف بێبەش بوون، هەرچەندە لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستاندا ژنان شانبەشانی پیاوان کاریان کردووە و ڕەنجیان کێشاوە و لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا خەریکی کار بوون، بەڵام لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا ئاماژە بە هیچ کامێک لەوانە نەدراوە.

تاهیربەگ وەك هەر شاعیرێکی سەردەمی خۆی، پەیوەست بوو بە ڕێبازی شیعری سەردەمەکەیەوە کە ڕێبازی کلاسیزمە. ئەو لە شیعرەکانیدا وشەی بێگانە (عەرەبی و فارسی) بە کار دەهێنێت، هەروەها یەکێتی بابەت لە شیعرەکانیدا ڕەچاو کراوە و زۆربەی شیعرەکانی لێکچوواندنە و لە شیعرەکانیدا بابەتی ئایینی بوونی هەیە، لە کۆتایی سەرجەم شیعرەکانیشیدا نازناوی خۆی بە کار هێناوە.

پیاهەڵدان بە بەژن و باڵای ژنانداو بێمەیلی و دڵڕەقی و بێوەفایی ژن مۆرکی دیاری شیعرەکانیەتی. تاهیربەگ خۆشەویستەکەی نەك لە هەموو کەس پێ جوانترە؛ بەڵکو لە گوڵیش بە جوانتری زانیوە.

بەهای ژن لە شیعرە کلاسیکییەکاندا بەوە لێك دەدرێتەوە کە شاعیر ناتوانێت بە ئاسانی ژوانی لەگەڵ ببەستێت و ببینێت. ئەمەش لە خۆشەویستیی بێسنوورو پاکڕاگرتنی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان نیشان دەدات کە خۆشەویستەکانیان دەستەمۆنین و ئاماژەیە بە بەرزڕاگرتن و پیرۆزیی خۆشەویستەکانیان، چونکە کۆتایی شیعرەکانیان نەگەیشتنە بە خۆشەویستەکانیان.

لەم باسەدا چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر شرۆڤە دەکەین، لە شیعری جانی جاناندا، شاعیر کاریگەریی شیعرێکی (مستەفابەگی کوردی) لەسەرە کە دەقئاوێزانە، ژیان و خۆشیی شاعیر بەندە بە یارەوە، نەخۆشی ئەوە، ئەگەر بێت و یارەکەی بێت بۆ لای چارەی دڵ و جەرگ و هەناوی دەکات، کە ئەو نایەت ژیانی ئەمیش لە ناخۆشییدایە، هەمیشە لێی دەپاڕێتەوە، تەنانەت خۆی دەستەودامێنی دەکات کە بێت بۆ لای، تەنانەت خۆشەویستەکەی بە لوقمانی حەکیم ناودەبات و پێی دەڵێت:

دوورلە باڵای نەونەمامت، زامی جەرگم تازەیە
وەك عەرەب سەدجاردەخیلەك، زووبە لوقمانم وەرە

لەم بەیتەدا دیارە کە عاشقەکەی زۆر گەنج و جوانە و برینەکەی ئەمیش تازەیە و بە زمانی عەرەبی لێی دەپاڕێتەوە کە وەك پزیشکێك بێت بۆلای بۆئەوەی زامی جەرگی چارەسەربێت، لە کۆتایی دێڕەکەدا دەڵێت:

گەردەپرسی حاڵەتی من بۆ فیراقت پێت بڵێم؟
هەروەکو «تاهیر» هەمیشە دیدەگریانم وەرە

دەڵێت ئەگەر لە حاڵم دەپرسی، من هەمیشە بۆ دووری تۆ دەگریم، لە کۆتاییشدا هەردەڵێ وەرە، ئەم شیعرە لە دووریی و دابڕان و بێهودەیی دەدوێت و یارەکەشی بە قاتیل و بکوژی عەشق و غەددار و دڵڕەق ناو دەبات، هەرچەند دەڵێ وەرە فریام بکەوە، بەڵام سوودی نییە.

لە شیعری (تابووری موژە)دا وەك شاعیرانی تری کلاسیك؛ خاڵەکانی و زووڵفی چوواندووە بە تاریکیی شەو و لێوی بە بەردی بە نرخی لەعل و چەندین چوواندنی دیکەشی بە کار هێناوە. خۆی بە دێوانە چواندووە، کە لە دووریی خۆشەویستەکەی بە بێ مەی و حەشیش مات و خامۆش و مەستە:

ئەی پەرتەوی ڕەنگت وەکو ڕەنگی هەمەڕەنگە
خاڵت بە مەسەل زوڵفی سیاهت، شەوەزەنگە

شیعری (تیری موژە)، کە هەر ناونیشانەکەی ئاماژەیە بەوەی برژانگەکانی بوون بە تیر بۆ تاهیربەگ، ئەوە دوویات دەکرێتەوە کە یار دڵڕەقە و ئەمیش کوژراو و سووتاو و قوربانیی یارەکەیەتی، دیارە ئەگەر درووست بێت وشەی یار بەکاربهێنرێت، چونکە یار کەسێکە کە هەر دوو لا ئاگاداری خۆشەویستی یەکترین، بەڵام عەشقەکەی تاهیربەگ یەکلایەنەیە، لەو بەیتەدا دەڵێت:

لە ئاهم گەربسووتێ ئاسمان باوەڕبکەن ئەمشەو
ئیتریاران، چ باکێکم لە سەردەیی فەصلی زستانە

ئەم لە ناخیدا سووتاوە، لەوانەشە ئاسمان بەو گڕەی شاعیر بسووتێ، گرنگ نییە بۆی با زستان بێت، خۆ تاهیربەگ هەمیشە سووتاوە و گڕ لە گیانیایەتی. لە کۆتایی شیعرەکەشیدا ئەڵێ پزیشکەکانم با چارەسەرم نەکەن، با لە ڕۆژی حەشردا عالەم بزانێت کە شەهیدی تیری موژەکانیەتی، واتە شاعیر بڕوای بە زیندووبوونەوەی ڕۆژی حەشریش هەیە.

لە (وەسڵی یاران)دا، دیسان باس لە تامەزرۆیی بەیەکگەیشتن دەکات، کە هەمیشە بەختی ئەم باش نەبووە، دووریی و بەیەکنەگەیشتن تاکە بەشی شاعیرە و لەوەشدا دونیا تاوانبار دەکات، کە پڕیەتی لە جەفا و نائومێدیی و هەمیشە شتەکان بۆ ئەم پێچەوانە دەبنەوە، لە تێڕوانینی ئەودا هەمیشە گوڵ هاوڕێی دڕکە، گەنج هی مار، گەیشتن بە یار شیرینە، بەڵام هیجران و دووریی تاڵ و ترش و توونە، گلەیی لە بەختی خۆی دەکات کە خزم و دۆستانی شادن، بەڵام ئەم مات و مەلوولە و هەمووشی بە بۆنەی خۆشەویستەکەیەوەتی.

(کەعبەتەینی بەخت) ناونیشانی شیعرێکی دیکەی تاهیربەگە؛ لە ڕاستیدا ئەم ناونیشانە عەرەبییە کە بە ئەلفوبێی کوردیی نووسراوە، بەو واتایە هاتووە کە کەعبەکانی بەخت لای ئەوکەعبەی ئیسلام و خۆشەویستەکەیەتی و لە هیچیشیاندا بەختی نەبووە، دیسان ناڵەو فوغان بەشیەتی، لە تاوی دڵڕەقیی و بێمەیلی یار خۆی وەك دێوانە و مەجنوون دەناسێنێت:

یەك نەفەس چاکی نەهێنا کەعبەتەینی بەختەکەم
شەش دەرم گیراوە مەشغوڵم بە دەستی نەردەوە

تاهیربەگ بەردەوام دەبێت لەسەر پیشاندانی بەدبەختی خۆی و ئەڵێت هێندەی هەناسەدانێکیش، کە چەند چرکەیەك

هەواڵنامەی کتێب

دەخایەنێت بەختم باش نەبووە، هەر شەش دەرگاکەم لێ گیراوە و تەنها بەدبەختی بەشمە. شاعیر کە شارەزای یاریی و بەزمی وەکو تاوڵە بووە؛ لەم بەیتەدا بەختی خۆی چوواندوە بە زاری خراپ کە هەمیشە لەسەرڕووە خراپەکان گیرساوەتەوە و هەموو خانەی شەشەکانی لێ گیراوە و خۆی بە گیرۆدە و دۆڕاو دەزانێت. بە پەبامبەر دەڵێ کە زوو بڕوات دەردی دڵێ بە یار بگەیەنێت، هێندە لێی دەپاڕێتەوە هەتا دەگاتە ئەوەی پێی بڵێ نازی پاپووچەکانیشت لە سەر سەرم دادەنێم بە تەپوتۆزکەشیانەوە.

(شەمعی ڕووخسار)؛ یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی تاهیربەگ، بابەتی شیعرەکە ڕووداوێکی واقیعییە، تاهیربەگ فیشەکی دەمانچەی بە پەنجەی خۆیەوە ناوە، لە شیعرەکەدا ڕای دەگەیەنێت عیلاجی دەردی ئەو لێوی یارە، کە خونچەیە و شیرینە، هەمیشە گوڵ و شەکری لێ دەبارێت؛ بۆیە دەنووسێت:

فەلەك زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر
شکاندنی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەسفی ڕووخساری

لەم دێڕە شیعرەدا تاهیربەگ باسی ئەوە دەکات کە فەلەك کاتێک زانی شاعیر شیعرێك دەنووسێت بۆ خۆشەویستەکەی زۆر جوانتر لە مانگ و خۆر، بۆیە پەنجەی شکاندووە، تا مانگ و خۆر ڕەونەقیان نەشکێت و بازاڕیان وەك خۆی بمێنێت... شاعیر لە وەسفێکی دیکەی خۆشەویسەکەیدا دنووسێت:

بە غەمزەی نیمنیگاهی سەد دڵی بێ چارە مەجبوورمە
لە بابل خوێندوویە ئەفسوون دوو چاوی بێچووە عەیاری

بابل ئاماژەیە بە شوێنی خوێندنی تایبەت، بۆیە پێی وایە یارەکەی هێندە عەیارە، لەوانەیە لەوێ خوێندبێتی و ئەم وانانە فێر بووبێت کە ئاوا دڵی بێ چارە کردووە... لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێت:

بە شوعلەی شەمعی ڕووخساری دەسووتێ دڵ وەکو قەقنەس
وتم پەروانەیە، یارەب نییە وا بانگ و هاواری

شاعیر شارەزای ئەفسانەکانیش بووە، قەقنەس باڵندەیەکە چەند بسووتێت زیندوو دەبێتەوە، ئەمیش دڵی چەند بسووتێت بە تینی ڕوخساری یار، هەرزیندوو دەبێتەوە. لە بەیتێکی تریشدا دەڵێت:

وەکوو یوسف ئەگەرچی موشتەری وەستاوە، سەف سەف
وەکوو «تاهیر» نییە ئەمڕۆ بە جان و دڵ خەریداری

شاعیر بابەتی ئایینی کردووە بە کەرەستەی شیعرەکانی، کە چۆن خەڵك بۆ کڕینی یوسف ڕیزیان بەستبوو، بۆ خۆشەویستەکەی ئەویش چەند خەڵك ڕیز ببەستن کەسیان وەك ئەم مشتەری نین، چونکە ئەو بە دڵ و گیان کڕیاری خۆشەویستەکەیەتی.

سەرچاوە:
١. دیوانی تاهیربەگی جاف ١٩٦٦، هەولێر.
٢. دیوانی تاهربگ ١٩٦٩، بەغدا.
٣. تاهربگ جاف ٢٠١٤، بە زمانی فارسی- سنە.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆڵی واتا لە بەرجەستەکردنی بیردا

## «ئەحمەد موختار جاف بە نموونە»



پ. ی. د. شیلان عومەر حسێن

هەواڵنامەی کتێب

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لە دایک بووە
بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٨
ماجستێری زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧
دکتۆرای زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١
پرۆفیسۆری یاریدەدەرە
چەندین توێژینەوەی زانستیی و کتێبی بڵاوکردۆتەوە
بەشداریی چەندین کۆنفرانسی زانستیی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا کردووە
مامۆستای بەشی کوردییە لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی:

پووختەی ئەو پێناسە نوێیانەی زمانیان پەسن کردووە، چڕ کراوەتەوە لەوەدا، کە زمان دەربڕ و گوزارشتکەری بوون و بنەڕەتی پێکهێنی تاك، گروپ، نەتەوە و هەموو زانست و ژیار و شارستانێتیی و گەردوونە بە گشتی. زمان هەم هۆکار و هەم سەرچاوەیە، بە بێ زمان بوونیش نابێت، ئەمەشە وای لەژیربێژ و زانایانی بوارە جیاجیاکان کردووە، کە بۆ پشکنین و کنەکردن و توێژینەوە لەهەر بابەتێك پەنا بۆ زمان ببەن و لەهیچ زانستێکدا بە بێ زمان نەتوانن بکۆڵنەوە، لەمەشەوە بە زمان وتراوە زانستی فرە زانستیی/ فرە ڕشتەیی، بەوەی ڕەگ و ڕیشەی هەموو زانستێك زمانەکەیەتی...

بۆ ئەدەبیش ئەمە ڕاستەوانە دەگونجێت، ئەدەب یەکێکە لەزانستە زیندووەکان، کە لەگەڵ زانستی زماندا وەك دوو دیوی دراوێکن، لەم ڕوانگەیەشەوە ژ. پ. سارتەر دەڵێت: «ئەوەی ناوی ئەدەبە؛ زمانیشە، ئەگەر ئەدەب بە تێپەڕین لەزمان بزانین، کەواتە لەهەر حاڵەتێکدا بێت دەبێت قبوڵی بکەین، لەدەرەوەی زمان ئەدەبێك بوونی نییە».

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن، شیکردنەوە لەواتای هێما زمانییەکانی دەقە شیعرییەکانی شاعیر «ئەحمەد موختار جاف» دەکات، بۆ دەستنیشانکردنی دنیابینی و بیر و بیرکردنەوە و ئاوەزمەندی شاعیر لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە دەستنیشانکردنی ئاستی توانستی کارامەیی ژیریی باڵای شاعیر، بە بەراورد بە جڤاتی ئاخێوەرانی سەردەمیانەی خۆی.

### ١/١. زمان، بیر، واتا:

### ئەلیف؛ هێمای زمانیی:

«زمان کۆمەڵێکە یا دەزگایەکە لەکۆمەڵێك هێما/نیشانە پێکهاتووە»، فەلسەفەی زمانیش لێکۆڵینەوەیە لەبیری مرۆیی لەڕێی هێما زمانییەکانەوە، بە واتا؛ هێما زمانییەکان هەڵگری بیرەکانن، بیر چالاکییەکی ئاوەزییە و لەمێشکدا گەڵاڵە دەبێت، لەمەوە هێما: «هەر ئاماژەیەك، بابەتێك، کردەیەك، ڕوداوێك،... واتا بگوێزێتەوە، یان ئاماژە بدات بەوەی ئەم بابەتە. ئەم ناوەڕۆکەی هەیە، بە هێما دانراوە»، یاخود «هێما درووشمە، ئاگادارکردنەوەیە، بانگەشەیە بۆ ئەو ناواخنە زانیارییەی دەیگەیەنێت»، یان «هێمایەك ئەو یەکەیەیە، کە لەئیشارەیەك/ برووسکەیەك و زانیارییەکی پڕاوپڕ و گونجاو پێك هاتووە»، یاخود؛ هێما»هەر شتێك؛ بێجگە لەخۆی نوێنەری شتێکی تر بێت».

کەواتە هێماکان هەڵگری زانیارییەکانن، چەمکی زانیاریی، ئەو گۆشەنیگا و چەندێتیی و چۆنێتیی و سەرنج و ڕامان و تێبینیی و پرس و تێڕوانینانەیە، کە دواجار دەبنە بونیاتی کۆزانیاریی و زانینیان پێ گەردان دەکرێت، سەرچاوەی زانیارییەکانیش لەڕێگەی :

ا. ئۆرگانە هەستییەکان: بریتیین لەفاکەڵتی هەستەوەرەکان و لەکاردابوونیان، بە واتا کردەی هەستکردن و سەرنجدان لەئەنجامی ورووژێنە هەستییەکانەوە بەرهەمدێت و دەبێتە هۆی گەڵاڵەبوونی زانیاریی و بە زانیاریی هەستیی ناونراوە.

ب. ئەزموون: مەعریفە و دانایی و کارامەیی کارەکییە، کە لەواقیعەوە وەرگیراوە، یان کۆکراوەی تێکڕای درککردنەکانمانە، کە بۆچوون و دیدگە و تێفکرینمان پێشکەش دەکات. کردە ئاوەزییەکان لەمێشکدا

تاووتوێ و چارەسەری هەر زانیارییەکی تێکردە دەکەن و ئەوزانیارییەشی لەئەزموون وپراکتیزەکردنەوە وەردەگیرێت، بە زانیاریی ئەزموونیی دیاریکراوە.

پ. سۆزداریی: بەو ڕووداو و دیاردە و یادگارییانەی کە لەگەڵ هەبووەکاندا لەئاوەزماندا تاقتکراون دەوترێت زانیاریی سۆزداریی، کە ئەمەش لەئەنجامی ڕوودانی ڕووداوێك، دیاردەیەك، کردەیەك... گەڵاڵەدەبێت.

ت. پەیپێبراو: دیاریکەر و ڕێکخەر و لێکدەرەوەی زانیارییە هەستیی و ئەزموونییەکانە، لەپێناو نوواندن و تێگەیشتن لەدەوروبەر، هەموو بۆچوون و درککردنەکان و هێماکان لەخۆدەگرێت، لەکردەی درککردندا بە هۆی «فێربوون، یادخستنەوە، پێشبینییکردن» پێك دەهێنرێت، بۆ چارەسەری تێکردە هەستییەکان، لەپێناو بنیاتنانی زانیاریی وردتر (کۆزانیاری)، ئەم زانیارییەی لەم کردە ئاوەزییەدا بەرهەم دەهێنرێت، بە زانیاریی پەیپێبراو دانراوە.

کردەی وەرگرتنی زانیاریی «هەستیی، ئەزموونیی، سۆزدایی، پەیپێبراو»، لەڕێی سەرچاوەی زانیارییەکانەوە، کۆزانیاری «مەعریفە»ی لێ بەرهەم دێت، خودی کۆزانیارییش، لەگردبوونەوەی چەپکە زانیارییەکان پێك هاتووە. بە واتا؛ کۆزانیاریی ئەنجامی زانینی شتێك، دیاردەیەك...تاد، بە یەکەم قۆناغی ئاستی بیرکردنەوە «ئاستی کارامەییە ئەقڵییە نزمەکان» دانراوە.

ئەم چەشنانەی سەرچاوەی زانیاریی «هەستیی، ئەزموونیی و سۆزداریی و پەیپێبراو»، دوای ئەوەی بە پرۆسە ئاوەزییەکاندا دەبرێن و بە پلەکانی تری بیرکردنەوەدا، وەك: «شیکردنەوە، پێکهێنانەوە، هەڵسەنگاندن..»دا سەردەکەون، کە بە «ئاستی کارامەییە ئەقڵییە بەرزەکان» دانراوە، پێکەوە تێڕوانینێك، دیدگایەك و باوەڕێکمان دەربارەی کەسەکان، شتەکانی دەوروبەر و خودی دەوروبەر و ژیان و... دەدەنێ، کە بە چەمك ناوبراوە، لەمەوە چەمك درککردنە بە واتای تێگەیشتنمان لەبابەتەکان و ئەنجامی ئەو لێکەوتانەیە، کە لەکردەی درککردنمان بە واتای بابەتەکان دەکەونەوە، واتە ئەنجامی تێگەیشتن لەبابەتێك بە چەمك دانراوە، یاخود چەمك بەرەنجامی تێگەیشتنە لەبابەتێك، دیدگەیەکی ئاوەزیی گشتییە و پەیوەستە بە هەبووەکانەوە، یان بیرە گشتییەکانە، کە بۆ دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەزموونەکان بەکاریان دەهێنین. توانست دەگرێتەوە و بە واتای سەرچاوەی نوواندنە ئاوەزییەکان دێت، کاتێك چەمکەکان هەبووەکانن و لەمێشکدا هەن.

ئەم چەمکانە؛ هەبووە ئاوەزییەکانن و نوواندنی ئاوەزیی «وێنەی ئاوەزیی، پرۆپۆزشن، مۆدێلی ئاوەزیی» لێدەکەوێتەوە، کە وێناکردن و نوواندنی جیهانە لەئاوەزدا و بە بیر ناسێنراوە، لەبەر ئەمەیە بیربە نێوەند وڕایەڵەی پەیوەستکردن و ئاوێتەکردن و کارلێککردنی زمان و واقیع دیاریکراوە، لەبەرئەوە وشەکان بە یەکە پێکهێنەرەکانی زمان دانراوە، چەمکەکانیش بە یەکە پێکهێنەرەکانی بیر، لەزانستی سایکۆلۆژیای دەمارزانی درکپێکردنیدا، بیر بە نوواندنی ئاوەزیی وێنا کراوە، بە گشتیی نوواندنی وێنەی ئاوەزیی، بە بیرەکان دانراون، لێرەوە بیر لەئەنجامی تێکچڕژاوی ئەو چەشنە زانیارییانە و بە جێبەجێکردنی پرۆسە ئاوەزەییەکان لەئاوەزدا لەدایك دەبێت، پرۆسەکانی گۆڕینی بۆچوونەکانی




«چەمك و ناوەڕۆکەکانی» بۆ قۆناغی پێش دەربڕین بە بیر دانراوە.

لەمێشك و ئاوەزی هەر مرۆڤێکدا ناکۆتا بیر هەن، ئەو بیرەی دەپێچڕێتە ناو فۆرم/ هێمایەکی زمانییەوە و دەردەبڕێت و گوزارشتی پێ دەکرێت و بەشداریی کردەکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان دەکەن، بە واتا دیاریکراوە، لەمەشەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسەی، کە ئایا واتاکان فۆرم/ وشەکان بەرهەم دەهێنن یاخود بە پێچەوانەوە؟

لەزانستی زمانی درکپێکردندا فۆرمی وشەش بە یەکێك لەپێکهاتەکانی خودی چەمك پەسن کراوە، بەوەی ئەم قوتابخانەیە «چەمك بە دەفر/ تیاهەڵگر/ بە قاڵب دەبینێت». واتە لەناواخنی چەمکدا هەموو واتا، فۆرم، سیماو ئەدگار و...تاد، بەرانبەر بە هەبوویەك لەجیهانی دەرەوەدا هەیە و لەم ڕوانگەیەوە چەمك بە دەستنیشانکەری فۆرم، هێمای وشە دادەنێن، هەموو گوزارشتە جیاوازەکان بە پەسنکردنە ڕێزمانییە جیاوازەکانەوە نموونەن بۆ ئەم بۆچوونە، «بڕوانە هێڵکاری: ۱»

**«هێڵکاری۱»**

بێ؛ بیر:

بیر «Idea»: هەر چەمکێك، باوەڕێك، ئەندێشەیەك، دیدێك، تێڕوانینێك، بۆچوونێك، ڕایەك، نیازێك، کە لەدەرەنجامی تێگەیشتن و هۆشیاریی و چالاکیی ژیرییەوەن و لەئاوەزدان، بە بیر دانراون. یان نوواندنی ئاوەزیی بابەتەکانە، یان ناواخن و کرۆکی ئاوەزییە «ئاوەزێکی پێگەیشتوو-بەئاگا». پەسنکردن و پلان و بەرنامەڕێژیی و وێناکردن و مەبەست و بایەخبەندکردن و تێگەیشتن و فامکرنی مرۆڤ بە بابەتەکان بە شێوەیەکی گشتی بە بیر دانراوە. فەلسەفەیە، بە واتا وشەکانی «بیر، چەمك، ئەندێشە...»، بە بەرهەمی چالاکیی ئاوەزیی دانراون.

ئەو کردانەیە کە ژیریی مرۆڤ لەڕێی بابەتە زانراوەکانەوە بابەتە نەزانراوەکانی پێ دەدۆزرێتەوە، بە بیر ناسێنراوە. بە کردە یان پێواژۆ یان بەرهەم و لێهاتوویی بیرکردنەوە بە بیر دیاریکراوە.

بیر: چەمکێکی ئەبستراکتە، یان ناوێکە یان تێڕوانینێکی ئاوەزییە. زۆربەی کات بیرەکان

وەك نوواندنی وێنەی ئاوەزیی ڕاڤە دەکرێن، بۆ نموونە؛ کاتێك دەوترێت «گوڵ»، لەئاوەزماندا وێنەیەك بۆ ئاماژەبەندکردنی هەیە، لەلایەکی ترەوە زۆرێك لەفەیلەسوفەکان بیرەکانیان بە بنەڕەتی پۆلەڕەگەزی بووناسی (ئۆنتۆلۆژی) هەبووەکان داناوە.

بەرهەمهێنانی توانای تێگەیشتن لەواتای بیرەکان بە بنەما و پێناساندن و دیاریکەری تایبەتێتی مرۆڤ دەستنیشان کراوە. ئەفلاتوون بە یەکەمین فەیلەسووف دانراوە، کە بە درێژیی گفتوگۆی لەسەر بیر کردووە، کە چەمکی بیری بە جیهانی میتافیزیکاوە و کاریگەرییەکانی لەسەر زانستی ئەبستمۆلۆژیادا تاووتوێکردووە.

زمان؛ پێڕەوێکی هێمایی دەنگییە، مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لەبیر و هەست و مەیل و ئارەزووەکانی بە کاری دەهێنێت. زۆرینەی زمانەوان و فەیلەسووفەکان بە ڕەهایی زمان و بیر بە دووانەی پەیوەستکراو و دوو ڕووی یەك دراو دەناسێنن، بەو پێیەی نە زمان بە بێ بیر ماهییەتی دەبێت و نە بیریش بە بێ زمان.

کەرەستە زمانییەکان نیشانە هەستپێکراوەکانی بیرن و بیرەکانیش واتا ڕاستەوخۆکانی کەرەستەکانی زمانن، بە واتایەکی تر زمان و کەرەستە زمانییەکان بیرە دەربڕاو و گۆکراوەکانن، بیریش زمانێکی گۆنەکراوە، لەبەر ئەوەیە زمان بە هۆکارێکی کارای گەیاندنی بیر دانراوە .

لەم ڕووانگەیەوە تیۆری سایکۆلۆژیای سیمانتیکی درکپێکردن، لێکۆڵینەوە لەپرۆسە ژیرییەکانی وەك «سەرنجدان و تێڕامان، بەکارهێنانی زمان، یادگە، درککردن، چارەسەرکردنی کێشە، بیرکردنەوە» دەکات. جەختکردنەوەی سەرەکی «سایکۆلۆژی کاری سیمانتیکی درکپێکردن لەسەر پرۆسە ئاوەزییەکانە، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاك هەیە»، مەرجەکانی بیرکردنەوەش، بە واقیع، هەستەکان، ئاوەز «بۆ پەیوەستکردنی واقیعە بە پێشخانی زانیارییەوە»، پێشخانی زانیاریی دەستنیشانکراوە.

**پێ. واتا بە پێی سیمانتیکی درکپێکردن:**

واتا؛ «Meaning»؛ هەر بیرێك بە هێما بکەین و دەری ببڕین بە واتا دانراوە، یان ئەو پەیامەیە کە دەمانەوێت دەری ببڕین یان ئاماژەی پێ بدەین. یان مەبەست لەدەربڕینی بیرێك بە واتا دانراوە. یان «مەبەست لەبابەتێك گوزارشتە لەواتاکەی». سیمانتیکی درکپێکردن چوار بنەمای بۆ پەسنکردنی واتا داناوە، ئەوانیش :

یەکەم؛ درووستەی چەمکی بەرجەستەکراوە: بە واتای ئەوەی شیکردنەوەی واقیع، بە پێی چۆنێتی بەرجەستەکردنەکانی ئێمەیە بۆی، واتا کۆنکرێتکەر و بەرجەستەکەری چەمکی وشەیە و لێرەشەوە دەبێتە کۆنکرێتکەری تێڕوانینی مرۆڤ لەسەر جیهانی واقیع.

دووەم؛ درووستەی سیمانتیکی درووستەی چەمکییە: سیمانتیکی درککردن گریمانەی ئەوە دەکات کە بیروبۆچوون و هەست و چۆنێتی پەیبردن و دنیابینی... بە نەرێتی لەزماندا کۆدکراوە و لەبەرئەوەیە درووستەی سیمانتیکی هاوتای درووستەی چەمکییە.

سێیەم؛ نوواندنی واتایی دانشنامەییە/ ئینسایکلۆپیدیاییە.

چوارەم؛ پێکهاتەی واتا بەچەمککردن: ئەوکردەیەی بۆ «شتێك» یەکەیەکی زمانەوانیی داوای دەکات بریتییە لەدەستەیەك/ ڕستێك لەکردەی چەمکیی و بەگەڕخستنی پێشخانی کۆزانیاریی و لەلایەن زمانەوە بە گورزە «packaged» دەکرێت.

**١/٢. ئاوەزمەندیی شاعیر:**

زانستی زمانی نوێ، زمان هەم بە هۆکاری کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتن «بۆ تێگەیشتن و لەیەکگەیشتنە»، هەم زمان وەك سەرچاوە بۆ دەستنیشانکردنی ئاوەزمەندیی و درکپێکردنی بیری کردەی پەیوەندییگرتنە «لەڕووی دنیابینیی و دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و ژیاریی...» دادەنێت. بنەمای ئەم گەیاندن و پەیوەندییگرتنەش بریتییە لەفەرهەنگی ئاوەزیی زمان «lexicon» و ڕێزمان و مەبەستی ئاخێوەر«intention»، ئەم سێ بنەمایەش بۆ بەرجەستەکردنی دنیا و پێڕەو و درووستەی دنیایە بەپێی پێڕەو و درووستەی زمانیی، بە واتایەکی دیکە؛ واتای زمانیی بە هێماکردن و بە کۆدکردنی وێنەی ئاوەزیی و بیرەکانە پەیوەست بە جیهانی دەرەوە، وێنە و بیرەکان لەمێشکدان و بە وشە و فرێز و ڕستە خراوەتەکیەکەکان لەبەیتەکاندا بە نووسین گوزارشتیان لێدەکرێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا دوو شێواز بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای زمانیی دەقە شیعرییەکانی ئەحمەد موختار جاف، بۆ هەڵهێنجاندن و هەڵگۆزینی بیری شاعیر گیراونەتە بەر، ئەوانیش:

* ڕێبازی شیکردنەوەی زمانەوانیی دەقی شیعریی: ڕێبازی شیکردنەوەی دەق، بریتییە لەڕێبازەکانی هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی دەقەکە، «ڕێبازی توێژینەوە و شیکردنەوەکان بریتیین لەڕێبازی هەڵوەشاندنەوە، واتە لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەی جومگە و گرێکان، لەگەڵ ڕێبازی پێکهێنانەوەیان بۆبەدەستخستنەوەی گشتەکە» ، ئەم ڕێبازەش پۆلێنکراوە بۆ:

ا. ئاستی ئاسۆیی/تەکنشینی/ سینتاگما: ئەم ئاستە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشە و فرێز و ڕستە و واتای فەرهەنگیی دەکات، بە واتا؛ لێرەدا واتا سینتاکسییە نوێنراوەکان شی دەکرێنەوە.

ب. ئاستی ستوونی/ ئاستی جێنشینی/ پرادیگمایی: لێکۆڵینەوەیە لەپەیوەندییە ئاوەزییەکانی ناو مێشك، یان نوواندنی وێنە ئاوەزییەکانی مێشکی شاعیرە. بۆ پاسادانی ئەم ڕێبازە، شیکردنەوەی زمانەوانیی شیعری «فوستانی ڕەشی ناسکی»ی ئەحمەد موختار بە نموونە وەردەگرین:

فوستانی ڕەشی ناسکی چین چین لەبەردا
وەك هەوری سیا بێ بەسەر قوڕسی قەمەردا
قوربانی نیگاهی غەزەبت ڕۆح و دڵی من
یەك لەحزە دوو سەد ڕمت چۆن لەجگەردا
مادام کە بە شمشێری برۆت لەتلەتە جەرگم
لازم نییە ئەو خەنجەرە کردووتە بە بەردا

لەئاستی ستوونیدا، کردەکانی باسمەندی، وەك: «قوربانی نیگاهی غەزەبت، یەك لەحزە، مادام، لازم نییە»، و کردەی بەمۆرفۆسینتاکسکردنی دەربڕاوەکانی وەك «غەزەبت، ڕمت، جەرگم، برۆت»، کە لەدەربڕینی ئاسایی بەو شێوەی گوزارشتی لێ ناکرێت و شاعیر بۆکێش و سەروا و ئاوازی شیعری ئەمەی بەرجەستە کردووە، ئەمەش جۆرێکە لەکارامەیی شاعیر لەچۆنێتی بە هێماکردنی بیرەکانیدا.

لەپەیوەندیی جێنشینیدا، پەیوەندی نێوان فرێزەکانی وەك: «شمشێری برۆ، دیدەی مەخموور، نیگاهی غەزەب»، ئەم خستنە تەك یەکانە سرووشتی نیین و لەجیهانی دەرەوەدا بوونیان نییە و شاعیر بە خەیاڵی خۆی وێنای دەکێشێت، لەلایەکی تریشەوە چوواندنی «فوستانی ڕەش» بە «هەوری سیا»، «یار» بە «قوڕسی قەمەر»... ئەو پەیوەندییە ئاوەزییانەن کە شاعیر خوڵقاندوونی.

هەولێرنامەی کتێب

ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی؛ بوارێك و کایەیەکی هەستیار و کاریگەر و دیاری گەشەی مرۆڤایەتیی هەر کۆمەڵێکی دیاریکراوە، بە تایبەتییش بۆ نەتەوەی کورد، ئەدەب وەك دامەزراوەی مەدەنیی و ڕەوتی فەلسەفیی و ئایدۆلۆژیی و قوتابخانەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و... تاد، ڕۆڵی کارای بینیوە.

«ئەدەب وەك بەرهەم و تێکستێکی گوزارشتلێکراو یان نووسراو، هەرچەندە لەبنەڕەتدا بەرهەمێکی تاکەکەسییە، بەڵام بە چەمکە گشتییەکەی بەرهەمێکە زادەی بیرکردنەوە و ڕامان و لێکدانەوەیەکی قووڵە و ئەزموونگەلێکی گوزارشتکەرە لەمێژوو، ئێستا و ئایندە و گەردوونبینی ودنیابینی وژینگە ومرۆڤبینی»، وردتر بڵێین؛ ئەدیبەکان بۆ نەتەوەی کورد تەنها وێژەوان نەبوون، بەڵکو بیرمەند و دانا و زانا و پزیشکی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و... بوون، کە ڕاشکاوانە پەسنی کەسێتی کورد و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووداووشکست وهەڵدێروسەرکەوتن و... کردووە و لەگەڵیشیدا هۆکار و چارەسەرەکانیان بەیان کردووە، ، واتا شیعر کە دەربڕین و گوزارشتکردنە لەهەست و نەستی کەسی و وێناکردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی و... تەنها بۆ چێژبەخشین نییە، بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوە و بە ئاگا هێنانەوە و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵە و سەرچاوەیەکی بەهادارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، «ئەدەب تەنیا بۆ چێژ و ئارەزوو نییە، بەڵکو ئامانج و مەبەستی ئاگایی نەتەوەیە».

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆی بەرهەمی نووسەرانی کورد، بۆ خەمی گواستنەوەی کۆمەڵگا بووە، لەقۆناغی نەریتی کۆمەڵگاوە بۆ قۆناغی پێشکەوتن و مەدەنییانەی هاوچەرخ، لای ئەحمەد موختار جافیش هاوشێوەی هاوکارەکانی: ئەم بیرە بە ڕۆشنیی لەڕێی واتای زمانی شیعرییەوە بەرجەستە کردووە، بە نموونەی شیعری بنەماکانی ئاوەزمەندیی و ئاستی کارامەیی ژیریی پەسن دەکەین، ئەوانیش:

* ژن و مافەکانی: شاعیر لەڕووی پاراستنی هاوسەنگی جێندەرییەوە، باڵایانە ڕووانیویەتە ئەم توخمە و لەڕووی مرۆڤبوونەوە، نەك لەمێبوونی توخمی ژنەوە لەژن دەڕوانێت.

شاعیرانی کورد؛ بەسە بەس باسی زووڵف وچاوبکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم وکاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن
*** *** ***
لادە عاشق تۆ لەباسی عیشقبازی و سەیریکە
چۆن خەریکن چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران دەکەن
جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
لەم موحیطە مەنعی عیلم وسەنعەت وعیرفان ئەکەن

* خوێندن: خوێندن بە بنەمای پێشکەوتن و ڕابوون و زیندوویێتی کۆمەڵ و بە کەناڵی سەرەکیی و کاریگەر بۆ هۆشیارکردنەوە و بە ئاگا هێنانەوە و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵ دادەنێت و دەنوسێت:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆدیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئان وزەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

* هۆشیاریی و بەگژاچوونەوەی نەزانین: نەزانین بە نەخۆشییەکی کوشندە و پەتایەکی ترسناکی بێهۆشکردن و گێلکردن و بەمێگەلکردنی کۆمەڵ داناوە، بەهۆیەوە دوژمنان ویستی چییان هەبووبێت کردوویانە، بۆیە دەنووسێت:

دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەی جەهلە
لەسایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە
زمانی حاڵی (ئەحمەد) هەردەڵێ وریابن ئەی خەڵکە
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گوهەرتانە

* بەگژاچوونەوەی بێدادیی: نادادیی و ستەم و زۆرداریی؛ بەرهەمی ستەمکاران و چەوسێنەرانن، دەڵێت بە وشەی باق و بریق و فریودەر، هەڵمەخەڵەتێن، لەواقیعدا ئەمانە بەرجەستەدەبن نەك بە قسە.

ئیسمی ویجدان و عەدالەت بێ موسەممایە ودرۆ
بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەرلێوانەوە
ڕاستە گەرناوی عەدالەت بۆچی مندڵانی کورد؟
وێڵ و سەرگەردان بسوورێنۆ بە سەرکێوانەوە

* زانست و مەعریفە: زانست و زانیاریی؛ سەرچاوەی ئاشنابوون و ناسینی خود و بوون و نەتەوە و کۆمەڵە، هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵ بەرهەمی زانست و مەعریفەیە.

ئەمڕۆ با وا بێ بەڵام ڕۆژێك ئەبێ ئەولادی کورد
بێنەوە مەیدان بە عیلم و صەنعەت و عیرفانەوە
سەد شکور لەشکری عیرفان و عیلم و عەقڵ
شاڕی پڕشۆڕ و جەهالەتیان کەیفەما کردووە

* ڕۆژنامەگەریی: شاعیر بۆ بانگی کوردستان، لەژمارە «٣»ی ساڵی یەکەمی ١٩٢٢؛ ئەم شیعرەی بڵاوکردۆتەوە:

بانگی کوردستانە وا دنیای ئیحیا کردووە
زامی قەلبی کوردی بێ چارە موداوا کردووە
باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەم مەتبەعە
ئەکەن ئەمڕۆ خاکی کوردستانی زیبا کردووە
لایەقی تەحسین و فەخری قەومی کوردە چونکە وا
ئەم جەریدە پیر و لاوانی هۆشیارکردووە

* بیری ئومێد و گەشبینی: ئومێد و گەشبینیی؛ یەکێکە لەپێوەرەکانی کەسانی دووربین و ئاغر و زەینڕۆشن، شاعیریش لەم لایەنەوە فرە زەنگینە و دەنووسێت:

ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێك ئەبێ ئەولادی کورد
بێنەوە مەیدان بە عیلم و صەنعەت و عیرفانەوە
نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەرلەکرماشان هەتا ورمێ وسنە و بۆتانەوە
ڕێك ئەخەن وەزعیەتی وان و جەزیرە سەربەسەر
عەقرە وزاخۆ ئەبەستن ڕێك بە قەد بۆکانەوە
خانەقین و مەندەلی و خاکی لووڕستان یەك بە یەك
وەك وەسا ئەدروون بە باڵای مەنطیقەی بابانەوە

* مەدەنیەت و شارستانێتی: مرۆڤسازیی و ژیانسازیی؛ بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و ژیاریی و شارستانییەتە، کە بە ئاوەدانکردنەوەی دڵ و دەروون و خاك و نیشتمان و زەوی دەبێت.

پاشان دەس پێ ئەکەن تەعمیری مڵك
ڕێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە
کێو و کەژگشتی ئەبێتە باغ و جادە و قەسرو ڕێ
بۆتەماشای دەستە دەستە دێن لەئینگلستانەوە

* هونەر: هونەر بنەمای شارستانیەتی نوێیە، شاعیر ئاماژەی بە هونەری کولتووری کوردیی داوە.

ئەی حەسەن ئەم کاغەزەم تیرێکی عەیش وشادییە
پڕلەمەعنایە ئەگەرچی بۆ مووبارەکبادییە
کەیفە بەزمە دەنگی سازە ناڵەیی عوود و نەیە
چەژنە ئەمڕۆ ماچ و مووچە مەوسمی ئازادییە

### ئەنجام

یەکەم؛ واتا زمانییەکان، بەرجەستەکردنی ئێمەیە بۆ هەبووەکان، واتە واتا جۆر و چۆنێتی بەرجەستەکردنی جیهانی دەرەوەیە لەئاوەزدا.

دووەم؛ ئاستی کارامەیی و ژیریی ئەحمەد موختار بە بەراوردی بە جڤاتی سەردەمییانەی

خۆی لەئاستێکی باڵادایە، بەوەی درککردن و پەیبردنی بە کۆمەڵەکەی و پەسنکردن و خستنەڕوی ڕێگەچارە و بەئاگاهێنانەوەی نەتەوەکەی و هۆشیارکردنەوەیان لەئاست خۆیان و نەتەوەکەیان.

سێیەم: بیر و ئاوەزمەندیی شاعیر مەدەنییانە و شارستانیی بووە، بەپێی بنەماکانی «پێگەی ژن، خوێندن، زانست، هونەر، ئومێد وگەشبینیی، بێدادیی و...».

## سەرچاوە


ا. بەزمانی کوردیی:

١. ئەحمەد موختاربەگی جاف، دیوانی شیعریی، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩.

٢. ژان پۆڵ سارتەر: ئەدەب چییە؟ و: مستەفا غەفوور، ٢٠٠٠.

٣. شیلان عومەر حسێن، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٤. محەمەدی مەحوی و محەمەد ئەحمەد سەعید، شیکردنەوەیەکی زمانەوانیی دوو دەقی شیعریی مەولەوی و مەحوی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣١، ٢٠١١.

٥. هەڤاڵ ئەبووبەکر حسێن، ئەدەب و ژیانی مەدەنییەت، ژمارە ٤١، ٢٠١٣.

ب. بە زمانی ئینگلیزیی:

1. Donald ، semantic network، Metacognitive Ulrich Neisser ، information theory Broadbent Cognitive Psychology, published in 1967

2. Jonathan Haidt 2006.

3. Daniel Kahneman in 2011، Symbols and Semiotics. Imagery, Memory, and Cognition: Essays in Honor of

4. Allan Paivio, Image and Cognition Psychology of Thinking

5. David A. Contreras, Extended Meaning and Understanding in the History of Ideas

6. Dr. Adrian Blau, Lecturer in Governance, Politics, University of Manchester

7. Adrian.Blau@manchester.ac.uk, DRAFT 1: May 2009


هەواڵنامەی کتێب



# ئەزموونداریێتی
# لە بەکۆدکردنی شیعردا



پ.ی.د. تریفە عومەر

هەواڵنامەی کتێب

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لە دایک بووە
بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٨
ماجستێری زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧
دکتۆرای زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١
پرۆفیسۆری یاریدەدەرە
چەندین توێژینەوەی زانستیی و کتێبی بڵاوکردۆتەوە
بەشداریی چەندین کۆنفرانسی زانستیی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا کردووە
مامۆستای بەشی کوردییە لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی

کارکردن لەسەر ئەزموون و مەعریفە و کردنی بە پێوەرێك بۆ شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکان، کارێکی دەگمەن و نەکراوە، هەڵبژاردنی وەها باس و بابەتێك و بەستنەوەی پێودانگە فەلسەفییەکان بە دونیای شیعر و ئەدەبەوە، بەو ئامانجەیە، کە پەی بە دونیای بیرکردنەوە و ئەزموونی شاعیران لە چۆنێتی بەستنەوەی چەمکەکان ببرێت، لەمەشدا درك بە کارامەیی شاعیران لە بەکارهێنانی فۆرمە زمانییەکان بکرێت، بە جۆرێك چۆن وێنەو مەبەستە شیعرییەکانیان پەیکاڵ بە زمان و مەعریفە خودییەکانی خۆیان کردووە؟ هەڵبەت بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی زانستیانە، تەنها بە شاعیر و دوو شاعیر بەرجەستە ناکرێت بەڵکو پێویستە داتایەکی بەرفراوان لە شیعر بخرێتە ژێر پشکنینی ئەم پێوەرە فەلسەفییەوە.

لەم باسەدا شیعری هەردوو شاعیر ئەحمەد موختار جاف و تاهیر بەگی جاف وەرگیراوە و بەپێی تیۆری مەعریفە، ئەزموونی شاعیران لە نێو شیعرەکانیاندا خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

١. تیۆری مەعریفە؛ پێوەرێك بۆ شیکردنەوەی شیعر:

تیۆری مەعریفە/کۆزانیاریی، خوێنەر بۆ هەردوو ڕەهەندی فەلسەفە و دەروونزانیی پەلکێش دەکات، بە جۆرێك لە بواری فەلسەفەدا بە ئیبستمۆلۆجیا و لە دەروونزانییدا بە درکپێکردنەوە پەیوەست دەکرێتەوە.«١»

ڕاڤەکردنی مەعریفە«٢» لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بۆ چۆنێتیی دەستخستن و وەرگرتنی زانینەکان دەگەڕێتەوە، وەڵێ کۆزانیاریی لە سنووری درکپێکردندا کار لەسەر چەمکی کۆزانیارییە بەدەستهاتووەکان دەکات، بە ڕستەیەکی دیکە، مەعریفە لە دووتوێی فەلسەفەدا لەم ڕووانەوە دەپشکنرێت:

**یەکەم:**

أ. جیاوازیی نێوان هەستەکان و دەرەوەی بازنەی هەستەکان چییە، هەر جیاوازییەك کە دەچێتە ناو بواری ئەزموون و دەرەوەی ئەزموون، ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە لەم جوداوازییانە چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟

ب. جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی عەقڵ بە درکپێکردنێکی بەدیهی درکی پێدەکات، هەروەها ئەوەی بە ئەزموون درکی پێدەکات.

دووەم: تیۆری مەعریفە لە جیاکردنەوەی نێوان زانیاریی خودیی و زانیاریی بابەتیی دەکۆڵێتەوە، هەڵبەت ئەوەی پەیوەستە بە خودی درکپێکراوەوە بۆ دەروونزانیی دەگەڕێتەوە، هەموو ئەوانەش کە پەیوستن بە بابەتی درکپێکراوەوە، بە زانستی سرووشتییەوە گرێ دەدرێنەوە.

سێیەم: تیۆری مەعریفە لە بابەتی وجوود و گۆڕان دەکۆڵێتەوە.

هەرچی کۆزانیارییە لە بواری درکپێکردندا لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردن و بە هۆی کۆی ئەو تیۆریيانەی، کە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، لە چەمکی فۆرمە زمانییەکان بە وابەستەکردنی بیرو زمان و جیهان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە زمانەوە، بەڵکو لە سنووری فەلسەفەشدا مەودایەکی بەرفراوانی پاوان کردووە.

**١/١ تیۆری مەعریفە پەیوەست بە ئیبستمۆلۆجیاوە**

ئیبستمۆلۆجیا «Epistemology» زانستێکە لە چۆنێتیی بەرهەمهێنانی مەعریفە لە ڕێگەی عەقڵ و هەستەکانەوە تێ دەڕامێت«٣»، کە لە دووتوێیدا وەڵامی چییەتیی مەعریفە و چۆنێتیی گەیشتنمان بە مەعریفە دەدرێتەوە، بۆ ئەمەش ئیبستمۆلۆجیا بایەخ بە گومان دەربارەی بانگەشەی مەعریفە جیاوازەکان دەدات. «بڕوانە شیلان ئەحمەد: ٢٠١٥ و

ئەو سەرچاوانەی پەیوەست بەم بابەتەوە لە دوتوێیدا بەکارهێنراوە.»

ئیبستمۆلۆجیا دابەشدەبێت بۆ:

١. فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم، کە پشت بە ژمارەکان دەبەستێت و حەقیقەت لە بوونی ژمارەکاندا دەبینێتەوە، پۆزەتیڤیستەکان پێیانوایە تەنها ژمارەکان درۆ و ساختەییان تێدا نییە.

٢. فەلسەفەی دیاردەگەرایی؛ ڕاڤەکاریی «فینۆمینۆلۆجیا»، ئەم فەلسەفەیە پشت بە ڕاڤەکاریی دەبەستێت

٣. فەلسەفەی ڕیالیزم، ئەم فەلسەفەیە نێوەندگیرییە لە نێوان فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و دیاردەگەراییدا.

بەم پێیە ئیبستمۆلۆجیا پەیوەستە بە مەعریفە بە گشتی و بە مەعریفەی زانستی بە تایبەتی، کە زانست دەکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکە، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییە لە ڕێبازی زانستی و سرووشتە حەقیقییەکەی، کە پێیدەگات. هەروەها ئیبستمۆلۆجیا تایبەتمەندێتی نێوان دەروازە ئەنتۆلۆجییەکان و وجوودی شتەکان لەناو خۆیاندا دەگرێتەوە، هەروەك دەوترێت «عقل جەوهەرێکی سادەی جیاوازییەکانە«، یاخود عەقڵ خاوەن ئیدراك و بیرە پەتییەکانە، بەم پێیە تەوەرە ئیبستمۆلۆجییەکان تەواو لێکۆڵینەوەیەکی مەعریفین.

قوتابخانە جیاوازەکانی ئیبستمۆلۆجیا، یان ئەزموونگەران، یان عەقڵگەران، هەرچی قوتابخانەی ئەزموونییە، هەستەکان دەکاتە بنەڕەت و سەرچاوەی مەعریفە و جۆری مەعریفەکەش بە مەعریفەی هەستەکی دەناسێنێت، لە بەرامبەردا قوتابخانەی عەقڵگەرا پشت بە عەقڵی پەتی دەبەستێت، بەو مانایەی عەقڵ دەکاتە سەرچاوەی مەعریفە و بەرهەمهێنانی مەعریفە، مەعریفەکەش بە مەعریفەی عەقڵی پەتی ناوزەد دەکات، پەیوەستکردنەوەی هەردوو بوارەکەش بە تایبەتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەوەدا دەستنیشان دەکەین، کە ئایا مەعریفە لەدارِشتەی دروستە شیعرییەکاندا بەرهەمدەهێنرێت و لێکدەدرێتەوە؟ هەوڵدەدەین لە شیکردنەوەی شیعرەکانەوە وەڵامێك بەرجەستەبکەین.

**٢/١ ئەزموون لەچێوەی تیۆری مەعریفەدا**

گەر سانایانە هەنگاو بەرەو پێناسینی ئەزموون بنێین، ئەوا لە تێگە سادەکەیدا ئەزموون ئەو مەعریفەیەیە کە تاك هەمبەر بە دونیای شتەکان بە دەستی دەهێنێت، ئەم مەعریفەیەش یاخود مەعریفەیەکی ئاشکرایە «Explicit knowledge»، یان شاراوەیە «Tacit knowledge» ، ئەم دوو جۆرەش لە گشتییترین جۆرەکانی مەعریفەن، کە لە لایەن پۆلانی «Michaol Polanyi» لەساڵی ١٩٥٨، ١٩٦٧ دواتریش هەر یەك لە «Daft» و «Nonake & Takeuchi» ئاماژەی پێ دراوەتەوە و لە بواری کارگێڕی مەعریفەدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە «بڕوانە: Nonako. I& Takeuchi. H, ١٩٩٥».

پۆلانی؛ دوو تێگەیشتنی جیاوازی لەبارەی هەردوو جۆرەکەوە تۆمارکردووە، مەعریفەی ئاشکرای بە مەعریفەیەکی فەرمی و ڕێکخراو ناساندووە، بە چەشنێك ئەم جۆرە لە مەعریفە لە ڕێگەی هێماکان و کتێبەکانەوە بۆ ئەوانی تر دەگوێزرێتەوە، ئەم جۆرە لە مەعریفە گرێدراوە بە مەعریفە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو «knowing about»، کە لەلایەن دافت-ەوە بە «دەربارەی زانین» ناسێنراوە، لێرەدا شیاوە بپرسین شیعر خۆی مەعریفەیەکی ئاشکرا نییە، وەلێ چ جۆرێك لە مەعریفە بەرهەمدەهێنێت، هەر لەم ڕووەوە ئەو مەعریفەیەی لە شیعردا کاکڵە دەکرێت، کاریگەریی لەسەر شیعرییەت

دروست دەکات؟ لە کاتێکدا مەعریفەی شاراوە پشت بە شارەزایی و کارامەیی تاك و سیستمی واتایی وپەیپێبردن و بڕیاردانی کەسی دەبەستێت، ئەم جۆرە وەك دافت باسی کردووە، پەیوەستە بە چۆنێتی مەعریفە «knowing how»وە. لێرەدا فۆکس دەخرێتە سەر دونیابینیی خودی شاعیر لە کۆکردنەوەی ئەزموون و بەرجەستەکردنی مەعریفەکەیدا.

بەم پێیە مەعریفەی ئاشکرا مەعریفەیەکی ڕێکخراو و ناوەڕۆك سنووردارە، ئەم جۆرە لە مەعریفە بە ڕووکەشە دەرەکییەکەی پۆلێن دەکرێت و پاشان بۆ: وێنە، نووسین، بەرهەمە تەکنەلۆجییەکان دەگۆڕێت و دەگوێزرێتەوە، لەکاتێکدا مەعریفەی شاراوە لە مێشك و ڕەفتاری تاکەکاندایە و ئاماژە بۆ حەدس و بەڵگەنەویستییەکان و هەستە ناوەکییەکان و کۆدە دەرنەبڕاوەکان دەکات. «فهد بن عبدالله الچويحي ٢٠٠٩»:

میللەر «٢٠٠٢» لە باسکردنی مەعریفەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە توانای مرۆڤ لە گەیاندنی واتای کۆدەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ مەعریفە، بەمەش مرۆڤ جۆری مەعریفەی خودی دەئافرێنێت، میللەر؛ جیاوازیی زانیاریی و مەعریفە لەوەدا دەستەبەر دەکات، کە زانیاری، خاوەنی واتایەکی جەوهەریی نییە، هەمان بەشە زانیارییش دەکرێت جیاواز بێت لە مەعریفەیەکی نموونەیی.

بەم پێیە مەعریفە، بەدەستهێنراوێکی ئاوێتەکراوی هەر یەك لە زانیاریی و خیبرە و درکپێکراوە هەستییەکانی توانای حکومکردنە، لەم ڕوانگەیەوە کیبیسی، پێیوایە مەعریفە هەموو شتێکی شاراوەیی یان ئاشکرایی تاك ئامادە دەکات بۆ ئەداکردنی کردەوەکانیان بە وریایی، یاخود بۆ حکومدان و بڕیاردانێکی درووست.

هەندێك؛ -بە تایبەتی پێشینەکان- مەعریفە بەوە جیا دەکەنەوە، کە مەعریفە درکپێکردنێکی بەشەکیی و زانست درکپێکردنێکی هەمەکییە، لەبەر ئەوە مەعریفە لە وێناکردنەکانەوە بە دەست دەهێنرێت، بەڵام زانست لە ڕاستێنراوە ڕاستەقینەکانەوە فەراهەم دەکرێت، ئەمەش پەیوەستە بە ئاست و جۆری مەعریفە داواکراوەکەوە و پێویستە لە کردەی مەعریفی و لە خودی مەعریفە خۆشی جیا بکرێتەوە، هەروەها جیاکردنەوەکانیش لە سنووری مەعریفەی پێشینە و مەعریفەی پاشینە دەستنیشان بکرێت، پێویستە ئەمەش لە مەعریفەی ئیستیقرائی «ئینداکتیف» و ئیستینباطی «دیداکتیف» جیابکرێتەوە، کە بە دوو ئاست دیاریدەکرێت:

١. مەعریفەی پلەداری/ الدراجە، هەموو کەسێك بە هۆی هەست و ژیریی و کارامەییە ڕۆژانەییەکانەوە بە دەستی دەهێنێت، ئەم جۆرە لە مەعریفە پشت بە ئەزموونە ڕۆژانەییەکان دەبەستێت.

٢. مەعریفەی زانستی پشت بە پێوەر و ئەزموونە زانستییەکان دەبەستێت.

مەعریفەی زانستی، پشت بە ڕێبازی هۆکاری و حەتمی «Determinism» دەبەستێت، بەو واتایەی هەموو ڕووداوێك بە هۆیەك ڕوو دەدات، هەمان هۆکار پێویستە هەمان زانیاری لە باری یەکسانیی تەواوی مەرج و زرووفی دەوروبەرەکە بە مەعریفەی زانستی بەرهەم بهێنێت. لەبەرئەوە تێگەی مەعریفە ئاماژە بە دوو دەروازەی تەواوکاری دەدات: ١. کردەی عەقڵی: درك بە ڕواڵەتی بابەتەکان دەکات، هەروەك کردەی کاردانەوەی ڕواڵەت لە هۆشدا، ٢. ئەنجامی کردە عەقڵییەکە بەدەستهێنانی وێنەی شتەکانە لە زیهندا.

گومانکردن لە مەعریفە، چەند پرسیارێك دەگرێتە خۆ: ئایا مرۆڤ توانای درکپێکردنی هەموو شتەکانی هەیە، ئایا دەتوانێت بە هەموو

ڕاستەقینەکان بگات؟ ئایا توانای دڵنیایی بۆ ڕاستگۆیی درکپێکردن و تەندرووستیی زانیاریی هەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی وەها پرسیارگەلێکیش، پێویستە سێ جۆر مەعریفە، کە هۆکاری جیاکردنەوەی ڕێبازەکانن، دیاریبکرێت:

یەکەم؛ ڕێبازی عەقڵی: ئەم ڕێبازە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە ڕاڤەکردنی مەعریفەدا پشت بە عەقڵ، نەك هەستەکان، یان ئەزموونەکان دەبەستێت، هەروەك فەلسەفەی نوێی دیکارت، سپینۆزا، لیبنتز.

دیکارت لە فەلسەفەکەیدا پرسیار دەربارەی سرووشتی جیهان دەکات؟ لەوەش تێپەڕ دەبێت بۆ هەوڵی وەڵامدانەوەی چۆنێتیی مەعریفەی مرۆڤ دەربارەی جیهان، واتە مرۆڤ چۆن دەزانێت؟ بەڵام مەعریفە لای سپینۆزا دوای ڕاستکردنەوەی چەمکەکان و پاککردنەوەی عەقڵ و درکپێکردنە گومانلێکراوەکانە، هەروەها لای لیبنتز لە نێوان ڕێبازی عەقڵی بە ڕێگەی مەنتیقی و ڕابردوو لە تەك ناوەڕۆکی ئەنجامەکانی.

دووەم؛ ڕێبازی ئەزموونی: ئەم ڕێبازە هەستەکان بە تەنها دەرگای مەعریفە دادەنێت، ئەزموون بەهۆی هەستەکانەوە سەرچاوەی کۆتایی هەموو مەعریفەیەکە، جۆن لۆك، هیوم، بارکلی سەربەم ڕێبازەن.

سێیەم؛ ڕێبازی حەدسی: هەروەك برجسۆن نوواندوێتی، ئەم سەرچاوە مەعریفییە نە بە عەقڵ دادەنێت، کە ئیستینباطی و ئیستیدلالییە، نە هەستەکانە، کە درکپێکردن و هەستپێکردنە، بەڵکو حەدسە، کە دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری حەقیقەت، کەشفی واقیع دەکات بە بێ عەقڵ، یان هەستەکان.

بەم پێیە ڕێبازی عەقڵی، پەیوەستە بە مەعریفەی عەقڵییەوە، هەروەك مەعریفەی بیرکاری وەك زانست، ڕێبازی ئەزموونگەری پەیوەستە بە هەستەکانەوە هەروەك زانستە سروشتییەکان، بەڵام ڕێبازی حدسی پەیوەستە بە مەعریفەی حەدسییەوە، هەروەك زانستی دینی، ئاکاریی، تصوف.

پێکهاتە و دەقە شیعرییەکان، کە لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنە ئەدەبییەکاندا بە دەر بوون لە وەها لۆجیکێکی شیکەرەوەیی، لەم جۆرە مەعریفانە جا چ عەقڵی، یاخود ئەزموونی بە دەر نین، بۆیە بە پێویست دەزانرێت لەگەڵ بەدواخۆیداهێنانی هەر گرفت و کەمییەك، ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەم جۆرە لۆجیکە شیعرییە بسازێنین.

**٢. ئەزموون لە بەرهەمهێنانی شیعردا**

بۆ بەرجەستەکردنی جۆری ئەزموونەکان لە نێو درووستەی دەربڕاوە شیعرییەکاندا، سەرەتا پێویستمان بە ناسین، نەك ڕاڤەکردنی شیعر هەیە، چونکە تا نەزانرێت شیعر چییە، ناشکرێت ڕاڤەی ئەزموونگەریی لە بەرهەمهێنانی شیعردا بکرێت، لەم ڕووەوە شیعر تەنها لەقاڵبدانی خەیاڵی شاعیر نییە، وەك پێشتر بە یەکێك لە ژانرەکان دەبینرا، بەڵکو گواستنەوەی کۆی درکپێکردنەکانی شاعیرە، کە خەیاڵ و ئەندێشەش یەکێك لە درکپێکردنەکانێتی، دەئاخنرێتە نێو فۆرمە زمانییەکانەوە، ئەم فۆرمانەش هەم بە هۆی جۆرێك لە گەمەکردن بە یاسا و ڕێساکانی زمانەوە بە کۆد دەکرێت، بەو واتایەی کۆدەکان دەبنە هەڵگری ئەو کۆزانیارییانەی شاعیر مەبەستێتی بیگەیەنێتە وەرگر، هەمیش هەڵبژاردنی فەرهەنگگەلێکە، کە دەبنە هەڵگری هێزو ئاوازە و بەرزونزمی نۆتەی موزیکیی و پێکەوە هارمۆنییەك پێك دەهێنن، ئەم هارمۆنییەتییەش شیعرییەت بە دەقەکە دەبەخشێت، ئەمەش دەقی شیعریی لە هەردەقێکی دیکەی ئەدەبی جیادەکاتەوە.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی، چییەتی ئەزموونە لە نێو فۆرمە شیعرییەکاندا، بۆ

بەرجەستەکردنی ئەمەش، پێویستە فۆرمەکانی وەك میتافۆر، ئیدیۆم، پەند و توێکڵەواتا، جگە لەوەش دۆزینەوە و پەیبردن بە پرۆپۆزیشنی هەندێك لە دەربڕاوە شیعرییەکان شی بکرێتەوە، ئەنجامی تێگەیشتن و شیکردنەوەکەش، پەیبردنە بە ئەزموونە مەعریفییەکە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە تێگەیشتن «توانایەکی مرۆییە بۆ کشانی چەمکەکان و گرێدان و حکومدانیان، تێگەیشتن بەو توانایە دەوترێت، کە لە ڕێگەی پێکهێنانی چەمکەکانەوە بیر لە شتەکان دەکەینەوە، بە لای کانتەوە مەعریفەی عەقڵی، ئەو جۆرە لە مەعریفەیە، کە ملکەچی یاساکانی تێگەیشتن بووە، هەر تێگەیشتنێك وا دەکات، توانای وێناکردنی هەبێت بۆ ئەوەی پێش ئەزموون، پێش ئەوەی بگاتە چەمکەکانی عەقڵ، مەعریفەیەکی خۆبەخۆ وەك پێشینەیەك لەناو ئێمەدا چەکەرە دەکات»، بەم پێیە بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاو و دەقە شیعرییەکان، پێویستمان بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی چەمکەکان و چۆنێتیی بەستنەوەی چەمکەکان هەیە، نەك وێنە شیعرییەکان، چونکە ئەنجامی لێکدانەوەی چەمکەکان و ئەو کۆزانیارییانەی لەنێو چەمکەکاندا هەڵگیراون، چۆنێتیی دروستکردنی وێنەکان بەرجەستە دەکەن.

**١/٢ «کرۆکەواتا، ئیدیۆم، پرۆپۆزیشن و پەند» وەك مەعریفەی پێشین**

مەعریفە، یان زانینی پێشین، ئەو چەشنە زانینەیە، کە بۆ تێگەیشتنی پێویست بە ئەزموونکردنی ناکات، بەڵکو ڕاستییەکە لەنێو هێماکاندا هەڵگیراون و خۆیان گوزاشت لە ڕاستەقینە دەکەن، هەروەك ڕستە ماتماتیکی و تۆتیۆلۆجییەکان و تیۆرییەکانی مەنتیق و ڕستە پرۆپۆزیشنەکان، کە ئەمەش بەپێی بۆچوونی ئاوەزگەراکان خراوەتەڕوو.

ئەم چەشنە ڕستانە ڕواڵەتیین و هەڵگری ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەن، هیچ زانیارییەك دەربارەی جیهان نادرکێنن، وەلێ لە هەموو جیهانێکی شیاوەکیدا ڕاست و دروستن، بۆیە هەر مەعریفەیەکی پێشین، هەم وەك زەرووتەتێکی مرۆیی و هەم وەك یەقینێك، خۆی دەناسێنێت. «کانت، ٢٠١٤: ٢٧-٥٩»، «حەمید عەزیز، ٢٠٠٥، ١١-١٢».

کرۆکەواتا، ئەوچەشنە لە واتا دەگرێتەوە، کە ڕاستیی و ڕاستەقینەن، هەر لەبەر ئەمەیە، کە بە واتای لۆجیکیش ناودەبرێت «Lyons, ١٩٩٦:٧٧» «محەممەد مەحوی، ٢٠٠٩: لا٦٠، ٧٥»، بۆ نمونە کرۆکەواتای وشەیەکی وەك (بەرد) هەڵگری حەقیقەتی خەسڵەتی (ڕەقێتی)یە، هەروەها کرۆکەواتای وشەیەکی وەك (بەفر)یش، ڕاستیی سیفەتی (سپێتی) لە کرۆکیدا هەڵگرتووە، هەرکاتێك ئەم وشانە بەو خەسڵەتانەوە بەکارنەهێنران، ئەوا لە کرۆکەواتاکانیان دوور دەکەونەوە.

ئیدیۆم ئەو پێکهاتە زمانییەیە، کە واتاکەی پەیوەست نییە بە یەکە پێکهێنەرەکانیەوە، بەڵکو واتایەکی ئامادەکراو و دیاریکراوی هەیە لە فەرهەنگدا، کە ئەم واتایەش پەیکاڵە بە کولتوور و لایەنی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە و پەیپێبردنی کوردەوە، بۆ نموونە ئیدیۆمێکی وەك (دڵپیس)، کە واتاکەی لە (بەگومان)دا چڕدەبێتەوە، وا بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کوردە بۆ وشەی (دڵ)، ئەمەش وەك حەقیقەتێك لە یادگەی قسەپێکەرانی کورددا هەڵگیراوە و گەنجکراوە، بەم پێیەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئیدیۆم وەك مەعریفەی پێشین دەناسێنین.

مەرج نییە هەموو ئیدیۆمەکان هەڵگریی بڕێك لە کۆزانیاریی کولتووریی بن، بەڵکو تەنها ئەو چەشنە ئیدیۆمانە بە هەڵگری مەعریفەیەکی پێشین دەناسێنین، کە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکەری دیاردەیەکی کولتووریی بێت، نەك وەسفێکی درکپێکردنانە

بێت بۆ شتێك، بۆ نمونە ئیدیۆمێكی وەك (پێڕەش) بە پێی كولتووری كورد بە تایبەتی بۆ دیاریكردنی ئەو ئافرەتانە گوتراوە، كە دوای هاوسەرگیرێتیان و گواستنەوەیان، ئەگەر ماڵە خەزوورانیان دووچاری مەرگەساتێك یان كارەساتێك بوو بێتنەوە، ئەوا هۆكاری ئەم نەهامەتییەیان بۆ هاتنی بووكەكەیان گەڕاندۆتەوە، یاخود بە كۆرپەیەك گوتراوە كە لەگەڵ هاتنە دنیایەوە كارەساتێك ڕووی دابێت بەپێڕەش یان وەیشومە وەسف كراوە، ئەم كۆزانینە دەبێتە مەعریفەیەكی پێشین، وەڵێ لە ئیدیۆمێكی وەك (دەستكورت)، كە هەڵگری چەمكی هەژارێتی و بۆ وەسفكردنی مرۆڤێكی نەدارە، هەڵگری مەعریفەی پێشین نییە.

مەبەست لە پرۆپۆزیشن، یان ڕستە-ناوەڕۆك، ناوەڕۆكی ڕستەكانە، كە دەشێت ڕاست، یان هەڵە بێت، ڕاست و هەڵەیی پرۆپۆزەیشنەكان پەیوەستە بە: ١. بوون و نەبوونی شتەكان لە واقیعدا، ٢. پەیكاڵبوون و پەیكاڵنەبوونی ڕووداوەكان بە واقیعەوە. ڕستە-ناوەڕۆك لە پێكەوەهاتنی كرۆكەواتای وشەكان، كە فۆرم-دروست و واتا ڕاست بێت، بەرهەمدەهێنرێت، «James R. Huford, ٢٠٠٧:١٦»، «محەممەدی مەحوی، ٢٠٠٩: ٢٥٠».

بەكورتی؛ ڕستەناوەڕۆك هەڵگری ناوەڕۆكی واتای وشە پێكهێنەرەكانێتی، بەجۆرێك بەشێك بێت لە جیهانی ڕاستەقینەی قسەكەر، بەم پێیە هەر ڕستەیەك هەڵگری پرۆپۆزیشنێكی ڕاستەقینە بێت ئەوا لە هەمان كاتدا هەڵگری مەعریفەیەكی ئەپریۆرییە. «حەمید عەزیز، ٢٠٠٥، ١٣-١٤».

مەبەست لە پەندەكانیش، هەموو ئەو دەربڕاوە كلێشەییانەن، كە هەڵگری بەها و پەند و ئامۆژگارین و پەندێكی دیاریكراویان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، بەم پێیە هاوچەشنی ئەوانی دیكە، خاوەن مەعریفەیەكی پێشینن و پێشتر لە ڕێگەی ئەزموونكردنەوە بەرهەمهێنراون. «بۆ ئیدیۆم و پەند بڕوانە: محەممەد مەحوی، ٢٠٠٩: ١٦٥-١٦٧».

## نموونە لەشیعری هەردوو شاعیر

«١»

بێت و بە نازەوە كە بڵێ مەیلی ڕاو ئەكەم
بۆ دەنكە خاڵەكەی ملی خۆم تووشی داو ئەكەم

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ، لا: ٩٧»

دروستەی شیعریی (١) لەسەر بنەمای ڕستەیەكی پرۆپۆزیشنی لۆجیكی هۆ و ئەنجام بەرهەم هێنراوە، هەڵگەڕانەوەی كۆدە شیعرییەكان بۆ ڕستەیەكی پرۆپۆزیشنی، (بۆ هەر داونانەوەیەك، نێچیرێك هەیە)، ئەمە ڕاستییەكی حەتمییە و بۆ سەلماندنی پێویستی بە ئەزموونكردن نییە، بەمەش شاعیر لەسەر بنەمای ڕاستییەكی حەتمی هۆ و ئەنجام، دۆخێكی سرووشتی مرۆڤ لە پەیوەندییەكاندا دەخاتەڕوو.

«٢»

بەم حاڵە ژین و بەرزی كورد گەرهیوام بێ
شێتم بزانە من كە خەیاڵی پڵاو ئەكەم

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ، لا: ٩٧»

لە دێڕە شیعری «٢»دا، شاعیر بە بەكارهێنانی ئیدیۆمی (خەیاڵپڵاوی)، دۆخی ڕاستەقینەی كورد لە خراپی و شێواویدا، مانەوەی بەردەوامی لەو دۆخەدا، وەك ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگر دەخاتەڕوو، ئەم دێڕە شیعرە هەڵگری لۆجیكی ڕواڵەتییە.

«٣»

نموونەی عەشقی من بوو ئێستە وا مەشهوری دنیایە
ئەڵێن فەرهادی کۆکەن کوشتەیی مۆژگانی شیرینە

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ، لا: ١٤٣»

لە دێڕی «٣»دا، شاعیر بە بەکارهێنانی ئیدیۆمی (عیشقی فەرهادی)، کە واتای هەوڵدانی سەختە بۆ گەیشتن بە ئامانج، زیادەڕۆیی بە هەوڵە فەرهادییەکەیەوە دەکات و وەك سیفەتێکی ڕاستەقینەی کەسێتیی خۆی بەرجەستەی دەکات.

«٤»

زەمانە چونکە خۆی ئەسڵەن بەقای بۆکەس نییە تا سەر
تەماشاکەن کە هەمیشە بۆکەسانی بێ وەفا چاکە

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ، لا: ١٣٣»

لە دێڕی «٤»دا، شاعیر بە پەندێك کۆدە شیعرییەکەی بەرهەمدەهێنێت (زەمانە بەقای بۆ کەس نییە) ڕاستیی ژیان و مردن لە نێو وشەکانی ئەم پەندەدا هەڵگیراوە، بە جۆرێك ئەو هەبووەی لە کاتێکی دیاریکراودا دێتە بوونەوە، لە کاتێکی دیاریکراویشدا کۆتایی فیزیکی پێ دێت و دەوری تەواو دەبێت، کەواتە شتێك نییە بە ناوی مانەوە و بە ناوی دووبارەبوونەوە، (ئەوەی دێت دەبێت بڕوات)، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە، کە لە نێو فۆرمی دێڕە شیعرەکەدا هەڵگیراوە و بە هۆیەوە دەیکاتە بەهانەیەکی واقیعی بۆ لێکدانی دوو مەبەستی جیاواز، لە لایەکەوە درکپێکردنی هاوخەسڵەتیی بێوەفایی زەمانە و بێوەفایی (یار)، لەلایەکی دیش ستایشی عەقڵمەندێتیی (یار).

## ٢/٢ «ئیدیۆم ، پرۆپۆزیشن، پەند» وەك مەعریفەی شیکاریی «ئەنالیتیکی»

ئەگەر ئەم پێکهاتە واتاییانەی ناونیشانی سەرەوە هەڵگری مەعریفەی پێشین بن، ئەوا ئەو حوکمەی لەبارەیانەوە دەدرێت، حوکمێکی شیکارییە، بەو مانایەی ڕاستیی و ڕاستەقینە لە نێو وشەکان و ڕێکخستنی وشەکاندایە، بە جۆرێك بکەر، یان گرێی ناوی، دەبێتە بارهەڵگری بەشە کردارییەکەی ڕستە، بۆ نمونە کاتێك دەوترێت (سوقرات مرۆڤە)، ئەوا ڕاستیی و ڕاستەقینەی توخمی مرۆڤ لەنێو سوقراتدا هەڵگیراوە و لەوێدا وتنی بەشە کردارییەکە هیچ زانیارییەکی زیادە نییە و وا لە وەرگر ناکات بیر بکاتەوە و دونیابینییەکانی فراوانتر بکات.

«٥»

مەنعی ئەحمەد مەکە زاهید کە هەمیشە مەستە
عەفووی ئەو ڕۆژی جەزا سەهلە، خوا غەففارە

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ، لا: ١٣٢»

وشەی (غەففار) لە دێڕە شیعریی «٥»دا، یەکێکە لە ناوەکانی خودا و گەڕانەوەی بۆ ڕستە پرۆپۆزیشنەکەی (خوا غەفارە) دەبێتە هەڵگری چەمکی لێبوردەیی و مەعریفەیەکی بەدیهیی میتافیزکییە، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەم مەعریفەیە جگە لەوەی مەعریفەیەکی پێشینە، لە هەمانکاتدا لەناواخنیدا مەعریفەیەکی یەقینی میتافیزکیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە، لەبەرئەوە حوکمی عەقڵ لێرەدا حوکمێکی شیکارییە و مرۆڤ وابەستەی دونیابینییەکی قوڵ و فراوان ناکات.

هەواڵنامەی کتێب

«٦»

ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەرقسەی ڕووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ، لا: ١٤٥»

پەند و ئیدیۆم-ئاسای (قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە)«٤»، لە دێڕە شیعری «٦»دا شاعیر وەك بەڵگەیەکی لۆجیکی بۆ نائومێدبوون لە بەڵێنەکان، کە بەرامبەر بە کورد دراوە، بە کاری دەهێنێت، ئەمەش وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دەیخاتە گۆڕەپانی مێژووەوە.

«٧»

بە موئمین چی، سەقەر، دۆزەخ، جەهەننەم
مەقامی ڕووسیان و ڕووسییانە

یەکێك لەوڕستە پرۆپۆزیشنانەی ڕاستیی و ڕاستەقینە لە نێو بەشە بکەریەکەیدا هەڵگیراوە و بە هۆیەوە حوکمەکە دەبێتە حوکمێکی ئەنالیتیکی، ڕستەی پرۆپۆزیشنی تۆتیۆلۆجییە، لە نیوە دێڕی «٧»دا، (ڕووسی هەر ڕووسییە)، کە ڕستەیەکی تۆتیۆلۆجییە، بەپێی یەکێك لە لێکدانەوەکان حوکمی عەقڵ حوکمێکی ئەنالیتیکییە، واتە شاعیر بە حوکمێکی ئەنالیتیکی، پەسنی دزێوی کەسێتیی ڕووسیایی دەکات، بەو واتایەی، ڕووس لە هەر مەقام و پێگەیەکدا بێت، هەرڕووسە.

«٨»

هەرخۆشی کە دیبووم لەمەوپێش، هەمووی خەوبوو
شادی و فەرەحم گشتی بە فیدای قەدی ئەوبوو
دەرمانی جگەری سوختە بە ئەوبوو

«دیوانی تاهیربەگ، لا: ١٠١»

لێرەدا دەربڕاوی ئیدیۆمی (هەموو شتێك خەو بوو) لە دێڕە شیعری «٨»دا، چەمێکی حەقیقەتئاسای لەنێو فۆرمەکەیدا لە نەبوونی ڕاستیی و ڕاستەقینەی کاردانەوەی ناوەکی شاعیر هەڵگرتووە، کە بەهۆیەوە عەقڵ حوکمی ئەنالیتیکی بە تەواوی پەیامە شیعرییەکە دەدات.

### ٣/٢ میتافۆر وەك مەعریفەی پاشین

مەعریفەی پاشین، ئەو جۆرە مەعریفەیەیە، کە بۆ ڕاستیی و درووستی، پێویستی بە ئەزموونکردنە و هەستەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەم ئەزموونکردنەدا هەیە، بۆیە ناتوانرێت بە یەك مەرجی هەواڵی تەواو بکرێت، هەروەك گریمانە و پرۆپۆزیشنەکانی زانستە ڕیالیستییەکان وەك فیزیك، شت دەربارەی بابەتەکانی دەوروبەر دەڵێن‌و پێویستیان بە ساغکردنەوەیە، ئەگەر ڕاست بوون دەمێنێتەوە، ئەگەریش نا، لە جیهانی زانست دووردەخرێنەوە. «حەمید عەزیز، ٢٠٠٥، ١٣-١٤»، «کرستوڤەر، ٢٠١٢: ٥٠-٥٥».

میتافۆر، پێکهاتەیەکی واتاییە، کە بە هۆی درکپێکردنەکانی مرۆڤەوە بۆ پەسنی ناوێك، یان شتێك بە ڕێگەیەکی ناڕاستەخۆ بەکۆدەدەکرێت‌و بەرهەمدەهێنرێت، هەندێکجار سیفەتی لێکچوون لەنێوان دوو شتدا دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانەکەو هەندێکجاری دیکەش، زیرەکی‌و وابینی‌و دنیادیدەیی‌و قوڵیی بیرکردنەوەی قسەکەر، ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی میتافۆرەکەدا دەبێت «بڕوانە: Evans, V. & Green, M. ٢٠٠٦ ٢٨٩»، کە ئەمەش بەگشتی ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی چەمکی شیعریدا دەبێت و شاعیر لە بونیاتنانی درووستەی شیعریدا پشتی پێ دەبەستێت.

هەواڵنامەی کتێب

«٩»

وتم قوربانی تۆبم لادە زوڵفی خۆت لەسەررووخسار
وتی بۆپاسەوانی گەنجی وا هەرئەژدەها چاکە

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ: ١٢٣»

وشەی ئەژدەها لە دێرە شیعری «٩»دا بە شێوەی میتافۆر و درکپێکردنی شاعیرە بۆ وەسفی زووڵفی یارەکەی، نەك تەنها ڕەنگی ڕەشی ئەژدەها، بەڵکو پتر لەوە خەسڵەتی سامێتیی ئەژدەهای بۆ زوڵفی یار گواستووەتەوە و لەمەشەوە شاعیر زەمینەی لێکدانەوەیەکی پتر بە خوێنەر دەبەخشێت، کە دەتوانێت لە ڕێگەی ئەزموونکردنی زهنییەوە بە واتاگەلێکی دیکەی پەیوەندیی هەردوو وشەی (ئەژدەها و زوڵف) بگات. بەمپێیە مەعریفەی پاشین، دەرگای مێشك بۆ دیکۆکردن و لێکدانەوەی جیاواز والادەکات.

«١٠»

بە خەتا چووبوو خەتای کرد بە خودا موشکی خەتا
هاتبوو لافی لەگەڵ پەرچەمی تۆدا لێدا

«دیوانی ئەحمەد موختاربەگ: ٥٧»

موشکی خەتا، چەشنە بۆنێکە لە چەوریی ناوکی جۆرە ئاسکێك لە شاری خەتای چین دروست دەکرێت، ئەمە بریتییە لە مەعریفەیەکی پێشین، وەلێ شاعیربە بەکارهێنانی وەك میتافۆرێك دەیکات بە مەعریفەیەکی پاشین و مێشکی خوێنەر چالاك دەکات بۆ ئەزموونکردنی پەیپێبردنی پەیوەندییەکانی نێوان (موشکی خەتا و پەرچەمی یار)، دواتریش بەرجەستەکردنی زیادەڕۆییەکی ڕواڵەتییانەی بۆنی خۆشی موشکی خەتا و بۆنی پەرچەمی یار، کە لە ناوەڕۆکدا پیشاندانی سەرسامییە بە نیگارەکانی ئەفرێنەرلە هەردوو باری گەڕانەوەی بۆنەکە بۆ ئافریدەیەکی خودا، کە ئاژەڵەکەیە و پەرچەمی یار، کە مرۆڤەکەیە.

«١١»

نەماوە شاری بابل چاهی هارووت
لە کوێ خوێندوویە ئەفسوون چاوی جادووت

«دیوانی تاهیربەگ، لا: ٣٨»

مەعریفەی پاشین لەدێرە شیعری «١١»دا، ئەو پەیوەندیی و پەیوەستەگییەیە کە لەنێوان (یار و شاری بابل و هارووت)دا هەیە، بەجۆرێك بەکارهێنانی میتافۆریانەی (چاوی یار بە جادووی هارووت و ژنانی ئەو دەمەی بابل)، بیر و ئەندێشەی خوێنەر تەنها بۆ لایەنی لەیەکچووی جادووی هارووت نابات، بەڵکو پتر لەوە ڕۆدەچێتە نێو دەقە شیعرییەکەوە تا پەی بە خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئەزموونەکانی شاعیر بەرێت لە درککردن و دۆزینەوەی بەستەری یار و بابل و هارووتدا، بەمەش هەم دونیای ئەزموونی شاعیر فرە ڕەهەند وێنادەکرێت و هەم حوکمی عەقڵیش تێیدا حوکمێکی سێنسغتیکی دەبێت، چونکە بیرکردنەوەی خوێنەر پەیوەست بە دونیایەکی بەرفراوانتر و ئەزمەگەلێکی پتر دەکات.

**٤/٢ حوکمی سێنسیتیکی لە شیعردا**

لێرەدا بار دەکەوێتە دەرەوەی بارهەڵگر، بەڵکو بەبێ شوناس پێوەی بەستراون، کە لای کانت ئەم حوکمە حوکمێکی فراوانکردنە، لەبەرئەوە حوکمی سێنسیتیکی ئەوجۆرانەیە، کە بەهۆی ئەو بار یان بەشەکردارییەکەوە دەدرێتە پاڵیان و بە هۆی ئەو چەمکانەوە، کە گوزارشت لە بار دەکەن، وا دەکەن بیر بکەینەوە، بەمەش مەعریفەی زیاترمان لە بارەی خودی شتەکەوە دەست دەکەوێت. بۆ نموونە کاتێك دەوترێت

هەواڵنامەی کتێب

سوقرات فەیلەسووفە، ئەوا بەشە کرداریەکەی کە (فەیلەسوفە)ە، لە دەرەوەی بەشە بکەریەکەیدایە، بەو واتایەی فەیلەسوفبوون خەسڵەتێکی سرووشتیی سوقرات نییە، بەڵکو بۆ (سوقرات) دەشێت بەدەستهاتوو بێت، یاخود دوور بێت لە ڕاستەقینەوە، بۆ ئەوەی شوناسی ئەمە بدۆزرێتەوە، عەقڵ حوکمێکی سێنسیتیکی دەدات و وەرگر ناچار بە گەڕان بە دووی ڕاستییەکاندا دەکات، ئەم گەڕانەش یان لە ڕێگەی هەستەکانەوە، یاخود لە ڕێگەی عەقڵەوە دەستەبەردەبێت.

«١٢»

بە موئمین چی، سەقەر، دۆزەخ، جەهەننەم
مەقامی ڕووسیان و ڕووسییانە

وەك پێشتر لە حوکمی ئەنالیتیکدا ئاماژە بەم نیوە دێڕە درا، کە لە یەکێك لە لێکدانەوەکانیدا عەقڵ پەیوەست بە حوکمە ئەنالیتیکییەوە دەکات وەك لە ڕاڤەی ژمارە «٧»دا خرایە ڕوو، وەلێ لە لێکدانەوەیەکی دیکەدا کەمتر هێزی ڕاستەقینەی تێدا بەدی دەکرێت، چونکە لەبری ڕستەیەکی پرۆپۆزیشنی، ڕستەیەکی گوماناوی بەرهەمهێناوە، کە پێویستی بە سۆراغ و ساغکردنەوەیە، شاعیر لەو نیوە دێڕەدا دەڵێت (جێگەی ڕوسیەکان ڕوورەشییە)، ئەم ڕستە گوماناوییە، عەقڵی خوێنەر ناچار بە حوکمێکی سێنسیتیکی دەکات و وای لێ دەکات بە دوی هۆکاری ڕوورەشیی ڕووسیەکاندا وێڵ بێت.

«١٣»

یاران فەرهادم یاران فەرهادم
جانشین خاس قەوم فەرهادم

«دیوانی تاهیربەگ، لا: ٤٧»

لەم شیعرەدا کە میتافۆریانە داڕێژراوە، تێیدا حوکمی عەقڵ بۆ کۆی شیعرەکە حوکمێکی سێنسیتیکییە، چونکە بوون بە فەرهاد لە دەرەوەی بوونی «شاعیر»دایە، بۆ ئەوەی خەسڵەتەکانی فەرهاد لە بونیادی کەسێتیی شاعیردا پەی پێ ببرێت پێویستی بە تێڕامان و لێوردبوونەوە و دۆزینەوەی خاڵە لێکچوو، جیاواز و دژەکانە، بەمەش بیرکردنەوەی خوێنەر پێویستی بە کەرەستەی زیاترە تا بگات بە حەقیقەتی وێنەکە.

**ئەنجام**

شیکردنەوەی دێڕە شیعرەکانی هەردوو شاعیر ئەحمەد موختار بەگی جاف و تاهیر بەگی جاف، بەپێوەری مەعریفەی پێشین و پاشین و حوکمی ئەنالیتکی و سێنسیتیکی، پەیوەستە بە چەندێتی بەکارهێنانی پێکهاتە واتاییەکانی وەك کرۆکەواتا، پرۆپۆزیشن، ئیدیۆم، پەند، میتافۆر، میتۆنیمی، ئەمەش هەم دەرخەری ئەزموونی مەعریفی و هەم دەسەڵات شکانەوەی شاعیرە بەسەر زمانەکەیدا.

ئەنجامی ئەم باسە لەوەدا پوخت دەکەینەوە، کە دونیابینی و ئەزموونی مەعریفی شاعیر ڕۆڵی لە هەڵبژاردن و بەستنەوەی چەمکە زمانییەکان بۆ دروستکردنی نەخشەی شیعریی نوێ نەك گوتاری مەعریفی هەیە، لەمەشدا بەپێی لێکۆڵینەوەکە نەخشەی شیعریی بەپێی مەعریفەی پێشین و وابەستەکردنی عەقڵی خوێنەر بە حوکمی ئەنالیتیکی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە پێکهاتە میتافۆری و ئیدیەمییەکان لەنێو دێڕە شیعرەکانی هەردوو شاعیردا هەم لە مەعریفەیەکی

پێشین و هەم لە مەعریفەیەکی پاشینەوە سەرچاوەی گرتووە، بەمەش جۆرە حوکمێکی دیکە لە شیعردا پێشبینی دەکرێت کە حوکمی سێنسیتیکی کرۆکەواتا و پرۆپۆزیشن و پەند و ئیدیۆمەکانە، بۆیە ئەنجامی ئەم باسە بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

## پەراوێزەکان

«١» تیۆری مەعریفە، یەکێکە لە لقە فەلسەفییەکان، کە فەیلەسووفەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە دووتوێی بابەتە فەلسەفییەکاندا بە گشتی وروژاندوویانە، بەڵام باسکردنی وەك تیۆرێکی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆك، کە لە کۆتایی سەدەی ١٧ ساڵی ١٦٩٠ لە ژێر ناوی (دەروازەیەك لە تێگەیشتنی مرۆڤایەتی)، بڵاوی کردەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەی جۆن لۆك بە یەکەم سەرچاوەی زانستی دادەنرێت، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بنەڕەتی مەعریفە، ماهییەت و سنوور و پلەی یەقینی مەعریفەی لە خۆ گرتبێت، ئەم تیۆرە بە گشتی لە سرووشت و دیدگا مەعریفییەکان دەکۆڵێتەوە و گەورەترین جەدەلیش لەم لقە فەلسەفییەدا، بریتییە لە شیکردنەوەی سرووشتی مەعریفە و پەیوەستکردنەوەی بە هێما و زاراوەکانی وەك ڕاستەقینە، عەقیدە، هۆیی.

«٢» زاراوەی کۆزانیاریی بە بواری درکپێکردن و زاراوەی مەعریفە بە بواری فەلسەفەوە بەستراوەتەوە، بەو پێیەی کارەکەمان لە بواری فەلسەفەدایە، بۆیە تەنها زاراوەی مەعریفە بە کار دەهێنین، لە کوێشدا پەیوەستمان کرد بە درکپێکردنەوە، زاراوەی کۆزانیاریی بەکاردەهێنین، وێڕای ئەوەش کۆزانیاریی/ مەعریفە وەك زاراوەیەك لە هەردوو بواری زمانەوانیی و فەلسەفەدا بە مانای هەموو ئەو زانیاریی و کارامەیی‌یو پەسن و ڕاستییانە دێت، کە لە ڕێگەی شارەزایی و فێربوونەوە بە دەست دەهێنرێن، لە بواری زمانەوانیدا باوترین ڕێباز، کە جەختی لە جۆری کۆزانیارییەکان لە زمانپژان و بەرهەمهێنان و ئیستیعابکردنی زماندا کردبێتەوە، ڕێبازی چۆمسکییە و ئەمەش بووەتە بنەمایەکی بەهێز چ بۆ ڕەخنەگرتن، یان بۆ فراوانکردنی ئەم بۆچوونەی چۆمسکی لە پێکەوە بەندکردنی زمان و بیر و دونیادا. لە بواری فەلسەفەشدا تیۆری مەعریفە ئەو لقە فەلسەفییەیە کە لە خودی مەعریفە دەکۆڵێتەوە.

«٣» بەپێی ئەو بۆچوونەی کە مەعریفە پەیوەستە بە دەرونزانیی و لۆجیکەوە و بە تایبەتتر ئەو بۆچوونەی، کە مەعریفە بە دەرونزانییەوە دەبەستێتەوە، لەوەدایە کە دەروونزانیی، ڕاڤەی کردە عەقڵییەکان لە ڕێگەی کردە هەستەکییەکان و درکپێکردن و بیرکردنەوە و وێناکردن و ئاگادارکردنەوە و بیرهێنانەوە و ڕێکخستنی نێوان هەموو ئەوانە بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە ئەکات، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لە مەعریفە، بە لقێکی دەروونزانیی لە قەڵەم دەدەن.

«٤» ئەم فۆرمە (قسە ناچێتە گیرفانەوە) بەپێی کتێبی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردیی مامۆستا جەلال تەقی، بە پێکهاتەی واتایی ئیدیۆم هەژمارکراوە، وەلێ بەپێی ئەو خەسڵەتە ئاکارییەی لەنێو کرۆکی فۆرمەکەدا دەبینرێت وەك پەند لێکدەدرێتەوە، بۆیە لەنێو ئەم باسەدا ئەم فۆرمە بە پەندی ئیدیۆم-ئاسا ئاماژەی بۆ کراوە.

## سەرچاوەکان


١. ئیمانیۆل کانت، و: سۆران عومەر حەمە، ڕەخنەی عەقڵی پەتی، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، ٢٠١٤، کوردستان.
٢. تریفە عومەر، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، دکتۆرا، ٢٠١٣، زانکۆی سلێمانی.
٣. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، لێکدانەوە و پێشەکی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی ٢٠١٦.
٤. دیوانی تاهیربەگی جاف، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی حەسەن گۆران، دەزگای ڕۆشنبیریی گۆران، ٢٧١١ کوردی.
٥. حەمید عەزیز، بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٥، هەولێر.
٦. محممەدی مەحوی، زانستی هێما و هێما- واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووهەم، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠٠٩، سلێمانی.
٧. فهد بن عبدالله الچویحی، إداره المعرفه فی المکتبات ومراکز المعلومات : النظریه والتطبیق، سبراریەنس جۆرنال، العدد ٢٠، سبتمبر ٢٠٠٩.

Evans, V. & Green, M. Cognitive Linguistics An introduction, 2006, Edinburgh University press.
David Crystal, A dictionary of linguistics & Phonetics, fifth edition, 2003, Blackwell publishing.
James R. Huford, Semantics, 2nd edition, 2007, Cambridge university press.
John Lyons, Linguistic Semantics an introduction, 1996, Cambridge university press.
Nonako. I& Takeuchi. H, The knowledge creating company, Newyourk, oxford university press.
http://www.journal.cybrarians.org/index.php?option=com_content&view=article&id=457:2011-08-11-22-22-29&catid=133:2009-05-20-09-50-11&Itemid=61
Chris Kimble، Knowledge management, codification and tacit knowledgevol. 18 no. 2, June, 2013
http://www.informationr.net/ir/18-2/paper577.html#.V5QLiBKy4Yg


هەواڵنامەی کتێب



# چەند سەرگوزشتەیەکی خانمی وەسمان پاشای جاف



عیرفان جاف

هەواڵنامەی کتێب

ئەم خانمە، کچی قادر بەگی مەحموود بەگی ئەحمەد بەگی گەورەیە، ئەحمەد بەگ یەکێک بووە لەدوانزە سوارەی مەریوان و لەبەر ئازایەتی و دلێریی؛ ناویان ناوە ساحێبقران واتە «خاوەن نگین». وەکو د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ؛ لەنووسینێکیدا ئاماژەی پێ کردووە، ڕەچەڵەکی دایکی عادیلەخانمی گەڕاندوەتەوە بۆ بنەماڵەی «وەزیری»، کە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری سنە بوون لەو سەردەمەدا. بە پێی سەرچاوەکان، خانم ساڵی ١٨٩٥، بووەتە خێزانی وەسمان پاشای جاف و هاتووەتە شاری هەڵەبجە.

ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ناوداربوونی ئەم خانمە لەم مێژووەوە دەست پێدەکات، هەر زوو لەناو جاف و شارەزووردا لێهاتوویی و کارامەیی بەدەرکەوت لەهەموو بوارەکاندا: دلێریی، سەخاوەت، ژیریی، ئیداریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بازرگانی... لەهەموو بوارەکاندا ئەسپی خۆی تاو داوە و سەرکەوتووش بووە.

عادیلەخانم بە ماوەیەکی کەم پاش تەواوبوونی کۆشکە ناوازەکەی وەسمان پاشای جاف لەشاری هەڵەبجە، بووە خانمی یەکەمی ئەو کۆشکە و دەسەڵاتی خۆی تێدا چەسپاند، پاشان بە لێهاتوویی خۆی توانی ئەو دەسەڵاتەی لەکۆشکەوە بەرێتە دەرەوە بۆ ناو جاف بە گشتیی و شاری هەڵەبجە بەتایبەتی.

لەسەردەمی ئەم خانمەدا بە هۆی پەیوەندیی بەهێزی بە دەسەڵاتدارانی شاری سنەوە، شاری هەڵەبجە ئاوەدانیی و بەرەوپێشچونی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لەبواری بازرگانیی و ئاوەدانییدا... لەبواری خێزانداریشدا دوو کەڵەشاعیری گەورەی پێشکەش بە گەلی کورد کرد کە هەتاهەتایە ئەم دوو دەنگە هەرباقیین و ناویان وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار بە ئاسمانی ئەدەبی کوردییەوە دەدرەوشێتەوە، کە ئەوانیش تاهیربەگ و ئەحمەد موختاربەگی جافن.

ئاشکراشە کەسایەتی سیاسیی و ئیداریی عیزەت بەگی وەسمان پاشا لەمێژووی شاری سلێمانییدا تۆمارە، هەم وەک سەرۆک شارەوانی ئەو شارە و هەم وەک کەسایەتییەکی نزیک لەشێخ مەحموود و شۆڕشەکەی.

گومانی تێدا نییە ئەم خانمە لەم پێگەیەدا بووبێت و خاوەنی دەسەڵاتی مادیی و مەعنەویی بووبێت، ژیانی هەروا سادە نەبووە، بێگومان پڕ بووە لەسەرگوزشتە و چیرۆکی هەمەجۆر، بەڵام بە داخەوە نە لەکاتی خۆیدا و نە دوای خۆی گرنگیی نەدراوە بە نووسینەوەی مێژووەکەی! بە مەرجێک بنەماڵەی خانم هەموو خوێندەواربوون. بە هەرحاڵ لەو سەرچاوانەی کە باس لەمێژووی هەڵەبجە و جاف دەکەن و ناوی خانمیان تێدا هاتووە؛ زۆرکەم و دەگمەنن.

هەندێک سەرگوزشتەی خۆشی خانم لەگەڵ شاعیری ناوداری کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی تۆمار کراوە کە لەدیوانەکەشیدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، هەندێکی دیکەش دەماودەم لەناو جاف و شارەزووردا دەگێڕدرێنەوە و وەک نموونە لەسەرزاری پیاوە کۆنەکان ماوەتەوە کە زۆرکەمن، ناکرێت خانمێکی دەسەڵاتداری ناوچەیەک کە پەیوەندیی لەگەڵ هەموو دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە و دەوروبەریدا هەبووبێت کەچی ژیاننامە ڕاستەقینەکەی ون بێت.

ئەو لایەنانەی کە ئاماژەمان پێدا لە«ژیریی و ئیداریی و سیاسیی و بازرگانیی و بگرە جوانییش کە خانم لەوەشدا سەرامەد بووە»؛ بۆ هەریەک لەم بابەتانە نموونە لەبەر دەستن، لەهەندێک سەرچاوەدا ئاماژەیان پێ کراوە و باس و خواسی لەسەر کراوە. ئەگەر خوێنەر پێی خۆش بوو، لەکۆتاییدا ئاماژە بەو سەرچاوانە دەدەم کە باسی خانمیان کردووە، لەو بوارانەدا کە باسمان کردن. پێم خۆشە لێرەدا چەند سەرگوزشتەیەک ئاماژە پێ بدەم کە پێم وایە نەبیستراوە ولەوسەرچاوانەشدا نەمدیوون کە باسی عادیلەخانمیان تێدایە؛ بەو هیوایەی چێژی لێ ببینن و مێژووی ئەم خانمەش

هەربە گەشاوەیی بمێنێتەوە.

عادیلەخانم بە حوکمی ئەوەی خۆی لەشاری سنە بووە وکەسوکاریشی دەسەڵاتداربوون لەوێ، توانیویەتی لەهەردوو بەشی ئەردەڵان و شارەزوور و ناو جافدا، بە شێوەیەکی باش دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و وەک حاکمێک حوکم بکات لەناوچەکەدا، بۆ پاڵپشتیی ئەم قسەیە ئاماژە دەکەم بە تەمبێکردنی «فەقێ حەسەن ناوێک»؛ کە خەڵکی شاری سنە بووە، ئەم کابرایە لەشاری سنە سووکایەتی بە شاعیری ناوداری کورد «شێخ ڕەزای تاڵەبانی» دەکات کە دۆست و نزیکی ماڵی وەسمان پاشا بووە و لەگەڵ خانمیشدا پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبووە، لەسەر ئەم کردارەی خانم سزای توندی فەقێ حەسەن دەدات، سزاکەشی لەسنووری دەسەڵاتی خۆیدا جێبەجێ دەکات و دەیهێنێتە شارەزوور و تا سزاکەی تەواو نەبووە نەیهێشتووە بگەڕێتەوە بۆ شاری سنە. ئەمە نیشانەی دەستڕۆیشتوویی خانم دەگەیەنێت لەهەردوو بەری عێراق و ئێران.

عیزەت بەگی عەلی بەگی جاف، کە یەکێکە لەبەگزادەکانی تیرەی بارام بەگی جاف، لەبارەی حوکمی خانمەوە دەگێڕێتەوە: «وێژە» بەو قایشە یان چەرمە دەوترێت کە دەکرێتە سەر پشتی گاجووت و هۆکارە بۆ بەستنەوەی دوو گاجووت بەیەکەوە... دیارە لەکاتی خۆیدا ئەم وێژەیە بەقیمەت بووە و پێویستیەکی گرنگ بووە و ئاسان دەست نەکەوتووە... ڕۆژێک چەن جووتیارێک ئەم وێژەیە لەسەرزەوی جێ دەهێڵن و کاتێک دەڕۆنەوە بۆ جووت سەیر دەکەن نەماوە و گومانیان بۆ ئەوە دەچێت چەقەڵ بردبێتی، دیارە چەقەڵەکە سابیقەی هەبووە لەبردنی ئەم چەرمەدا، بۆیە وتوویانە چەقڵ خواردوویەتی و بەوەندە وازیان هێناوە و هیچیان نەکردووە، بەڵام کاتێک ئەم باسە دەگاتەوە لای خانم، زۆر توورە دەبێت و دەڵێت مادام ئەوەندە ئیهمالن، دەبێت ئەوچەقەڵە بدۆزنەوە وسکی هەڵبدڕن ووێژەکەی تێدا دەربێنن، ئیتربەوجۆرە دەبێت کە خانم داوای دەکات، کوون بە کوون بە دوای چەقەڵدا دەگەڕێن تا دەیدۆزنەوە ودەیگرن ووێژەکە لەسکی دەردەهێنن.

لەبارەی ژیانی شاهانەی ئەم خانمە و ژنە بەگزادەکانی جافەوە، کاک نووری مەلا حەسەنی بەزاز بۆی گێڕامەوە و دەڵێت: «منداڵ بووم و وەک شاگرد ڕۆژانە لەگەڵ باوکم -بە ڕەحمەت بێت- دەچووم بۆ دووکان لەقەیسەریی حامیدبەگ، هەموو جارێک دەمبینی هەر تۆپە قوماشێکی تازە بهاتایە یەکسەر دەیانبرد بۆ ماڵی وەسمان پاشا و دواتر دەیان هێنایەوە بۆ دووکان، منیش ڕۆژێک لەباوکمم پرسی ئەوە ئەو قوماشانە بۆ کوێ دەبەن؟، باوکیشم فەرمووی کوڕم هەر لەسەردەمی عادیلەخانەوە هەر قوماشێکی ژنانەی تازەمان بۆ بێت لەپێشان ئەوان سەیری دەکەن، ئەگەربەدڵیان بوو ئەوە هەرلەماڵەوە لێی هەڵدەگرن وباقییەکەی دێنینەوە بۆدووکان...»

کاک نووری دەشیوت: «ئەوکاتەی من فامم کردەوە خانم لەژیاندا نەمابوو، بەڵام باقیی خێزانی ماڵی وەسمان پاشا وژنە بەگزادەکان لەکۆشک کۆ دەبوونەوە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، تا وای لێهات کاتێک قوماشەکانیان بۆ ماڵی پاشا دەبرد؛ منیش دەچووم، بەڵام هیچم نەدەکرد، بەس سەرنجی دەوروبەرو خەڵکی ناو کۆشکەکەم دەدا، چونکە لەهیچ شوێنێکی تری هەڵەبجە کۆشکی وای لێ نەبوو، بۆ من زۆر جێگەی سەرنج بوو، پاشان کە وام لێهات بتوانم قوماش گەز بکەم و حساب وکیتاب بکەم، ئیترخۆم بە تەنها دەچووم و قوماشە تازەکانم دەبرد بۆ ژوورە تایبەتییەکانی خانمە بەگزادەکانی ناو کۆشک، ژوورەکانیان تەختەبەند بوو، واتە بە بەرزی نیومەتر زیاتر، وەک ژووری نووستنی ئێستە، بەڵام ئەم پڕ بە پڕی ژوورەکە تەختەڕێژ بوو و دەبوو بە بەرزیی دوو سێ قادرمە سەرکەویتە سەری، پاشان ناو ژوورەکان ڕازابووەوە بە فەرشی گرانبەهای ئێرانی و بەدەوردا پاڵشت و سەرین دانرابوو، خانمەکانی

ناو ئەم شوێنە هەمیشە خزمەتکاریان لەدەور بوو و لەبەر ئەوەی من منداڵ بووم کە ئەڕۆشتم هیچ خۆیان تێک نەئەدا شانیان لەسەر پشتییەکانیان دادەدا و خزمەتکار خزمەتی دەکرد و ئەوانیش لەوپەڕی عەیش و سرووردا بە جوانترین شێوازی جلوبەرگی کوردەواری و بە سەرووپێچی جافیانەوە، هەندێکیان بە پەنجە بلوورینەکانیان جگەرەیان ئەکێشا کە نموونەی ئەم جوانییەیان تیکرار نابێتەوە. پاشان لەتۆپە قوماشەکان ورد دەبوونەوە و هەرکەس هەرچی بە دڵ بووایە ئاماژەی بۆ دەکرد و منیش بۆم جیا دەکردەوە، لەناو کۆشک هەمیشە میوانی لێبوو، میوانەکانیش بەهەمان شێوە هەرچییەکیان بە دڵ بووایە بۆم جیا دەکردنەوە، بەڵام حیساب و کیتاب پەیوەندیی بە منەوە نەبوو. ئەو دیمەنانە هەمیشە تیکرار دەبوونەوە، بەڵام هەرگیز و بە ئێستەشەوە لێیان تێر نەئەبووم، بۆ من هەمیشە چێژبەخش بوون، بە تایبەت ناو کۆشک، زۆر ناوازە بوو، بەداخەوە کە وێران بوو. بە هۆی ئەو بارە ناهەموارەی کە ئەم شارەی گرتەوە، ئەویش بووە قوربانیی، هەرچەند کەمتەرخەمی زۆریش کرا لە ئاوەدانکردنەوەی».

هەر بە تەنیا عادیلەخانم لەناو جافدا دەسەڵاتدار نەبووە، بەڵکو زۆر ژنی دیکە هەن کە لەبوارە جیاجیاکاندا خاوەنی ناو و ناوبانگ بوون. بۆ نموونە: ئامینەخانی خێزانی بارام بەگی جاف؛ بەشی بارام بەگی لەناو جافدا بە ناوی ئەم بارام بەگەوە هاتووە، بەهۆی ئەوەی بارام بەگی جاف پیاوێکی لێهاتوو و ناودار بووە و خێزانیشی ئامۆزای خۆی بووە، واتە ئامینە خان کە کچی قادر بەگی کەیخەسرەوبەگی جاف بووە، ئەم ئامینە خانە بە سەید فەتاحی جەباری دەڵێت: سەید تۆ چی دەکەیت وا هەر بەملا و ئەولادا دەسوڕێیتەوە، وەرە با من بانەبۆرت* بدەمێ بۆ خۆت و ئاوەدانی بکەرەوە و تێیدا دابنیشە. لەجوابیدا سەید فەتاح دەڵێت: ئامینەخان بانەبۆر پیاوی وەک بارام بەگی دەوێت بە لاتێکی وەکو من چۆن ئاوەدان دەکرێتەوە، ئامینە خانیش دەڵێت دە بڕۆ هەر لاتبە بۆ خۆت... جا ئەم ئامینە خانە، میانی لەتەک مەولەوی شاعیری گەورەی کورد، زۆر خۆش بووە، چونکە ئامینە خانم بۆ خۆشی شاعیرە بووە**.

لەم نموونانەمان زۆرن لەناو جافدا، بەڵام ئەوەی عادیلەخانم جیا دەکاتەوە لەخانمەکانی تر ئەوەیە

کە خانی وەسمان پاشا لەهەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بووە و توانیوەتی سەرنجی دەورووبەر بە لای خویدا ڕابکێشێت، هەر ئەمەش وای کرد لەقەبی (خانبەهادوور)ی پێ ببەخشن لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژیانی عادیلەخانم؛ خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن ئەم سەرچاوانە بخوێننەوە:

لاپەڕەیەک لەمێژووی هەڵەبجە، نووسینی: بەکر حەمە صدیق.

عادیلەخانم؛ کەسایەتیی و ئەردەڵانییبوونی و...، نووسینی: عادل صدیق عەلی.

مێژووی هۆزی جاف و تیرەکانی، نووسینی: مەحموود عەزیز حەسەن.

ئەحمەد موختار؛ شاعیر و مرۆڤ؛ دوو بەرگ، نووسینی: عبدالکریم حەمید عبدالکریم

تەئریخی جاف، نووسینی: کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف.

دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەکردنی: ئومێد کاکە ڕەش.

هەڵەبجە؛ ١٨٨٩–١٩٣٠، نووسینی: عادل صدیق.

* بانەبۆر، یەکێک بووە لەوگوندانەی موڵکی بارام بەگی جاف بووە.

** بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ئامینە خانی خێزانی بارام بەگی جاف، بڕوانە وتارێکی د. حەسەن جاف لەژێر ناونیشانی: «ئامینەخانی سەردار و مەولەوی و چەند سەرنجێک، ڕۆژنامەی عێراق، ژ. ١٠٢٧٩٦، نیسانی ١٩٨٥.

KURDISTAN, HALABJA

2019

شێرکۆ خانزادی

GRAPHIC DESIGNER